٤٤٥١

ژمارە ( ٦ ) کانوونی دووەم ٢٠١٠

# زمانناسی

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان


شێوەزاری هەولێر هەوڵێك بۆ ستاندەرێکی نوێ

سەلام ناوخۆش

پڕۆژەی (مەدی) بۆ پتەوکردنی زووان (زمان)ی کوردی

رۆژگار مام حەمید

ڕستەی شوێنکەوتوو لەزمانی کوردیدا

بازیان محێدین

هەندێ مەسەلەی بنچینەیی لە لێکۆڵینەوەی زمانی ئەدەبی

و. د. سەردار گەردی

دایگلۆسیا لەزمانی کوردیدا

و: رۆژگار جەلال

بیبلۆگرافیای فەرهەنگی کوردی

د. شوان سلێمان

# زماناسی

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان

**ژمارە (٦) کانوونی دووەمی ٢٠١٠**




**گۆڤاری زماننـاسی**

**لەسەر ئەم ماڵپەڕانە بخوێنەوە:**

**www.dwrga.com**

**www.kurdishacademy.com**


خاوەنی ئیمتیاز
پ.ی سەلام ناوخۆش
٠٧٥٠٤٤٦٧١٨٤

سەرپەرشتیاری زانستی
د. شێرکۆ بابان

سەرنووسەر
نەریمان خۆشناو
٠٧٥٠٤٩٤٧٧٨٧
٠٧٧٠٢٥٧٧٥٢٨

بەڕێوەبەری هونەریی
کۆچەر ئەنوەر نایف

نەخشەسازی بەرگ
ئەبوبەکری مەلا عەبدوڵڵا



**ناونیشان**

**کوردستان ـ هەولێر**

بۆ پەیوەندیکردن:

zimannasi@yahoo.com
xoshnaw_n@yahoo.com
nawkhosh@yahoo.com

## لەم ژمارەیەدا

### سەروتـار

زمانی فەرمیی: یەك بێ یا دوو یا سێ..................................خاوەن ئیمتیاز 3

### لێكۆڵینەوە

شێوەزاری هەولێر هەولێك بۆ ستاندەرێكی نوێ ............................ سەلام ناوخۆش 6
زمان ئەو خولقێنراوەی................................................. ئیدریس عەبدوڵلا 18
زماننـاسی و شێوازگەری ئاستەكانی بەیەكگەیشت................... د. یادگار لەتیف 35
پڕۆژەی (مەدیا) بۆ پتەوكردنی زووان "زمان"ی كوردی............ بەختیار مام حەمید 45
ڕێزمانی ئامرازی (ـە) لەبەر زوومی پرسیاردا ............................. د.شێركۆ بابان 53
خاڵبەندی ئامانج و جۆرەكانی لە.......................................... ڕۆژگار سابیر دزەیی 65
ڕستەی شوێنكەوتوو لەزمانی كوردیدا ......................... بازیان یونس محێدین 77
حوجرە یەكەم قوتابخانەی پەروەردەیی لە كوردستان ...................... هیوا ئەمین 74

### وەرگێڕان

هەندێ مەسەلەی بنچینەیی لە لێكۆڵینەوەی ........................... و: د. سەردار گەردی 98
زمان و بیر ................................................ و: نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو 104
دایگلۆسیا لەزمانی كوردیدا............................................ و : رۆژگار جەلال 115

### فەرهەنگی زماننـاسی

زاراوەگەلی بواری كیمیای نەوت و................................. د. زیاد جەمیل تاڵەبانی 126
بیبلۆگرافیای فەرهەنگی كوردی...........................................د.شوان سلێمان 158

### یاشكۆی زماننـاسی

نامەی زانكۆیی ........................................................................ 185

# زمانی فەرمیی: یەک بێ یا دوو یا سێ؟!

خ. ئیمتیاز

لەدەوڵەتی دکتاتۆریدا زمانی خوێندن و دام و دەزگای حکومەت بەزەبری بڕیارێکی سیاسی دەسەپێنرێ، لێرە حیزب و حکومەت زمانی دەوڵەت دیاری دەکەن. ئەم دیاردەیە لەزۆر وڵات پەیڕەو کراوە. لەو ڕێگایەوە زمانی دەوڵەت، کەلتورێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەتا ئەتنیکیش لە قەڵەمڕەوی دەوڵەت بڵاوکردۆتەوە.

هەرچەندە (جۆزێف ستالین) خۆی جۆرجی بوو، بەڵام لەسەردەمی خۆی 1924 ـ 1953 توانی بە بڕیارێکی حیزب، زمانی ڕووسی بکاتە زمانی هەموو بوارو کاروبارەکانی دەوڵەت. بەریتانیاش توانی لەڕێگای عەسکەریی، سیاسیی و کەلتورییەوە زمانی ئینگلیزی بکاتە زمانی فەرمیی و ڕاگەیاندن لە هیندستان!

لەدەوڵەتی دیموکراتیدا، پلانی زمان یاخود سیاسەتی زمان نەک سیاسەتی حیزب دەتوانێ زارێك لەزمانی نەتەوە بەچەند قۆناغێك بکاتە زمانی فەرمیی وڵات. لەزۆرێك لە وڵاتەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بەگوێرەی بنەماکانی پلانی زمان، زمانێك یان زارێك کراوەتە زمانی فەرمیی.

لێرەدا گرنگە حکومەتی کوردی پێناسەی خۆی ئاشکرا بکات، ئاخۆ حکومەتێکی دکتاتۆرییە یان دیموکراتییە؟! ئەگەر هەر یەکێکیان بووایە ئێستا لەسەراپای هەرێم یەك زمانی فەرمیی لە وڵات دەبوو!!

چلۆژیکێك ئەوەی پێ دەسەلمێ کە لەناو یەك نەتەوەی چەند ملیۆنیی حکومەتێکی دی فاکتۆ دوو زمانی فەرمیی هەبێت؟!

ئەوانەی دەیانەوێ حکومەت دوو زمانی فەرمیی هەبێ، پاساوی زۆر سەیرو سەمەرە دەهێننەوە:

1ـ لەنەرویج ئەم دیاردەیە هەیە.

2ـ لەهیندستان چەندەها زمانی فەرمیی هەیە.
3ـ ئەگەر زارێك بكرێتە زاری فەرمیی، ئەوە زارەكەی تر دەبێتە زاری پلە دوو.
4ـ میللەتی مە لە ئێمە قەبوڵ ناكات!!
5ـ ئەو زارە نەبێتە زاری فەرمیی ئەوە دەتوێتەوە و لەناو دەچێت!

نازانم بۆ لەهەموو ئەوروپا، نەرویج بە نموونە دەهێننەوە. ئێ خۆ هەتا لە نەرویجیش ئەم دیاردەیە فیفتی ـ فیفتی نییە وەك بەشێك لەو كوردانەی خۆمان داوای دەكەن. هەروەها لە نێوان (نەرویج و داینمارکی، سوێدی) ئارێشەی ئەتنیکی پاك هەیە. ڕۆناکبیرانی ئەو سێیە هەرسێك لە یەك دەگەن! ئایا لەكوردستان (سۆرانی!) (بادینی!) و (هەورامییەك!) لەیەك دەگەن؟! ئەوان لە یەكیش نەگەن، كێشە نییە، چونكە سێ دەوڵەتیان هەیە، هەروەها هیچیان هیچ هەڕەشەیەكیان لێناكرێ، بەواتای ئاسایشی نەتەوەیی تاك و ئاسایشی زمانی تاك پارێزراوە، كەچی سۆرانی و بادینی و هەورامیی هیچیان پارێزراو نییە!!

هیندستان نەك هەر وڵاتێكی فرە نەتەوە و ئایین و كەلتورە، ئەوە وڵاتێكی فرە زمانیشە بۆیە زۆر ئاساییە ئەگەر لەو وڵاتە زیاتر لە زمانێك زمانی فەرمیی بێت. لە پاشان لە هیند ملیارێك مرۆڤ دەژیت، تەنها شارێكی هیندی بەقەد هەموو باشووری كوردستان مرۆڤی لێ دەژیت... جا هیندستان چۆن لەگەڵ كوردستان بەراورد دەكرێت؟!

چۆن زمانی پێشكەوتوو و زمانی پاشكەوتوو نییە، بەهەمان شێوەش زاری پلە یەك و زاری پلە دوو نییە. لە پرۆسەی فەرمیبوونی زارێكدا هیچ زارو بنزارێك نابنە پلە دوو. ئەوانەی وا بیر دەكەنەوە هێشتا بە عەقڵی ئاغاو میر بیردەكەنەوە و كوردستانیش وەك میرنیشنێك دەبینن! وێڕای ئەمەش زمانی فەرمیی زمانی دایك نییە، هەروەها زمانی دایكیش فەرامۆش ناكات. ئەوەتە عەرەب ئەو هەموو زارو بنزارەی هەیە و زمانی فەرمیی خۆیشی هەیە. ئەوە پازدە سەدەیە ئەو زارو بنزارانە نەك لەناو نەچوون و نەبوونەتە پلە دوو، بەڵكو هەر لە پێشكەوتن و برەودان.

كێشەیەكی دی ئەو كەسانەی باس لەدوو زمانی فەرمیی دەكەن، زمانناسی دروست نین، هەروەها زۆربەیان هیچ زانیاریەكی ئەوتۆیان لەبارەی زمانەوانیی كۆمەڵایەتی و پرۆسەی پلانی زمان نییە، ئەگەرنا پرۆژەو پرۆسەی زمانی فەرمیی

له تەنها زارێك دروست نابێ، هەروەها سنوری بەكارهێنانی ئەم جۆرە زمانە تەنها لەدام و دەزگایە نەك لەماڵەوە و كۆڵان و بازاڕو هەتا ڕۆژنامەو كتێب!!

هەروەها ئەوانەی بانگەشەی یەك دەوڵەتی بۆ كورد دەكەن، جگە لە بەهەدەردانی گیان و سامانی كورد، هیچ ئامانجێكی تر ناپێكن. ئەوە عەرەب (21) دەوڵەتی هەیە، كەچی تەنها یەك زمانی ستاندەرو فەرمیی هەیە، بۆ كوردیش چوار دەوڵەتی نەبێت؟! ئایا كامەی مسۆگەرترە؟! چوار دەوڵەتیی یان یەك دەوڵەتیی؟!

نازانم كەنگی حیزب و حكومەتی كوردی پرسی بە خەڵكەوە كردووە لەسەر دیاریكردنی مەسەلە نەتەوەییەكانی، مەسەلەی زمان هەتا چەند نووسەرێك بڵێن ئێمە لە پەرچەكرداری میللەتی خۆمان دەترسین؟! دەبێ ئەو بەشەی میللەت چۆن بیربكەنەوە؟! ئایا هەبوونی یەك زمانی فەرمیی پرۆسەی یەكێتی نەتەوەیی نزیك دەكاتەوە یان پرۆسەی دوو زمانی فەرمیی؟!

سەیر لەوەدایە بابای زمانەوان و زمانناس وەك سیاسییەك بیربكاتەوە!! سیاسەتمەدارانی وڵاتی ئێمە ئەوەندەی ڕۆڵیان بینیوە لەزیاتر پەرتەوازەكردنی تاكی كورد لە نەتەوەو كەلتورو زمانی خۆی، بەهیچ جۆرێ ڕۆڵێكی ئەوتۆیان نەبینیوە لەپرۆژەی یەكێتی نەتەوەیی و یەك زمانیدا. جا ئەگەر زمانەوان بە ئاراستەی سیاسەتەوە لەزمانی نەتەوە و زمانی نیشتمانیی و زمانی ستاندەرو زمانی فەرمیی بڕوانێ، كارەساتەكە چەند بارەیە!!

جا ئەگەر بەشێك لە كورد ڕازی نەبێ حكومەتی هەرێم و وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا یەك زمانی فەرمیی هەبێ، دەبێ كەمە نەتەوایەتی و كەمایەتیە ئاینییەكان كە لەگەڵ كورد لە ئایین و زمان و مەزهەب جودان، ئەوان هەڵوێستیان چۆن دەبێ؟! دەبێ ئەوانیش داوا نەكەن كە زمانی ئەوانیش زمانی فەرمیی بێت لەو (وەزارەت) و (دایەرە) و فەرمانگەیەی ئەوان تێدا زۆربەن؟! یان ئەوان لەو (هەندە) كوردە نیشتمانیی ترن، قەبوڵیانە زمانی كوردی زمانی فەرمیی حكومەت و پێخوێندن بێت؟!

# شێوەزاری هەولێر
# هەوڵێك بۆ ستاندەرێكی نوێ لەبەر ڕۆشنایی پلانی زمان

**بەشی یەكەم** **سەلام ناوخۆش**

**دەروازە:**

كرمانجی ناوەڕاست كۆمەڵێك زارو بن زارو شێوەزار لەخۆ دەگرێت، چەند خاڵی لەیەك نزیكیان لەنێوان دایە، هەروەها بەهەمان شێوە چەند خاڵێكی جیاوازیشیان لەنێوان دایە. ئەو جیاوازیانە لەسەر هەر سێ ئاستی سەرەكی زمان دەنگسازیی، وشەسازیی هەروەها ڕستەسازی، دەردەكەون.

جیۆپۆلتیكی شوێن و فاكتەری سیاسی ڕۆڵی سەرەكیان بینیوە بۆ ئەوەی شێوەزاری سلێمانی لەڕێگای دەسەڵاتی سیاسی میرنشینی بابان و بزاڤی ڕۆناكبیریی كوردی قوتابخانەی ئەدەبی بابان هەروەها پێگەی زانستیی و مەعریفی و ئایینی كاكە ئەحمەدی شێخ، ئەو شێوەزارە ببێتە زمانی پێخوێندن لە حوجرەكانی كوردستان، هەروەها زمانی ڕۆشنبیری و سیاسی دام و دەزگای فەرمانڕەوای ناڕاستەوخۆی بەریتانیا لەسلێمانی و پاشان دام و دەزگای حوكمدارییەكەی شێخ عەبدولقادری برای شێخ مەحمودی پادشای كوردستانی خواروو.

ئەمەو، پاش ئەوەی شۆڕشەكانی شێخ مەحمود كپ كرانەوەو شێخ لە سیاسەت دووركەوتەوە، دەوڵەتی عێراقی نوێ ناچاربوو دان بەو شێوەزارە دابنێ، وەك زمانی پێخوێندن لە قۆناغی سەرەتاییدا.

بێگومان ئەو هەوڵە ناچارییەی حکومەتی شاهانەی عێراق و کۆششی توێژی رۆناکبیران و سیاسەتمەدارانی کورد هەتا لەدام و دەزگای حکومەتی عێراقیدا نوقلانەی گەشەو نەشونماکردنی ئەم شێوەزارە بوو!

ئەم شێوەزارە لەسەرەتادا تەنها هەولێکی ناوچەیی بوو، بەجۆرێك "شۆڤینیەتێکی دیالێکتیکی" پێوە دیاربوو، بۆیە نەیتوانی بە تەواوی قۆناغەکانی بە "ستاندەربوون" ببڕێت و ببێتە زارێکی ستاندەری میللی!

زاری ستاندەری میللی وەك زاری ستاندەری ئایینی نییە، چونکە ئەوەی دواوە گوتارەکەی هەر ئاراستەی تاکەکانی نەتەوە نییە، بەڵکو گوتارەکەی ئەوەندەی "ئایینی"یە، "نەتەوەیی" نییە. هەر لەسەر ئەو شەنگست و بنەمایە، قورئان توانی ببێتە زمانێکی ستاندەری ئایینی و سنووری نەتەوە ببڕێت و پێکۆل لەسەر بونیاتی "ئومەت" بکات، نەك بونیاتی نەتەوە. هەرچی زاری ستاندەری میللییە، ئەوە لەڕوانگەی سیاسەتی زمانەوە شەرعی بوون و فەرمیی بوونی پێدەدرێ. هەر لەو ڕوانگەوە، هەتا ئێستا ئەو ڕیفراندۆمە میللییە بۆ زاری ستاندەری میللی لەژێر دەسەڵاتی حیزبی کوردی لەهەرێمی کوردستاندا نەکراوە. لە ئاکام، قەیرانێکی مکوڕ لە هەرێم دروست بووە، هەڕەشە لە یەکێ لە کۆڵەگەکانی ئاسایشی نەتەوەیی کورد دەکات.

ئەم نووسینە تەنها هەوڵدانێکە بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە، بەر لەوەی تەواو ناسیۆنالیستی عەرەبی کاری لەسەر بکات، ئەوە توێژەران و نووسەرانی کورد کاری لەسەر دەکەن و تیرترو ئالۆزتری دەکەن. بەڕای ئێمە، شێوەزاری هەولێر لەسەر چەند بنەمایەکەوە دەکرێ چارەسەریی ئەو قەیرانە بکات:

**یەکەم**:- هەولێر تا ئێستا هەر ناوەندێکی سیاسی بڕیاری کورد نییە، بەڵکو ناوەندێکی رۆناکبیری و هاوکۆیی کوردییە. سروشتی شارەکەو تێڕوانین و دنیا دیتن و هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیەتی تاکی کورد لەم شارەدا شایەدی ئەوە دەدەن کە ئەو شارە بەرەو پایتەخت بوونی سیاسی و نەتەوەیی دەچێت و هەر تاکێکی دەرەوەی هەر شارێکی کوردستان، هەولێر بەماڵی خۆی دەزانێ و هەست بە "غەریبی" ناکات!

**دووەم**: شێوەزاری هەولێر وەك ئەوەی سلێمانی هەر بەشێکە لە زاری کرمانجی ناوەڕاست! سێیەم: جوگرافیای هەولێر و پێکهاتەی هەندێ خێڵ و عەشیرەتی کوردی جووت زار لەسنووری هەولێر و هاو سنوور لەگەڵ دەڤەری بادینان هەن.

ئەو لەیەك نزیکیە وایکردووە ئاکرێیەکان و بەردەڕەش و گوندەکانی هاوسنووری گوندەکانی هەولێر هێندە پێویستیان بە کۆد گۆڕین - زار گۆڕین نەبێ و جۆرێك لە زاری ئاخاوتنی ستاندەر. لەو دەڤەرانە دروست ببێت.

**چوارەم**: ئەو حەساسیەتە زمانەوانییەی لە نێوان (سلێمانی) و (بادینان) هەیە، ئەوەندە لەنێوان هەولێر و بادینان نییە، هەروەها هەر شێوەزاری هەولێر دەتوانێ قۆناغ بە قۆناغ چارەسەری دیاردەی جێندەری بادینی - کرمانجی سەروو بکات، چونکە لە دەڤەری لیوای هەولێریش ئەو دیاردە زمانەوانییە هەیە، بەڵام ئەوەندەی بادینی (تۆخ!) نییە. ئەمە پرۆژەیە!، بەواتای بۆ دروست کردنی زاری ستاندەری میللی لەباشوری کوردستان هەر تاکێکی کورد لەڕێگای ئەو بەندەی ڕیفراندۆم لە دەستوری کاتیی هەرێمدا بەشداربێت. ئەمە زەبری سیاسی نییە، بەڵکو پرۆژەی زمانەوانیی سیاسییە تەنها بە بنەماکانی پلانی زمان: Principles of Language planning

چارەسەر دەکرێ. هەر بە بڕیاری (میللی)یش پرۆژەی میللی چارەسەر دەکرێ، تەنها بەسەپاندنی بڕیاری سیاسی.

بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوە لەڕەوشی زمانەوانیی هەولێر دەکۆڵێتەوە. ئەم شارە چەندەها دیاردەی زمانەوانی تێدایە کە لە شارەکانی دی کوردستان نین.

ئەم شارە دیاردەی جووت زمانی bilingualism، فرە زمانیی Multilingualism و گۆڕینی زمان و گۆڕینی زار و شێوەزار – Code switching، هەروەها زمانی هاوبەشی Lingua franca و دایە لۆگسیا Diaglossia هەبوونی زمانی باڵاو زمانی نزمی تێدایە.

**بەشی یەکەم: دیاردە زمانەوانییەکان لە هەولێر**

بەر لەوەی لەو دیاردە زمانەوانیانە بگەین، بە گرنگ دەزانین ئاماژە بە ڕەوشی تاکزمانی بکەین و هۆکاری سەرەکی دروست بوون و پەیدابوونی جووت زمانی هەتا فرەزمانی دیاری بکەین.

کورد لەمێژووی کۆنی خۆیدا بەچەندەها قۆناغی مێژوویی گرنگ تێپەڕیوە. لەزۆرێك ئەو قۆناغانەدا گەیشتۆتە ڕادەی ئەوەی هەژموونی دەسەڵاتی بەسەر زۆر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئێستا هەبێت، هەروەها بەشدارییەکی شارستانی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا تۆمار بکات. هەرسێ "نەتەوەی" سۆمەری و میتانی و میدی، بۆ نموونە، گەورەترین بەشداری شارستانیی و مەعریفییان

لەمێژوودا تۆمار کردووە. خەتی مێخەکی و تابلۆ قوڕینەکان زادەی هزری مەعریفیی سۆمەرییەکانن، ئەو خەتەی ئەوان دایانهێنا تەمەنێکی زۆر لە خزمەتی مرۆڤایەتیی دابوو. هەر لەڕێگای ئەو نووسینانەی بەو خەتەوە نووسران، بەشێك لەمێژووی کورد و گەلانی دراوسێی دەردەکەون.

هەروەها لەڕێگەی ئەو خەتەوە ئێمە زیاتر ئاشنا دەبین بە (گوتە) و (پەیڤە)کانی سۆمەرییەکان کە ئەوەندەی لە کوردی نزیکن لەهیچ گەلێکی ناوچەکە نزیك نین. میتانییەکانیش توانیان بەشدارییەکی شارستانیی لەمێژووی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵاتدا بکەن و وێڕای ئەوەی زمانێکی ستاندەری میللی لەناو هۆزو گەلانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بەرپا بکەن، زمانی (ئەکەدیش) وەك زمانێکی سیاسیی لە ناوچەکە پەرەپێبدەن.

ئەو زمانەی میتانییەکان لەمێژوو زیاتر بە زمانی حوری یاخود هوری ناسراوەو لەچەند دیالێکتێکی ناوچەیی وەك زمانی گوتیەکان، لولیەکان، خالیدی و کاردۆخییەکان پێکهاتووە.

لێرە، زمان بۆتە فاکتەرێك بۆ کۆکردنەوەی ئەو هەموو هۆزەی کورد لە یەکەیەکی نەتەوەییدا.

هەرچی میدییەکانن ئەوە وێڕای ئەوەی توانیویانە زمانێکی ئایینی لە دەوڵەت بسەپێنن، ئەوە خەتێکی کوردیشیان داهێناوە بەناوی خەتی میدی. ئەخمینیەکان ئەو دیاردەیان هەر لەمیدییەکانەوە وەرگرتووە و حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی فارسەکان هێندە کاریان لەسەر پەراوێزخستنی میدییەکان و شارستانیەتی میدییەکان کردووە، هەتا ئەو پێکۆڵە زمانەوانیەی کوردیان کردۆتە بەشێك لە کەلتورو هزری مەعریفی خۆیان.

لەناو شارستانیەتی ئاریدا، کە کوردیش بەشێکە لێی، دیاردەی جووت زمانیی و فرەزمانیی زۆر بەرپابووە، چونکە نەتەوەیەك بەتەنیا نەیتوانیوە تەواوی ئەو ڕووبەرە جوگرافیە بەو هەموو جیاوازیە ئەکنیکیە لە یەکەیەکی نەتەوەیی، میللی کۆبکاتەوە، هاتنی ئیسلام، زێدەییەکی دی شارستانیی زمانەوانیی بوو بۆ ناوچەکە. بەحوکمی ئەوەی قورئان بە زمانی عەرەبییەو کۆڵەگەی سەرەکی ئیسلام، کە نوێژە، تەنها بە عەرەبی قورئانیی جێ بەجێ دەکرێ، دیاردەی جووت زمانی لەنێوان کورد، عەرەب، فارسی و عەرەبی... هتد بووە حاڵەتێکی حەتمیی و ناچاریی ئیمانیی، ئەمەو لەناو کوردو فارس

هەرجۆرێك لە (لینگوا فرانكایەك) هەرمایەوە. ئەو (لینگوا فرانكایە) لەناوچە فارس نشینەكان فارس لە ناوچە كوردنشینەكانی كوردی بووە، بەڵام زمانی عەرەبی زێتر تەنها لە حوجرەو ناوەندیی مەعریفی و رۆشنبیری ئەوسا بۆتە زمانێكی هاوبەش بۆ كوردو فارس، بەهیچ جۆرێ زمانی عەرەبی نەبۆتە زمانی فەرمی كوردستان یاخود فارسستان! بەپێچەوانەوە زۆر كتێب و نووسین. كاروباری دەوڵەت بەزۆری هەتا بەزمانی فارس و هەندێك بەزمانی كوردی بووە، و ئەلفبێی (ماسی سوراتی) هەتا سەردەمی ئەمەویی و عەباسییەكان هەر لەناو كوردانی مابۆوە، بەڵام هەروەك چۆن مێخەكی لەدوای دەركەوتنی خەتی ئارامی لەناوچەكەدا پەیتا پەیتا بەكار نەهات، ئەلفبێیەكانی كۆنیش پەیتا پەیتا دەگەڵ هەژموونی ڕۆحیی قورئان و كاریگەریی شارستانیی ئەلفبێی قورئانیی چی تر بەكارنەهاتووە!

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بكەم كە لەمێژووی كۆنی كوردیدا، هەردەم دوو زمان یان زیاتر ئامادەگیان هەبووە، جا ئەو دوو زمانە، زمانی دوو نەتەوە بێت، یان زمانێكی ئاخاوتن و زمانێكی فەرمیی ـ وەك زمانی حۆری و زمانی ئەكەدی لە مەملەكەتی میتانییدا یان زمانێكی ئایینی و زمانێكی نەتەوەیی یاخود میللی وەك زمانی ئاوێستا وەك زمانێكی ئایینی و، زمانی مێدی وەك زمانێكی میللی لە مەملەكەتی مێدیدا. لەمێژووی ئیسلامیشدا، دیاردەی هەبوونی حوجرە، كە خۆی لەخۆیدا پێكۆڵێلێكی هزریی و مەعریفیی عەقلیەتی مەعریفیی كورد بووە، ناوەندێك بووە بۆ بەرپابوونی دیاردەی جووت زمانی ـ Bilingualism لە كۆمەڵگای كوردیدا بەتایبەتی لەناو توێژی ڕۆشنفكرانی كورد نەك تەواوی كۆمەڵگای كوردیدا. ئەم دیاردەیە چواردە سەدەیە لەو ناوەندە هزریی و مەعریفیی و فەلسەفیدا بەرپایەو هاوكات لەگەڵ ئەمەش زمانی كوردی نەك هەر لاواز نەكرا، بەڵكو بووە زمانی ئاخاوتن و شرۆڤەكردنی زۆربەی هەرە زۆری ئەو بابەتە فیقهی، زمانەوانیی و لۆژیكیی و فەلسەفیانەی لە حوجرە دەخوێندران!

**پێكهاتەی ئەتنیكی هەولێر**

هەولێر پێگەیەكی مێژوویی گرنگی هەیە، شەڕی ئەربێلا لە ساڵی 331 پ. ز لەسنووری جوگرافی ئەو شارە ڕوویداوە. ئەو شەڕە سەرەتایەك بووە بۆ هەژموونی دەسەڵاتی (ئەسكەندەرونی ماكدۆنی) بەسەر كوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی. هەر لەدوای ئەو شەڕە (ئەسكەندەری ماكدۆنی) گورجێكی

کوشندەی لە ئایین و کەلتوری کوردیدا وەشاند و ئاوێستاکەی زەردەشتی سوتاند. ئەو پێکدادانە، سەرەتایەك بوو لە دەرکەوتنی ناوی (ئەربێلا) لە نووسینەکانی ڕۆژئاوا، هەروەها ئەوشارە لەسەردەمەکانێکدا لەژێر ڕکێفی داگیرکاری ئاشوریشدا بووە هەتا ناونراوە بەشاری (چوار خوداوەندەکە)، لەسەردەمیی ئیسلامیشدا، بەتایبەتی لەسەردەمی ڕووخانی دەسەڵاتی عەباسییەکاندا ناوی ئەو شارە هاتووە، و بەرگرییەکی چاکی لێکرا لەهەمبەر هێرشی سوپای هۆلاکۆدا.

ئەو ناوبانگییە و جیۆپۆلتیکی ناوچەکە، لێبوردەیی خەڵکی ڕەسەنی شارەکە، وایکردووە جگە لە کورد چەندەها کەمایەتی نەتەوەیی و ئایینی لە شارەکە پێکەوە بژین و لەسەردەمی دەسەڵاتی سیاسی کوردیدا گرنگی بە (پێگە) و کەلتورو ئایین و زمانیان بدرێت.

**1ـ تورکمان و زمانی تورکمانی:**

تورکمانەکان نەتەوەیەکن لە تورکمانستان و ئەفغانستان و ئێران و عێراق و باشوری کوردستان هەن. لەسەردەمی یەکێتی سۆڤیەتدا، کۆمارێکیان هەبوو بەناوی کۆماری سۆشیالیستی سۆڤیەتی تورکمانی، تورکمانەکانی ئەوێ لەگەڵ ئەفغانستان و ئێران و ئۆرمەنستان و کازاخستان هاوسنوورە. لەو شوێنانە یەکێیەتی ئەتنیکییان پێکهێناوە!

زمانی تورکمانیی لقێکی تورکی خێزانە زمانیی ئالتاکییە. پێش ئەوەی جۆزێف ستالین 1924 ـ 1953 بنەماکانی نەتەوەبوون بڵاوبکاتەوە، کاری لەسەر بکات لە سۆڤیەتی جاران، ئەوە تورکمانەکانی تورکمانستان، زمانی تورکمانیی بەگوێرەی ئەلفبێی عەرەبی دەنووسرا، بۆ ماوەی (دە) ساڵێك 1929 ـ 1938 ئەلفبێی لاتینی شوێنی ئەلفبێی عەرەبی گرتەوە، بەڵام لەساڵی 1939 هەتا ساڵی 1991 ئەلفبێی (سیریلی) بەسەر زمانی تورکمانی سەپێندرا لەپاش هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەت، تورکمانەکانی تورکمانستان ئەلفبێیەکی لاتینی نوێیان داهێنا.

ئەو تورکمانانەی هەولێر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە هەتا ئێستا هەر زیاتر ئەلفبێی عەرەبی بەکاردێنن و هەندێکیش ئەلفبێی لاتینی بەکاردێنن. لەسەردەمی دەسەڵاتی عەرەبیدا 1921 ـ 1991 نە تاکی تورکمان نە زمانی تورکمانی گرنگی پێنەدراوە بەجۆرێ هەتا شا فەیسەل دانی بە بوونی تورکمان لە عێراق دانەدەن، پێگەی تورکمان لە هەولێر هێندە بەهێز نەبووە ببێتە

نەتەوەی دووەم لە هەولێر، بەجۆرێ لە شازدە خوولی پەرلەمانی سەردەمی پاشایەتی 1925 ـ 1958 تەنها چوارجار هەر جارەو تەنها تورکمانێك توانیویەتی ببێتە پەرلەمانتار لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیدا، کەچی لەسەردەمی دەسەلاتی کوردیدا پێنج کورسی بۆ پەرلەمانتاری تورکمانی لە پەرلەمانی کوردستان دانراوە، هەروەها زمانی تورکمانی بۆتە زمانی خوێندن لە هەندێ قوتابخانەی تورکمانی، هەروەها زمانی تورکمانی بۆتە زمانی میدیا لە (تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە).

**2ـ کلدانی و زمانی سریانی:**

زمانی سریانی، کە زمانی نەتەوەیی یاخود نیشتمانی مەسیحییەکانی کوردستانە. زمانی سریانی لقێکی گرنگی خێزانە زمانی سامییەو لەمێژوو بەزمانی ئارامی ناسراوە، هەروەها ئەلفبێیەکیش هەر بەو ناوە ناسراوە.

زمانی سریانی لەسەردەمی ئەسکەندەرونی ماکدۆنیدا زمانی فەرمی ئەو هەموو نەتەوانە بووە، کە کەوتوونەتە ئاسیای بچووك و وڵاتی فارس، هەروەها لە ئەرمەنیا هەتا نیوە جەزیرەی عەرەبی ئەو زمانە دوو دایالێکتی سەرەکی هەبووە، دایالێکتی ڕۆژئاوا و دایالێکتی ڕۆژهەلات. ئەوەی ڕۆژهەلات زۆر گرنگ بووە، بەجۆرێ هەتا کوردەکانی میسۆپۆتامیاش لەسەردەمانێك بەکاریان هێناوە.

ئەو مەسیحیانەی هەولێر ڕێژەیان ئەوەندە نەبووە بتوانن لە شازدە خوولی پەرلەمانی عێراقی (ئەنجومەنی نوێنەران) لە تەنها جارێك نوێنەرایەتی مەسیحیەکانی هەولێر بکەن هەروەها حکومەتی عەرەبی عێراقی لەسەردەمی پاشایەتی و کۆماریی وەك نەتەوەیەك دانی بە بوونی ئاشووری و کلدانیدانەناوە، هەروەها زمانی سریانیش بەهیچ جۆرێ زمانی پەروەردە و میدیا لەو سەردەمەدا نەبووە، کەچی لەسەردەمی دەسەلاتی کوردیدا هەم ئاشوری ـ کلدانی وەك نەتەوەیەك ناسێنراون، هەمیش زمانی سریانی بۆتە زمانی ئایین و پەروەردەو میدیا و ڕاگەیاندن.

**3ـ عەرەب و زمانی عەرەبی:**

عەرەب نەتەوەیەکی سامین و زمانەکەشیان لقێکە لە زمانی سامی. هەبوونی عەرەب لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتگیریی ئیسلامیی، کە لە مێژوودا بە فتوحاتی ئیسلامیی ناسراوە. ژمارەیەکی زۆر لە بەرەباب و هۆزی عەرەبی پەسەندی ئەوەیان کردووە، کە لە کوردستان بمێننەوە. ئەوانە بەهەر هۆکارێك بێت، هۆکاری سیاسی نەبووە، چونکە زۆربەی هەرە زۆری ئەو بەرە بابانە

لەچوارچێوەی نەتەوایەتی کورددا توانەتەوەو ئەو توانەوە خۆهێشتی بووە. ئـەم دیاردەیـە هـەر لەسـەرەتای فتوحـاتی ئیـسلامییدانەبووە، بـەڵکو لەسـەدەکانی ئـەولاتریش ئـەم دیاردەیـە هـەر هـەبووە، ئەوەتـە نـەوەکانی بـەرەبابی ڕەواد و شـەیبان هــەر بەتــەواوی لــە بوتقــەی نەتەوایــەتی کــورد تواونەتــەوەو هــیچ شوێنەوارێکی عەرەبیان پێوە نەماوە، لە هەولێریش ئەو دیاردەیە هەبووە، بەڵام ئەمەیان زیاتر لـەدوای دامەزرانـدنی دەوڵـەتی عێراقـەوە بـووە. ئـەو عەرەبانـەی هاتوونەتــە نــاو هــەولێر، هــەر هــەموو بوونەتــە کــوردو بەشــێك لــە کۆمــەڵگای کوردستانی. کوردیش (هەبوونەکە) و (تواندنەوەکە)ی پەسەند کردووە، بەجۆرێ تەقدیـسی هەنـدێ بنەماڵەشـی کـردووە، بەتایبـەتی ئەوانـەی بـەخۆیان وتـووە (سەید)ن هەرچی زمانی عەرەبییە، چ وەك زمانێکی ئایین و پێخوێندن لە حوجرە چ وەك زمانێکی فەرمیی دەسـەڵاتی عـەرەبی عێـراق بۆتـە بەشـێك لـە دیـاردەی فرەزمانی کۆمەڵگای زمانەوانیی هەولێر.

**4ـ کورد و زمانی کوردی:**

کورد نەتەوەیەکی ئاریانییە. لەمێژووی کۆندا بەچـەندەها نـاو دەرکـەوتوون، وەك گوتی، لولی، کاردۆخی، سۆباری، هوری، میتانی، میدی... هتد. مێژوو و بە یەکچوونی زمانەوانی بەڵگەن لەسەر هاونەتەوەبوونی ئەو هۆزانە، بەجۆرێ هۆری و میتانی و سوباری هەتا یەك زمانیش بەیەکەوەی نەبەستوونەتەوە.

کورد لەڕووی ڕەگەزەوە پەیوەندییەکی دووری بە گەلانی هیندۆ ئەوروپییەوە هەیـە. ئـەو پەیوەندییـەش زیـاتر لەسـەر گریمانـە دامـەزراوە نـەك بەڵگەیـەکی مێژوویی و ڕەگەزیی و هاوڕەگـەزی! لەسـەر هەنـدێ بنـەمای زمانـەوانی دەکـرێ بڵێین زمـانی کـوردی زمـانێکی ئێرانییـە ـ ئاریانییـە، چـونکە زمانـەکانی خێزانـە زمانی ئێرانی وەك کوردی، فـارس، تـاجیکی پـشتۆیی، هـەروەها هەنـدێ زمـانی مردوو وەك زمانی ئاڤێستا، پەهلـەوی، مێـدی هاوڕەسـەن و هاوزێـدن، هـەروەها لەڕووی داڕشتنی گشتی ڕێزمانی و لێکسیکۆلۆژییەوە زۆر لەیـەك نـزیکن، بـەهیچ جۆرێ ئەو لەیەك نزیکیە لـەنێوان زمـانی کـوردی و زمـانی هینـدۆ ئەروپییەکانـدا نییە.

ئەمـەو، هاوڕەسـەن و هاوزێـدی یـەك زمـانیی ناگەیـەنێ، ئـەوە سیاسـەت و ناوردی هەندێ ڕۆژهەڵاتناسەکانە گریمانی ئەوەیان کردووە، کە فـارس و کـوردی یـەك زمـان بـن یـان کـوردی هـەر تـەنها زارێکـی زمـانی فارسـی بێـت و زمـانێکی سەربەخۆ نەبێ!

ئەو کێشەیە بەهیچ جۆرێ لەنێوان کوردو پاکستان و بلوج و ئەفغان نییە، خۆ ئەوانەش هەر زمانی ئێرانیین؟!، هەروەها دەبێت هەر زمانەو تایبەتمەندی خۆی هەبێ و کەم و زۆر لە زمانێکی تر جودا بێت.

زمانی کوردی زمانێکی بەری باکوری ڕۆژئاوای کۆمەڵە زمانەکانی ئێرانییە و فارسیش زمانێکی باشوری ڕۆژئاوای ئەو کۆمەڵە زمانەیە.

زمانی کوردی لە هەولێر هەر تەنها زمانی کوردەکان نییە، بەڵکو بەشێکی زۆر لە تورکمان و کلدانی ـ ئاشوری و عەرەبی هەولێر ئەو زمانەیان وەك زمانێکی هاوبەشی بەکارهێناوە و بەکاردەهێنن.

لەسەردەمی ئیسلامی، کوردی وەك زمانی ئاخاوتنی حوجرەی کوردی بووە، لەسەردەمی دەسەلاتی عەرەبیش 1921 ـ 1991 زمانی پێخوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و ڕاگەیاندن بووە. لەسەردەمی دەسەلاتی کوردیش 1991 ـ 2009 بۆتە زمانی ئاخاوتنی میللی، هەروەها نیوەستاندەری و زمانی نووسین و ئەدەب، هەروەها بۆتە زمانێکی هاوبەشی دام و دەزگاکانی هەرێم، بێ گوێدانە ڕەگەزی ئەتنیکی.

**دیاردە زمانەوانییەکان**

**1ـ جووتزمانیی Bilingualism:**

جووتزمانی دیاردەیەکی زمانەوانییە لەکۆمەڵگایەکی زمانەوانیی فرە ئەتنیکی یاخود فرە پرۆگرامیی خوێندن ڕوودەدات. لەو ڕەوشە زمانەوانییە تاکەکان یاخود ئەندامەکانی کۆمەڵگا زمانەوانییەکە کار لەسەر دوو زمان دەکەن. لەوانەیە یەکێکیان زمانی دایك بێت و ئەویتر زمانی فەرمیی، پێخوێندن یان زمانی گەلی سەردەستە بێت.

**سێ جۆر جووتزمانی هەیە:**

**یەکەم: جووتزمانیی هاوکاتیی:ـ**

لەم جۆرە جووتزمانەدا هەردوو زمان لەیەك کاتدا فێر دەکرێن. ئەمە پرۆسەیەکی گرانە، چونکە فێربوونی دووزمانی لەیەك کاتدا سەر لەمنداڵ دەشێوێنێ، هەتا ئاستی زیرەکیی دادەبەزێنێ. ئەو منداڵە یاخود فێرخوازەی لەو ڕەوشە زمانەوانییە دەژیت، هەرگیز هەست بەوە ناکات کە لەماڵەوەیە، بەڵکو هەردەم وا هەست دەکات کە لەناو دوو کەلتوور دەژیت.

**دووەم: جووتزمانیی زنجیرەیی:**

لەم جۆرە دوو زمانییەدا، فێربوونی (دوو) زمانەکە بەدوو قۆناغ دەبێت. یەکێکیان تەواو دامەزراو دەبێت، ئەوجا دەرفەتی فێربوونی ئەویتر دێت. ئەم جۆرەیان زۆر ئاسانترە لەهی یەکەم، چونکە دەرفەت، تەمەن هەتا ئاستی زیرەکیی بە فێرخوازەکە دەدرێت.

**سێیەم: جووتزمانیی پەروەردەیی:**

ئەم جۆرە جووتزمانییە تەواو ڕەها نییە بۆ هەموو فێرخوازەکان، بەڵکو تەنها چەند پرۆگرامێکی پەروەردەییە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زیرەکیی و کارامەیی بەکارهێنانی دوو زمان لەنێوان فێرخوازاندا. لە قوتابخانەکانی بەهرەداران یان نموونەییەکان ئەو جۆرە پرۆگرامە پەیڕەو دەکرێ!

لەکۆمەڵگای زمانەوانیی هەولێردا لەناو گروپە ئەتنیکیەکانی هەولێردا هەرسێ جۆری جووتزمانیی، هەریەکەی لە ئاستێك، ئامادەگی لە دام و دەزگای پەروەردەیی و حکومیدا هەیە. بێگومان زمانی کوردی لەهەموو قوتابخانەکانی هەولێردا هەژموونی خۆی هەیە چونکە زمانی پێخوێندنە. قوتابییە تورکمان و مەسیحیەکان ناچارن لە قوتابخانەکانیان لەپاڵ زمانی نەتەوەیی خۆیان زمانی کوردی بخوێنن. ئەم دیاردەیە زیاتر لە قۆناغی سەرەتایی ئیشی لەسەر دەکرێت. لەسەردەمی دەسەڵاتی عەرەبیدا، عەرەبی جێی زمانی کوردی گرتبۆوە، هەردوو زمانی تورکمانی و سریانی لە قوتابخانەکان نەدەخوێنران، بۆیە کورد، تورکمان، کلدانی، ئاشوری ناچاربوون زمانی عەرەبی بخوێنن. ئەو پێخوێندنەی دەسەڵاتی عەرەبی بۆ دروست کردنی کۆمەڵگەیەکی یەکزمانیی و یەك کەلتوریی بووە، هەرچی ئەوەی دەسەڵاتی کوردییە زیاتر بۆ مکوڕبوونی کەلتوری کوردستانییە، چونکە کەمە نەتەوەییەکانی ژێر دەسەڵاتی کوردی تەواو ئازادن لەبەکارهێنانی زمانی خۆیان لە خوێندن و نووسین و ڕاگەیاندندا.

**2ـ فرە زمانیی Multilingualism:**

فرە زمانیی لە کۆمەڵگەیەکی فرە نەتەوە و فرە زماندا هەیە. لە ئەوروپا، لە سویسراو بەلجیکا هەتا ئیتالیا ئەو دیاردە زمانەوانییە لەبواری ڕەوشی جیا جیا هەیە. بەواتای لەوێ مەرج نییە ئەم دیاردەیە لەیەك دام و دەزگا هەبێت. لە (سۆریس)ی ئیتالیا خەڵکی ئەوێ هەرسێ زمانی (ئیتالی) و (فرولیانی) و (ئەلمانی) بەکاردێنن. بەڵام هەریەکەی لەشوێنی خۆی: ئیتالی زمانی ئایین و

خوێندنە، زمانی ئەلمانی تەنها زمانی ماڵەوەیە، هەرچی زمانی فرولیانییە تەنها زمانی پیاوەکانی بارە ناوخۆییەکانە!

ئەوەی لە کۆمەڵگای ئاخاوتنی Speech community هەولێر هەیە بەو جیاوازییە نییە، چونکە هەتا زمانی عەرەبیش تەواو زمانی ئاینیی نییە، بەڵکو هەتا لە گوتاری هەینیش، جگە لە نوێژکردن، گوتارو نزاکان بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردین. هەروەها لەخوێندن هەر تەنها زمانی کوردی زمانی پێخوێندن نییە، بەڵکو زمانی ئینگلیزی و عەرەبیش لە پرۆسەی خوێندنی قوتابخانە کوردییەکان هاوشانی زمانی کوردین، بەجۆرێك لە قوتابخانەی بەهرەداران و نموونەییەکان زمانی ئینگلیزی زمانی سەرەکی خوێندنە، نەك کوردی یان عەرەبی!

هەرچی لە قوتابخانەکانی تورکمانییە ئەوە خوێندن بە تورکمانی، کوردی، ئینگلیزی، عەرەبییە، لە قوتابخانە سریانییەکانیش بە ئینگلیزی، سریانی، کوردی، عەرەبی دەخوێندرێت.

مەسیحییەکان لەماڵ و کەنیسە تەنها زمانی سریانی بەکاردێنن، هەرچی تورکمانەکانن تەنها لەماڵ بە تورکمانی قسە دەکەن، بەڵام لە مزگەوت نوێژ بە عەرەبی دەکەن، لە دام و دەزگای حکومەتیش بەزۆری بە کوردی قسە دەکەن!

## 3ـ زار گۆڕین یان زمان گۆڕین code – Switching:

لە کۆمەڵگەی ئاخاوتنی جووتزمانیی و فرە زمانیدا گۆڕینی ئاخاوتن لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دیاردەیەکی سروشتی ئەو جۆرە کۆمەڵگایانەن. لەو پێوەدانگەوە، دەکرێ بەکارهێنانی چەند زمانێك لەمیانی ئاخاوتندا بە دیاردەی زمان گۆڕین دابنرێت.

لەڕوانگەی کۆ زمانەوانییەوە، زمان گۆڕین زۆر جودا نییە لە شێوازەکانی ئاخاوتنی تاکە زمانێك ـ بەواتای زار گۆڕینیش لە کۆمەڵگایەکی فرەزاری یەك ئەتنیکی، دیاردەی زار گۆڕین ئامادەگی هەیە، بەتایبەتی کاتێ زارێك لەو زارانە زاری پێخوێندن و فەرمیی وڵات بێت.

ئەو تاکانەی توانستی زمانەوانییان فرەیەو دەتوانن بە زیاتر لە زمانێك بئاخڤن، ئەوە لەهەر ڕەوشێکی زمانەوانیی یان کۆمەڵایەتی یەکێ لەو زمانانە بەکاردەهێنن. ئەوەتە چارلسی چوارەم بە تەنزەوە دەڵێت: من بە ئیسپانی قسە

لەگەڵ خودا دەکەم، بە ئیتالی لەگەڵ ژنان دەدوێم، بەفەرەنسی لەگەڵ پیاوان قسە دەکەم، بە ئەلمانیش لەگەڵ ئەسپەکەم.

ئەوەی لە کۆمەڵگەی ئاخاوتنی هەولێر ڕوودەدات، هەبوونی هەردوو دیاردەی زمان گۆڕین (لە نێوان کورد و کەمە نەتەوەییەکان) و (دام و دەزگای خوێندن و حکومەت)، هەروەها زار گۆڕینیش لەنێوان تاك و ڕۆشنبیرانی کورد ڕوودەدات.

هەریەك لە تاکی تورکمان و کلدانی ناچارن لە کۆمەڵگەی کوردستانی خەریکی زمان گۆڕین بن. ئەم دیاردەیە لەلای کلدانی ئاڵۆزترە، چونکە هەر تاکێکی خوێنەوارو کاربەدەستی حکومەت ناچارە بە چەند زمانێك قسە بکات لە کەنێسە بە سریانی و دام و دەزگای حکومەت بە کوردی لەگەڵ هەواڵەکانی بە کوردی، عەرەبی، سریانی بدوێت!

تورکمانەکانیش، قورئان بە عەرەبی دەخوێننەوە، لە ناو ماڵ و منداڵ و نەتەوەی خۆیان بە تورکمانی، و لە دام و دەزگای حکومەتیش بە کوردی!

بەحوکمی ئەوەی لەدوای ڕاپەڕین، گرنگی دان بە زمانی ئینگلیزی لەسەر هەموو ئاستەکان زیادی کردووە، بەجۆرێك جگە لە هەبوونی قوتابخانەی تایبەت و چەند بەشێکی زمانی ئینگلیزی لە کۆلێژی زمان و پەروەردە و پەروەردەی بنیات هەیە، ئەوە لە قوتابخانە سەرەتاییەکانیش هەر لە(یەکی) سەرەتاییەوە ئینگلیزی وەك بابەتێك دەخوێندرێت. ئەم دیاردەیەش، زمانی گۆڕینی لەنێوان ئینگلیزی ـ کوردی لە دام و دەزگای خوێندن زۆر زیادی کردووە.

ئەم دیاردەیە، زمان گۆڕین لەنێوان ئینگلیزی ـ کوردی لە دام و دەزگای خوێندن حاڵەتێکی زۆر نێگەتیڤە، چونکە ڕێژەی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بەو شێوازە هیچ ئاکامێکی دڵخۆشکەری نەبووە! هەر لەو پێودانگەوە، قوتابی لە بەشی زمانی ئینگلیزی دەردەچێ، ناتوانێ (دە) دەقە چارەگێك بە ئینگلیزی قسە بکات! زۆربەی ئەوانەش بەلای کەمی دوازدە سێزدە ساڵ ئینگلیزییان خوێندووە!!

لە هەولێر، لەنێو کوردانی ئەم شارە بەتایبەتی ڕۆشنبیرانی دیاردەی زارگۆڕین هەیە، چونکە شێوە زمانی پێخوێندن و شێوە زمانی ئاخاوتنی هەولێر لەیەك جودان. جیاوازییەکان لەسەر هەر سێ ئاستی دەنگسازی، وشەسازی و ڕستەسازی دان، بۆیە زار گۆڕینەکە بەرچاوەو ناتوانرێ نکۆڵی لێبکرێت.

# زمان ئەو خولقێنراوەی هەمیشە لە بەرەو پێشچووندایە

ئیدریس عەبدوڵڵا
زانکۆی سەلاحەدین

**پێشەکی:**

زمان ئەو زەوییەیە، کە ئادەمیزاد بە گشتی و نووسەر و ئەدیبان بە تایبەتی تۆوی بیرو باوەڕو بیرۆکە جۆراوجۆرەکانی خۆی پێوە دەکات و لە ناخیدا بەرە جوان و شیرینەکانی دەقەکانی هەڵدێنجێت، بە بێ ئەو زەوییە بیرو باوەڕو بیرۆکە لێکجیاکان، چەندەی گرنگ و پێویستیش بن، چەندەی جوان و بەسوودیش بن، لە بیری خاوەنەکەیدا دەمێننەوە، کەناڵێکی دیکە نادۆزینەوە، بەم فراوانییە ببێتە زامنکەری گەیاندن و گواستنەوەیان لە بیری خاوەنەکەیەوە بۆ گوێی خوێنەر و کەسانی بەرامبەر.

بەڵێ ڕاستە، دەشێ جگە لە زمانی وشە، ئاماژە بە زمانی ئاماژەی ئەلیکترۆنی، یان زمانی هێمای دەستی، یان هەر زمانێکی دیکە بکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا هیچیان وەکو زمانی وشە، ناتوانن خەونەکان و ڕابردوو و ئایندەو بیرو بۆچوونە جوانەکان و ئامۆژگارییە پێویستەکان و واقیعی ئێستاو پێویستی و مەترسییەکان و هۆکانی پارێزگاری لێکردنی و هەموو ئەوانەو هەموو شتانی گرنگی لەوانە زیاتریش بگرنە خۆ و لە دوو توێی ئاماژەکانیان جێی هەموو ئەوانە بکەنەوە.

زمان ئەگەر بە زەوی بچێت، ئەوا دەبینین زەوی هەمیشە لە گۆڕاندایە، قەت بۆ دوو ڕۆژ وەکو خۆی نامێنێتەوە، ئەو زەوییەی ئەمڕۆ بەتاڵە، بەیانی تۆ دەکرێت، دوو بەیانی تۆوەکان لە ناویدا وردە وردە دەکەونە ژیان و پاش چەند ڕۆژێك سەر دەر دێنن، لەوە بە دوا ڕۆژ بە ڕۆژ چڕی سەوزایی زیاتر و زۆرتر ڕووی زەوییەکە دادەپۆشێت، دوای ئەوە سەوزیەکە نامێنێت و گەڵاکان وشك و زەرد دەبن، پاش ئەوە دروێنە دەکرێت و ڕووی زەوییەکەو ئەوەی ناویشی هەمووی گۆڕانی دیکەی بەسەردا دێت، ئەو زەوییەشی ئەمڕۆ وێرانەیە، دەشێ سبەینێ ژیانی لێ بتکێت، ئەوەی ئاوەدانیشە ئاساییە بۆ بەیانی ڕازاوەتر و فراوانتر و دیسانەوە بەرەو تیاچوون و وێرانەیی بێتەوە، ئەمە دیرۆکی زەوییەو هەمووماندەیزانین، شتێك نییە پێویستی بە سەلماندن بێت. بەڵام بۆیە بەم درێژییە تیشك دەخەینە سەر وێنەی ڕۆژانەی زەوی، چونکە چۆن زەوییەکە هەر ڕۆژەی لە بارێکی جیا لە ڕۆژەکەی پێشە خۆیەتی، بە هەمان شێوە زمانیش هەمیشە لە گۆڕان و نوێبوونەوەو فراوانبوون و لێکبوونەوەو بارانی دیکە دەبێت، قەت دوو ڕۆژ زمانێك لە زمانەکان وەکو خۆیان نامێننەوە، تەنانەت زمانە وەستاو و مردووەکان، یان دابڕاوەکانیش لە کۆمەڵگاکانی دونیای نوێ، ئەوانیش ڕۆژانە لە کەناڵانی جۆراوجۆر و هیچ نەبێت لە ڕێگەی پیشەسازی و گەڕان و دۆزینەوەو داهێنانی تاکەکانی سەر بە زمانەکە، یان لە ڕێگەی لە دەستچوونی بەرهەمانێکی کۆنی تا دوێنی بەکارهێنراو، یان بە هۆی مردنی کەسانێکی شارەزاو بە بەراورد لەگەڵ خەڵکانی دیکەی هاو نەتەوەی خۆی، فەرهەنگ فراوانی زمانەکە، باری زمانەکە گۆڕانی بەسەردا دێت، وشەکانی کەم دەبن و زیاد دەبن، دەستەواژەو ڕستەکانی بەرەوپێش دەچن و کورتدەبنەوە، ئیدیۆم و خوازەو کینایەی جۆراوجۆریان تیا دروست دەبێ، وشەی نوێ دێتە ناویان و شوێنی وشە کۆنەکان دەگرنەوە، بەمە ڕێك ئەگەر بە وردی لە هەر زمانێك لە زمانەکان بکۆڵینەوە، ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بە بەردەوامی زمانەکان وەکو گیاندارێکی زیندوو وان و هەمیشە ڕەنگ و شێوەو سیماو ڕوخساری خۆیان دەگۆڕن ! !

ئەم گۆڕانە سوننەتی ژیانەو ئاساییە، زاناکان لە کۆندا ئەوەیان ئاشکرا کرد، کە مەحاڵە کەسێك ئەگەر لە ماوەی چەند دەقیقەیێکی کورتیش بێت، بتوانێ دوو جار لە یەك ئاودا بپەڕێتەوە، چونکە ڕووبار و دەریاو جۆگەلە گەورەو

بچووکەکان، بەردەوام لە جولەو تێپەڕین دان و ئەو ئاوەی ئێستاکە یەکێك پێیدا دەپەڕێتەوە، ئەگەر کاتێك گەیشتە ئەو بەری جۆگا، یان ڕووبارەکەو یەکسەر بە هەمان شوێنی خۆیدا هاتەوە، ئەوا دیسانەوە بە هەمان ئاودا نەپەڕیوەتەوە، چونکە ئاوەکە لە شوێنی خۆیدا جولاوەو کەسەکەی جێهێشتووە، ئیتر با بە هەست و قسەی سەرزاریش کەسەکە بڵێت: من سەد جار لەم ئاوە پەڕیومەتەوە ! !

لەم لێکۆلینەوەیەدا بەدرێژی لە بەرەوپێشچوون و جولەی زمان و ئەو هۆکارانەی زمان بەرەوپێش دەبەن و ئایندەی زمان دەدوێین.

**زمانی مرۆڤ:**

ئەوانەی لە زمانی مرۆڤیان کۆلیوەتەوە، لەو ڕۆژەوەی دەقی نووسراو وەکو بەڵگەیێکی بڕواپێکراو بە زمانە کۆنەکانەوە دەستکەوتووەو گەیشتۆتە زمانزانانی ئەمڕۆ و تاوەکو یەکە یەکەی زمان و زار و شێوەزارەکانی ئێستاش، ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە، کە: زمان هەمیشە لە دەوڵەمەندبوون و درووستبوونی گروپی زمانی دیکەدایە، قەت بۆ دوو ڕۆژ فەرهەنگی هیچ زمانێك وەکو خۆی نامێنیٚ و بە بەردەوامی ئەو فەرهەنگە وشەی کۆنی لیٚ دەفەوتیٚ و وشەی نویێ بۆ درووست دەبێت. بۆ ئەمە زانایان بە زیاتر لە شێوەییێك ئەم واقیعەی زمانیان وێناکردووە، هەیانە گوتوویەتی: زمان وەکو مووەکانی سەر وایە، چۆن مووەکانی سەر کە ئەمڕۆ پارێزگاری لە سەرمان دەکەن، هەمان ئەو مووانەی پێش سیٚ مانگ، یان شەش مانگ نینەو تەنانەت لەگەڵ دوێنیٚ و پێرێش جیاوازییان هەیە، چونکە بە پێی سەرچاوە پزیشکییەکانیش لە باری ئاسایی لە هەموو شەوو ڕۆژێکدا نزیکەی سەد تاڵە موو لە سەر و لاشەی هەر یەکێك دەکەوێت و هی دیکە شوێنەکانیان پڕ دەکەنەوە، بە هەمان شێوە زمانیش بەردەوام و ڕۆژانە لە جێهێشتنی هەندیٚ وشەو بەرهەمهێنانی هەندیٚ وشەی دیکە دایە.

هەیشە بە شێوەییێکی دیکە گوزارشتی لەم واقیعە کردووەو گوتوویەتی: زمان وەکو دارستان وەهایە، چۆن دارەکانی دارستان بەردەوام لە مردن و سەرهەڵدانی نویٚ دان، چۆن لق و پۆپەکانی دارەکان بەردەوام لە بڕینەوەو سەردەرهێنانی هی دیکەی نویٚ دان، زمانیش وەهایەو قەت بۆ دوو ڕۆژ وەکو خۆی نامێنێتەوە.

ئەگەر ئەم وێنانە فراوانتر بکەین، دەبینین نەك هەر دارستان و مووەکانی سەر، بەڵکو هەرچی هەیە لە شتەکانی دەوروبەر، هەمووی لە جولە دایەو بەرەو

گۆڕان دەچێت، شتێك نییە بە وەستاوی و وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەو شتانەی هەن، یان خولقێنراوی خودای گەورەن، ئەوانە بە پێی هۆکارەکان لە هیچەوە بەرەو خولقان دێن، دواتریش لەو ڕۆژەوەی دێنە بوون، ئیتر وردە وردە تەمەنیان کورتدەبێتەوەو بەرەو مەرگ دەڕۆن، هەموو ئەو مەخلوقانە قەت لە دوو ڕۆژدا، ئەقڵیان، زمانیان، سیمایان، ئەندامەکانیان، ئارەزوو و خەونەکانیان، پێکهاتەی ناوەوەو دەرەوەیان هەمیشە لە گۆڕاندایەو قەت دوو ڕۆژ وەکو یەك نامێننەوە.. ئەو شتانەش بەرهەمی مرۆڤەکانن، بەرهەمی دەستن، یان بەرهەمی بیرن، ئەوانیش بە هەمان شێوە، قەت بۆ دوو ڕۆژ هیچ بیرێك و قەت بۆ دوو ڕۆژ هیچ پرۆژەو بەرهەمێکی ماددی وەکو خۆیان نامێنن، ماددەی خاو دەهێنرێت، شتی نوێی لێ درووست دەکرێ، ئەو شتە نوێیە ماوەیەك خزمەت پێشکەش دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەگەڵ درووستکرانی سات لە دوای سات و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە تەمەنی کەمدەبێتەوە، تا پەکی دەکەوێت و سوودی نامێنێت.

ئیدی چییە ئەو شتەی هەمیشە لە قەرارێك بمێنێتەوە، پێشینان گوتوویانە بەس تەنیا خودا لە قەرارێك دەمێنێتەوە، دەنا هەرچی هەیە دەگۆڕێ و بەرەو پێش دەچێ و گەورە دەبێ و سەرەنجام لە کاردەکەوێ و دەمرێ، بەڵام تەنیا خوای گەورە لەو یاسایە بە دەرە، ئەویش چونکە خالیقەو سەرەتای نییە تا کۆتای ببێ، لە جیهانێکی دیکەی جیا لە جیهانی مادییات و گیاندار و مەخلوقاتەکانی خۆیەتی، بۆیە ئەو سوننەتانەی بەسەر خولقێنراوەکانیدا جێبەجێ دەبن، ئەو ناگرنەوەو لە هەموو ئەو سوننەتانە گەورەتر و باڵاترە، چونکە (تەواو)ە، (تەواو)یش ئیتر پێویستی بە هیچ نابێ، بەڵام خولقێنراوەکان ناتەواون، بۆیە دەبێ لە جولەی بەرەو تەواوی چووندا بن.

کەوابێ جولەو بەرەوپێشچوون سیمای گشتی تەواوی بوونەوەرە، بە فەلەك و گیاندار و بێگیان و مرۆڤەکان و هەموو شتەکانی دیکە، بێ جیاکردنەوە، ئەگەریش ئەوە یاسای چەسپاو بێ، ئیتر زمان چۆن بۆی دەبێ، لەو یاسایە بەدەر بێ و بە وەستاوی و وەکو خۆی بمێنێتەوە؟! بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێین: زمان خولقێنراوێکە هەمیشە لە گۆڕاندایەو قەت بۆ دوو ڕۆژ وەکو خۆی نامێنێتەوە.

خاوەنی کتێبی (زمانەوانی) پڕۆفیسۆر (محەمەد مەعروف) لە زووەوە ئەو ڕاستییە زەقدەکاتەوەو دەنووسێت: (زمان بە تێپەڕینی کات دەگۆڕێ و بەم پێیە کوردی سەدەی هەژدە و حەڤدە دەبێ لە کوردی ئەمڕۆ جیاواز بوو‌بێت).[1]

زیاتریش لەوە پڕۆفیسۆری ناوبراو دەنووسێت: (هەموو زمانەکانی جیهان هەمیشە لە گۆڕاندان و لە توانای کەس نییە ئەم گۆڕانە ڕاگرێ، یان کەمی بکاتەوە، یان بە تەواوی نەیهێلێ، چونکە گۆڕان لەگەڵ هەڵکەوتی زمان خۆیدایە).[2]

سەبارەت بەو بووار و ئاستانەی زمانیش کە گۆڕان تیایاندا ڕوودەدات، دیسانەوە خاوەنی زمانەوانی دەنووسێت: (ئاشکرایە کە گۆڕان لە هەموو ئاستەکانی زماندا ڕوودەدات، ئاستی فۆنۆلۆژی و فۆنەتیك، ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس و سیمانتیکس، لە هەر ئاستێکدا چەند شێوەیێکی گۆڕان بەدی دەکرێت).[3]

**گیاندارانیش زمانیان هەیە:**

ئەمەی سەروو بیری من بۆ ئەوە دەبات بڵێم: زمان وەکو مەخلوقێکی زیندوو وەهایە، خودا ئەو مەخلوقەی خستۆتە خزمەت مرۆڤەکان و بێجگەی مرۆڤەکانیش، بەڵام دیارە تاکو ئێستا لێکۆلینەوەکان نەیانتوانیوە ئەو نهێنیانە ئاشکرا بکەن، کە زمانی گیانداران هەیەتی، بۆیە بە هەڵە هەندێ گوتوویانە: زمانی گیانداران هەندێ هێمای وشەیین، بەشی پێویستییە هەنووکەییەکانیان دەکات و لەوە بەولاوە نییە، ناتوانن باسی ڕابردوو و داهاتووی پێ بکەن و ناتوانن خەون و خەیاڵی پێ تۆمار بکەن.

کە لە ڕاستیدا ئەم ڕایانەش تیۆری لاواز و بێ بنەمان و ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز زیاتر لەمەو گەورەتر لەمە وەصفی گیانداران و زمانەکانی ئەوانی کردووەو دەریخستووە، کە لەگەڵ مرۆڤەکان چ جیاوازییەکیان نییە، ئەوەتا پەپو سولەیمانە دەبێتە گەڕیدەو لە فەلەستینەوە گەشت دەکات، دەگاتە یەمەن و سەبەئی پایتەختی ئەو حکومەتەی ئەوێ و لە ژیان و بیرکردنەوەو عەقیدەو گفتوگۆ و پەرستشەکانی خەڵکی ئەو وڵاتە ورددەبێتەوە، دەیانکاتە ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەل و بۆ حەزرەتی سلێمان (سەلامی خوای لەسەر) دەیهێنێتەوە، ئینجا کە دەگەڕێتەوە خزمەت حەزرەتی (سلێمان)یش (سەلامی خوای لەسەر)، حەزرەت پرسیاری لێ دەکات، تا بزانێ بۆچ بەبێ پرس ونبووە؟ تا ئەگەر

پاساوی نەبێت و نەتوانێ بەرگری لە خۆی بکات، سزای بدات. کەچی پەپوسولەیمانە بەرگری لە خۆی دەکات و دەڵێت: من هەواڵێکم پێیە، کە تۆ لات نییەو لە سەبەئەوە بە هەواڵێکی یەقینەوە هاتوومەتەوە خزمەتت.

ئایا ئەم زمانە تەنها باسی پێداویستییە هەنووکەییەکانی پەپوسولەیمانەکانە؟ یان زمانێکی پڕ و گوزارشتکەر لە واقیعێکی دەوڵەمەند و پڕ هێماو درووست و ڕەوانتر لە زمانی زۆرێکی مرۆڤەکانە؟!

نەك هەر ئەمە، بەڵکو لەوەش زیاتر، کە بچووکتر لە پەپوسولەیمانە، ئەویش مێرووە!! باشە ئەدی بۆ ئەوە چ بڵێین: حەزرەتی سلێمان (سەلامی خوای لەسەر) لەگەڵ سوپاکەی لە شارە مێرووێك نزیکدەبنەوە، گەورەی مێرووستانەکە وشیاری دەداتە مێرووەکان و پێیان دەڵێت: ئەی مێرووەکان بچنەوە ناو شارەکانتان، مەبادا لەژێر پێی سلێمان و سوپاکەی بپلیشێنەوەو هەستیشتان پێ نەکەن!!

**ئەم وشیاری دانە زۆر شتی لێ دەخوێنرێتەوە، لەوانە:**

1ـ مێروویش وەکو مرۆڤەکان بەرژەوەندی خۆیان دەزانن و هەست بە بوونی مەترسییەکان دەکەن.

2ـ زمانی مێرووانیش بەشی ئەوە دەکات بە ڕوونی و تێروتەسەلی یەکتر تێبگەیەنن و ئەو هەست و بیرانەی لە مێشکە بچووکەکانیاندا دەخولێتەوە، بە زمانێکی ڕوون و بە شێوازی قەناعەت پێکەر بیگەیەننە یەك.

ئەدی ئەگەر پەپوسلێمان و مێروو ئەو زمانە پێشکەوتووەیان هەبێ، کە بە هەقیقەت نابینین وشەکانیان لە زمانی مرۆڤ کەمتر و شێوازەکانیان لە هی مرۆڤ سادەتر بێ، ئەدی دەبێ گیاندارە زەبەلاح و زیرەك و وشیارەکانی دیکە، خاوەنی چۆن زمانێك بن؟! ئایا زەحمەتە بڕوا بەوە بکرێ لە نێو گیاندارانیش شێوازی کاریگەر و شێوازانی بەهێز هەیە؟! بە پێی بەڵگەکانی پێشوو، من ئەوە بە زۆر نازانم.

**هۆی بەرەوپێشچوونی زمان:**

هۆکانی بەرەوپێشچوونی زمان زیاترن لە یەکێك لەوانە:

1ــ نوێبوونەوەی ڕۆشنبیری.. دیارە لەگەڵ نوێبوونەوەی بیر و ڕۆشنبیری پێویستییە ڕۆشنبیرییەکانی نەتەوە، دەبنە هۆکارێك بۆ گۆڕان و داهێنانکاری لە زۆرێکی بووارەکان و بە تایبەتیش لە بوواری زمان، ئەوەتا بیست سی ساڵ پێش

ئێستا کەس بۆ مردووەکەی خۆی لافیتەیێکی لە دەرگای مزگەوتەکە هەڵنەدەواسی، ئێستا بیر لەوە کراوەتەوە، بوونی ئەم لافیتەیە پێویستییەکی سەردەمەو بە نەبوونی کەم گرنگیدان و کورتبینی خاوەنانی مردووەکە بۆ مردووەکەیان دەگەینێ، ئەوەش ڕەتکراوەو ناپەسندە، بۆیە لافیتەیێك و زیاتر لە لافیتەیێکیش بۆ ئەو مەبەستە دەنووسرێن، ئەمە تەرزێك دەربڕین دێنێتە ناو فەرهەنگی نەتەوەیی، پێشتر ئەو دەربڕینانە لە نێو فەرهەنگی نەتەوەیی نەدەبینران، کەس پێشتر نەیدەگوت: (بە دڵێکی پڕ لە ئیمان و ڕازی بە قەدەری خوا پرسەی خواڵێیخۆشبێ فلانی کوڕی فلان بۆ دۆست و ئازیزانی ڕادەگەینین، کە دەکاتە باوکی فلان و فلان و فلان و برای فلان و فلان، پرسەکەش لە مزگەوتی فلانییەو ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی پرسەکەیە)!!

دوا بە دوای ئەمە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانیش جاری وەها هەیە، مردووەکە ئەگەر ناسراو بێ، دەیان نامەو برووسکەی ماتەمینی جۆراوجۆری بۆ دەنووسرێت، کە ئەم نامەو ناوەڕۆکانە لە پێشتردا قەت ئەو گرنگییەیان پێ نەدەدراو فەرهەنگ ئەم دەربڕین و ڕستانەی مەگەر زۆر بە کورتی دەنا لەخۆدا هەڵنەگرتبوو.

جگە لەمە، ڕێکلامە بازرگانییەکان دەیان دەربڕینی نوێ ڕۆژانە دێننە ناو فەرهەنگ، پێشتر عەیب بووە یەکێك پڕوپاگەندە بۆ کاڵای خۆی بکات، ئێستا بە هەق و ناهەق پڕوپاگەندە بۆ بەرهەمی باش و خراپ دەکرێت و چ وشەو دەربڕنێك سیحردرووستکەرن ئەو وشەو دەستەواژانە ڕیکلامەکانیان پێ پێشکەش دەکرێت.

هاتنە سەرتەختی بەرپرس و کەسایەتییە گەورەکانی حکومەتەکان و پەیوەندی حکومەتەکان بە یەکتری و پەیوەندی حزب و دامەزراوەکانی تر لەگەڵ یەك و بۆنەکانی لەدایکبوونی کەسایەتییەکان و مردنیان و سەرکەوتنەکانیان و شۆڕشەکانیان و ڕۆژی نیشتومانی وڵاتەکان و بۆنەی جەژنەکان و مەراسیمی ڕێزلێنان و خەڵاتکردنی بەهرەمەندان و دەیان ئاهەنگ و بۆنەی تر، کە پێشتر، یان نەبوون، یان زۆر بە سادەیی بەڕێوە دەچوون، ئێستاکە داهێنانی گەورە لە نووسینی وتار و نامەکانی ئاراستەکراوی یەکتری لەو بۆنانە دەکرێت و هەموو ئەو بۆنەو بابەتانە دەبنە هەوێنی درووستبوونی سەدان دەربڕین و شێوازی دڵگیر و وشەو دەستەواژەی نوێ و بەهێز، کە هەموو ئەو بارانە بە هۆی نوێبوونەوەی ڕۆشنبیرییەوە هاتوونەتە پێش، دەنا لە ڕۆشنبیری سەدەکانی پێشوودا وێنەی

ئەمانە بەدی نەدەکرا، بەڵام ناشبێ ئەوە لە بیر بکەین، کە بە پێی بەرەوپێشچوونی ڕۆشنبیری دەربڕین و ئەدەبیاتی نوێ، کەم تا زۆر، بە بەردەوامی درووستبووەو هیچ قۆناغێك لەوە خاڵی نەبووە.

2ـ حەزی داهێنان.. بەرهەمهێنانی دەربڕین و دەستەواژەی نوێ لەسەر بنەمای وشە فەرهەنگییەکانی زمان، بە ڕێگەو شێوازی جۆراو جۆر لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی فۆڕم و جۆرە ئەدەبییە پڕ لە داهێنانە جۆراوجۆرەکانی وەکو شیعر بە هەموو شێوەو چیرۆك و وتار و ڕۆمان و بابەتە پەخشانییەکانی تریش بە تەواوی شێوەکانیان.

3ـ هاتنە ناوەوەی چەندین وشەو زاراوە لە ڕێگەی بابەتە زانستی و ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی زمانانی دیکەو لە ڕێگەی هاتنەناوەوەی بەرهەمەکانی تەکنەلۆجیا و بەرهەم و کەل و پەلی دیکە، کە لە هەموو دونیاوە دەڕژێنە بازاڕە نیشتومانییەکان.

4ـ وەرگێڕان لە زمانانی دیکە، کە ئەمە لە لایێکدا زۆر جار وشەو دەستەواژەو زاراوەی ئەوان، دێنێتە نێو زمانی نەتەوەیی، لەولاشەوە گەلێ لە یاسا سینتاکسی وشەسازییەکانی زمانانی تریش دەگوازێتەوە نێو زمانی نەتەوەیی.

5ـ گۆڕانی دیدی مرۆڤەکان بە گشتی و داهێنەران بە تایبەتی، ئەوەتا لە کۆندا زمانی نەتەوەیی بە زمانی مەحەللی دادەنراو بەرهەمە ئەدەبی و نامە گشتییەکان بە زمانێکی دیکە دەنووسران، بەمەش زمانی نەتەوەیی بە خێرایی بەرەوپێش نەدەچوو، ئەوەتا لە سەدەکانی هەژدەو نۆزدە ئەکادیمیای زانستی دەوڵەتی ڕووسیای قەیسەری لە شاری بترس بۆرگ بەرهەمەکانی خۆی بە زمانی فرەنسی تۆمار دەکرد، چوونکە پێیان وابوو زمانی ڕووسی زمانی خەڵکە بە گشتی و ئەدەب و ڕۆشنبیریش دەبێ بە زمانی نوخبەی داهێنەر و هونەرمەند و پڕ لە داهێنانی ئەدەبی بێ، عوسمانییەکانیش هەتا سەدەی هەژدەش بە زمانی فارسی موراسەلاتی خۆیان دەکرد، ئەوەتا شەرەفخانی بەتلیسی کە شەرەفنامە دەنووسێ و پێشکەشی سوڵتانی عوسمانیی دەکات، بە زمانی فارسی ئەو کتێبەی بۆ دەنووسێت، ئەورووپاش سەرەتا هەر بە لاتینی دەیاننووسی و لاتینییان بە زمانی دایك دەزانی، بە ڕەوایان نەدەبینی لە بێجگەی لاتینی بە زمانێکی دیکە بنووسرێت، بەڵام لەگەڵ ڕێنیسانس و دواتر بەرەوپێشچوونی بیری

نەتەوەیی گرنگی بە زمانی نەتــەوەیی دراو بەمـە زمانـە نەتەوەییـەکانی ئـەورووپا وردە وردە بووژانـــەوەو بەرەوپێشـــچوون. زمـــانی کـــوردیش تـــا شـــتی پـــێ نەنووسرایەوە، قەت وەکو ئێستا دەوڵەمەنـد نـەبوو، بـەڵام لـەو ڕۆژەوەی بـووە زمانی ئەدەبیاتێکی هونەری بەرز و لـەو ڕۆژەوەی بـووە زمـانی فێرگـەو زانکـۆ و ڕاگەیاندن و دام و دەزگا فەرمییەکانی حکومەت لەم پارچەیەی کوردستاندا، ئەم زمانە بەردەوام لە بووژانەوە فراوانبوونی فەرهەنگەکەیدایە.

**ئایندەی زمان:**

بۆ ئەوەی لەو ڕاستییە نزیك بینەوە، کە لە ئایندەدا زمان پێی دەگات، بـاش وایە هەندێ تێکستی زمانی لە دەقە کۆن و نوێکان بخەینە بەرچاو، چونکە بەمە واقیعەکەمان بە بەرجەستەکراوی لە پێشدا زەقدەبێتــەوە، لـە خـوارەوە کـار بـۆ ئەوە دەکەین.

زانایـان لەســەر ئـەوەن، کـە مرۆــڤ بـەرەوپێش دەڕوا، ئــەقڵ و تەمــەن و ڕۆشــنبیریی بــەروپێش دەڕوا، هەرچـــی هەیــەتی وەکــو مــاددە لــە گــۆڕان و بەرەوپێشچوون دەبن، بە هەمان شێوە زمانەکەیشی بەرەوپێش دەچێت و وەکو خۆی نامێنێتەوە، ئەگەر سەیری ئاراستەی گۆڕانهێنـان بەسـەر زمـانی نووسـینی شیعری کوردیش بکەین، کە ڕۆژگارێك هـەموو ئـەدەبی کـوردی لـە شـیعر کـورت دەبووەوە، ئەم مەسەلەیەمان باشتر بۆ دەردەکەوێت.

زمان لە ئەدەبی کلاسیزمدا ئاڵۆزو پڕ لە سنعەت و وشەی بێگانەیەو (هـەموو جۆرە جوانکارییە وشەیی و مانابیەکانی عەرەبی لـە ڕووی مەشـق و پڕاکتیکـەوە لە شیعری کلاسیکی کوردی بـەدی دەکـرێ) [4]، بـۆ نمونـە: (نـالی) لـە دێڕێکیـدا دەڵێت:

**- نالی نییەتی سیحری بەیان حیکمەتی شیعرە**

**ئەمما نییـــەتی قووەتی دڵ قودڕەتی ئینشا ..** [5]

ئەم دێڕە پڕ لە وشەی نا کوردییەو ئەم هونەرانەی ڕەوانبێژی تیادا هاتووە:

1ــ لـە نیـوە دێـڕی یەکـەم وشــەی (ســیحری بــەیان) دەربڕینێکـی لێکـدراوی عەرەبییە، (تیلنیـشان)ە بـۆ فەرمـــــوودەی: (ألا أن في البيـان لـسحرا، ألا أن في الشعر لحكمة). [6]

2ــ لــه نیــوه دێــڕی دووەم دەســتەواژەی (قــودرەتی ئینــشا) عەرەبییــەو (تیلینیشان)ە بۆ ئایەتی پیرۆزی: ﴿قـل هـو الـڑی أنـشأكم﴾. سورەتی پـیرۆزی ﴿الملك﴾، ئایەتی 23.

3ـ له نێوان هەردوو وشەی (نییەت)دا (ڕەگەزدۆزی تەواو) هەیە، کە یەکەمیان لە نیوە دێڕی یەکەم بە واتای (النیه)ی عەرەبی (نیان)ەوە هـاتووە، ئـەوەی نیـوە دێڕی دووەمیش بە واتای (نەبوون) هاتووە.

4ـ له نێوان دوو وشەکانی (قـووەت) و (قـودرەت) (ڕەگـەزدۆزی ناتـەواو) هەیـە، چونکە ئەم دوو وشانە بە تەنها دوو پیتی سێیەم و چوارەمیان لە یـەکتر جیایـە، دەنــا ســێ پیتــەکانی تریــان وەکــو یــەکن و، بــە یــەك شــێوەش ڕیــز بوونــە، هەردووکیشیان وشەی عەرەبینە.

لە هەموو ئـەو ڕەوانبێژییەشـدا ئەگـەر ئـەو تێکەڵکردنـەی وشـەی عـەرەبی و کوردی نەبووایـە، هـیچ یەکـە لـەم هونەرانـە درووسـتنەدەبوون، بۆیـە شـاعیرانی کلاسیك و بە تایبەت نالی بەکارهێنانی عەرەبیەکەیان بە هۆکارێکی گرنگی جوانی داناوە، پێیان وابووە ئەمە کاریگەری خراپ لەسەر زمانی نەتەوەیی ناکات، بۆیـە هەر نالی گوتوویەتی:

**تەبعی شەکەرباری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا**
**ئیمتحانی خۆیە مەقصودی لە عەمدا وا دەکا**
**کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە**
**هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالبی مەعنا دەکا**

دەبینین نالی شانازی زۆر بەوە دەکات، کە بە زمانی کوردی دەنووسـێ، خـۆ بێگومان نـالی ئەوەشـی لەبەرچـاوە، کـە دیوانەکـەی بـە گشتی و هـەر ئـەم دوو دێڕەشی بە تایبەتی پڕیەتی لە وشەی ناکوردی، بەڵام وەکـو گوتمـان لای ئـەوان ئەگەر ڕێزمانەکە کوردی بوو، ئەوا وشەی هەموو دونیاشی تیا بێ، زمانەکـە هـەر کوردییەو ئەم بارەش چ زیانێکی نابێ.

یان (مەحوی) دەڵێت:

**خودا ئەم ئاینەی لائیق بە بوبەکرو عومەر دیوە**
**کە ئەووەل پانیی و پانی شەرەفیایە بە (لوکان)**
**لە بەعدی ئەم دووە عوسمانی (ذی النورین)ە (ذو الأنوار)**
**عەلی شاهی ویلایەت بابی عیلم و شێری یەزدانە**

**بەسەر یانە بەسەر باقی صەحابەو ئال و یارانە**
**بباریێنیٚ خودا هەر ئان و سات و ساعە (رضوان)ە(7)**

لەم پارچەیەی (مەحوی)ش هەموو ئەو وشانە ناکوردین: (لائیق)، (بوبەکر)، (عومەر)، ((ئەووەل)، (پانی) و (پانی)، (شەرەفیا)، (لو کان)، (بەعد)، ((عوسمان)، (ذی النورین)، (ذو الأنوار)، (عەلی)، (شاه)، (ویلایەت)، (باب)، (عیلم)، (باقی)، (صەحابە)، (ئال)، (ئان)، (ساعە)، (رچوان).

ئەمین فەیزی بەگیش گوتوویەتی:

**ـ گەر ڕەفیقت یاری صادق بێ چ باکی ڕێگەتە**
**گەر کەسی بەدخوت لەگەڵدا بێ جەهەننەم جێگەتە(8)**

لێرەشدا وشەکانی ناکوردین، بەڵام لە قۆناغی دواتردا زمانی ئەدەبیاتی نوێ و ڕۆمانسیزم سادەو پەتییە، ئەوەتا شیعرەکانی (گۆران)، کە یەکێکە لە ڕابەرانی شیعری نوێ و ڕۆمانسیزمی کوردی (ڕەنگدانەوەی تەواوی تایبەتمەندییە ئیستاتیکیەکانی زمانی کوردییە)(9) و، بە تایبەت شیعری سییەکان و بە سەرەوەی بە زمانێکی کوردی پەتی نووسراون و گەلێ وشەی نوێشی هێناوەتە ناو.. بۆ نمونە دەڵێت:

**کوردستان ئەگەرچی دوورە دنیای تۆ**
**دۆڵ و دارستانی چۆڵ و تەنیایی تۆ**
**دووری لە شارستان لە ژینی تازە**
**لە شەوی ڕوناك و پڕ لە ئاوازە**
**پڕ لە پێکەنین و پڕ لە نەنووستن**
**پڕ لە سووڕانەوەو، پڕ لە کۆڕ بەستن**
**ئەگەرچی تۆ دووری لە ڕۆژی شاران**
**ڕۆژی پڕ لە گەردش هات و چۆو جووڵان**
**ڕۆژی پڕ لە زانست پڕ لە فەننی جوان**
**کتێب و ڕۆژنامە هەیکەل و مەیدان...هتد(10)**

کە لە زمانی ئەم شیعرەی گۆران ورددەبینەوە، دەبینین لە لاییێك زمانەکە زۆر لە وشەی ناکوردی پاکبۆتەوە، لەولاوەش دەوڵەمەند کراوە بە گەلێ وشەی نوێ، بۆ نمونە: وشەکانی (شارستان)، (ژینی تازە)، (شەوی ڕوناك)، (کۆڕ بەستن)، (ڕۆژی شاران)، (کتێب)، (ڕۆژنامە)، (هەیکەل)...ئەمانە هەمووی شت و

چەمکی نوێنە بۆ ئەو ڕۆژگارەی کورد، شاعیر دەیانورووژێنێت و، خەو بەو ڕۆژەوە دەبینێت، کە گەل و وڵاتەکەی ئەویش چیتر لەو شتانە دوور نەبن و،سوودیان لێ ببینن.

بەڵام زمانی قۆناغی پێش ڕۆمانسیزم کە قۆناغی نێوان (کلاسیزم و ڕۆمانسیزم)، (نالی و گۆران)ە، لە بارێکی ناوەندە لە مانە هەردووان، زۆرجار قورس و پڕ لە وشەی بێگانەو زۆرجاریش لە زمانی سادەو ئەدەبی فۆلکلۆرو سەرزاری خەڵکیش نزیك دەبێتەوە، بۆ نمونە (حاجی) دەڵێت:

**لە گوێی گا نووستوون هەرچەندە شێرن**
**وەکو کەروێشکی چاو ڕامـــاوو کوێرن**
**ئـــــەوی ئەعلایە سەردەستەی شکارە**
**ئەوی ئـــــەدنایە بەستەی زوڵفی یارە**
**ئەوی ئازایە شـــــــەهنامە دەخوێنێ**
**ئەوی مســــکێنە گەنم و جۆ دەچێنێ**[11]

لێرەدا زمانەکە نە وەکو هی نالی قورس و قەبە و پڕ لە دەربڕینی ناکوردییە، نە وەکو زمانی (گۆران)یش وەهایە پڕ لە وشەی کوردی پەتی و تا ڕادەییێکی زۆر خاڵێ لە وشەو دەستەواژەی ناکوردی بێت، بە شێوەییێکە بە بەراورد لەگەڵ (نالی) زمانەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام گۆڕان و بەرەوپێشچوونی زمانەکە بەوەش نەوەستاوەو لای (گۆران) و (پیرەمێرد) و شاعیرانی دیکەی دوای ئەوان، کە لێرەدا دەرفەت نابێ نمونەی هەموویان وەربگرین، زمانەکە تا هاتووە نوێبۆتەوەو پڕ کراوە بە وشەو دەربڕین و دەستەواژەی کوردی و نوێ.

دیارە زمانی پەخشان و ئاخاوتنیش هەر وەکو ئەوەی شیعر بووە لە کۆن و دواتر گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەوەتا ئەگەر تەماشای ئاخاوتنی حەفتا هەشتا ساڵ پێش ئێستا بکەین، زمانی کوردی پڕبوو لە وشەی ناکوردی، هی زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی، جاران گوتوویانە:

**ـ ڕەسولی ئەکرەم، سەیدی سەقەلەین و ئیمامی موڕسەلین، محەمەدی کوڕی عەبدوڵلایە (صلى الله عليه وسلم)، کە بێ نیزاع و بێ شك فەخری کائینات و حەبیبی باری تەعالایە.**

**ـ فەخامەتی مەلیکی مووەقەڕ عالی جەناب (مەلیك فەیصەل) زیارەتی ڕەوزەی شەریفەی کرد!**

ـ حەملی حیمارِی ئەسوەدت بە چەند دەرِاهیمی مەعدودە عەتا دەدەی؟

ئەم رِستانەی سەروو و چەندانی دیکەی وەها، کە زمانی کوردی ئەوسایان پێکهێناوە، دەبینین زۆر خاڵینە لە وشەو دەستەواژەی کوردی و تەنیا سیستمەکەیان سیستمی رِستەسازی کوردییە، دەنا چ وشەیێکی ئەوتۆی کوردییان تێدا نییە، بەڵام کوردیشن. کەچی ئێستا وەها نانووسرێ، دەنووسرێت:

**ـ پێغەمبەری خۆشەویست (درود وسڵاوی خوای لەسەر)، گەورەی ئادەمیزاد و پەرییان، ئیمام و پێشەوای پێغەمبەران، محەمەدی کورِی عەبدوڵلایە (درود وسڵاوی خوای لەسەر)، بێ گومان جێ شانازی هەمووان و خۆشەویستی خودای گەورەو میهرەبانە.**

**ـ سەرۆکی بەرِێز (مام جەلال) سەردانی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات! (تەنانەت شێوازیش گۆرِاوە، ئێستا لە رِۆژنامەگەریدا بۆ پیشاندانی رِابردوو، مانشێت بە رِانەبردوو دەنووسرێت، چونکە ئەمە بەهێزتر و گەرمترە).**

**ـ باری گوێدرێژەکەت، یان بارەکەت بە چەند دەفرۆشی؟**

**ـ زمانمان زمانێکی رِەنگین و شیرین و دەوڵەمەندە، بە تایبەتی شێوەی نووسینمان سەربەخۆیە، لەگەڵ ئەوەیش بۆ رِاست و رِەوان نووسین، جگە لە زمانی کوردی، هیچ نەبێت گەرەکە لە زمانێکی دیکەشدا شارەزایی رِێی و شوێنی نووسینی ببین، بۆ ئەوەی بناغەی تازەی نووسینمان نەشێوێت و خراپ نەرِوات، خووا بکا (حکومەتی بەرِێز و رِێبەرمان، تێبینی ئەمە بکەن و بە دانی رِەزامەندی لەسەر دامەزراندنی سەنتەرێکی زمانناسی گرنگی بەم کارە چاکە بدەن، کە بۆ سوودی میللەتەکەمانە و جێی سوپاسە...**

لە رِۆژنامەشدا زمان لە نێوان شەست حەفتا ساڵ پێش ئێستاو ئێستادا گۆرِانی زۆر بەسەر زمانی نووسینی کوردیدا هاتووە، لە خوارەوە ئەم دوو پارچەیە بە نمونە دێنینەوە:

**1ـ (... زمانمان زمانێکی رِەنگین و شیرین و فراوانە، وە بە تایبەتی شێوەی نووسینمان سەربەخۆیە، لەگەڵ ئەوەیش بۆ رِاست و رِەوان نووسین، جگە لە زمانی کوردی، هیچ نەبێت لە زمانێکا شارەزایی رِێی و شوێنی نووسینی گەرەکە، بۆ ئەوەی بناغەی تازەی نووسینمان نەشێوێت و خواروخێچ دانەمەزرێت، خووا**

**بکا (ڕەهبەرمان کە حکومەتی فەخیمەیە، تێبینی بکەن و ئەم کاری خێرە کە بۆ چاکەی ژیانی میللەتێکە، بە دانانی جەمعییەتێکی مەعاریف سازی بفەرموون)**[12]

**بەڵام ئێستا ئەم وتارەی سەروو وەها دەنووسرێت:**

زمانمان زمانێکی ڕەنگین و شیرین و دەوڵەمەندە، شێوەی نووسینمان سەربەخۆیە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ڕاست و ڕەوان نووسین، جگە لە زمانی کوردی، هیچ نەبێت پێویستە لە زمانێکی تریشدا شارەزاییمان هەبێت، بۆ ئەوەی بناغەی تازەی نووسینمان نەشێوێت و خواروخێچ دانەمەزرێت، خووا بکا ڕێبەرمان کە حکومەتی خاوەن شکۆیە، تێبینی ئەمە بکەن و ئەم کاری خێرە، کە بۆ سوودی ئێستاو ئایندەی میللەتێکە، بە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی زمانناسی کارئاسانی بۆ بکەن.

لە وتارەکەی سەروو وشەکانی: (تازە)، (فەخیمە)، (جەمعییەت)، (مەعاریف).. عەرەبین و دەربڕیەکانیش ئەوەی کوردیشن، کۆنن، ئێستا وەها نانووسرێت.

2ـ لە یەکێ لە وتارەکانی گۆڤاری نیشتمانی کۆمەڵەی (ژێ کاف)دا هاتووە:

ئەی ڕوئەسای عەشایری دلێر و غەیوری کورد

کەمێك وردبینەوەو تۆزێك بیر لە حاڵی ئیمڕۆ و دوێنێتان.. تا دوێنێکە کامتان لە هەمووان گەورەو مەزنتر بوو، بەرانبەر بە مەئمورێکی خوێڕی حکومەت نەدەوێرا قسە بکات و زمانی لێ تێکەڵ دەبوو، ئێستا کە خوا بەزەیی بە چارەڕەشی ئێمەدا هاتووەو زنجیرەی زوڵم و ستەمی دوژمنی لە شان و پیلی کورد لە دوو پارچەی کوردستانی داگیرکراوی عیراق و ئێران داماڵیوە، کارێکی وا مەکەن، هەوری قەهر و غەزەبی خوای گەورەو بەرز گلێرەی نەگبەت و چارەڕەشیمان بەسەردا ببارێنێت، چونکو: (الملك يبقى مع الكفر ولا يبقى مع الظلم)! زوڵم چ دەربارەی بێگانە یا خۆمانە بکرێت خراپەی لێدەوەشێتەوە، بناغەی کار تێکدەدات، ئادەمیزاد دەخاتە ناو چاڵی چارەڕەشیو نەگبەت...[13]

بەڵام ئێستا وەها دەنووسرێت:

ئەی سەرۆك هۆزە دلێر و ئازاکانی کورد

کەمێك وردبینەوەو تۆزێك بیر لە ژیانی ئیمڕۆ و دوێنێتان بکەینەوە.. تا دوێنێکە کامتان لە هەمووان گەورەو مەزنتر بوو، بەرانبەر بە مەئمورێکی خوێڕی حکومەت نەدەوێرا قسە بکات و زمانی لێ تێکەڵ دەبوو، ئێستا کە خوا بەزەیی

بە چارەڕەشی ئێمەدا هاتووەتەوەو زنجیری زۆر و ستەمی دوژمنـی لـە دەسـت و پێی کوردی ئەم دوو پارچەی کوردستانی داگیرکراوی عـیراق و ئێـران دامـاڵیوە، کـارێکی وا مەکـەن، هـەوری تـوڕەیی و ڕقـی خـوای گـەورەو بـەهێز نەگبـەت و چارەڕەشیمان بەسەردا ببارێنێت، چونکە گوتوویانـە: دەسـەڵات لەگـەڵ کـوفردا درێژەی دەبێ، بەڵام لەگەڵ ستەمدا تێدەچێ!

ستەم چ دەربارەی بێگانە، یـا خۆمانـەش بکرێـت خراپـەی لێدەوەشـێتەوە، بناغەی کار تێکدەدات، ئادەمیزاد دەخاتە ناو چاڵی چارەڕەشیو نەگبەتەوە...

دەبیــنین ڕســتەو وشــەکانی: (ڕوئەســا)، (عەشــایر)، (غــەیور)، (حــاڵ)، (مەئمور)، (زوڵم)، (قەهر)، (غەزەب)، (گلێرە)، (الملك یبقی مـع الکفـر ولا یبقـی مع الظلم)! (زوڵـم)، کـە بەسـەریەکەوە زیـاتر لـە هەڤـدە وشـە پێکـەوە دەنـێن، ئەمانە هەموویان وشەی ناکوردین، ئێستاکە زۆربەیان بەکارناهێنرێن، بـە وشـەی کوردی جێیان پڕکراوەتەوە، تەنانەت وەکو دەبیـنین دەسـتەواژەو ڕسـتەکانیش وەکو هی ئێستا نین و هی ئێستا بە جۆرێکی دیکەیە.

هەموو ئەوەش لە ڕاستیدا ڕەوڕەوەی بەرەوپێشـچوونی زمـانی نەتـەوەییمان دەخەنە بەرچاو، بەڵگەی ئەوەنـە، کـە زمـان هەمیـشە لەبەرەوپێشـچوونەو هـیچ کاتێك لە یەك شێوەدا نامێنێتەوە.

کەوابێ لە ئایندەدا زمان هەمیشە نوێتر دەبێت لەوەی لە پێشوودا هەیە، هەر زمانێــك خزمــەتی کــراو زیــاتر بــەکارهێنرا دەوڵەمەنــدتر دەبێــت، دەربــڕین و دەسـتەواژەکانی جیاوازییـان تێدەکـەوێت، بـە بـەراورد لەگـەڵ پێـشوو، بـەوەش کـەوابێ ئەگـەر مردووێکـی سـەد، یـان دووسـەد سـاڵ پێـشتری هـەر نەتـەوەیێك زیندووببێتەوە، زۆر بە خراپ حاڵی دەبێت، لە زمانی نەتەوەکەی، چونکە هەمان ئەو زمان نەماوە، کە پێشتر خۆیان قسەیان پێکردووە، ئەمەش سوننەتی ژیانە، هیچ شـتێك وەکـو خـۆی نـامێنێ، بـەم پێیـە زمـانیش ئـەو سـوننەتەی بەسـەردا جێبەجێ دەبێت و بـەردەوام لـە بەرەوپێشـچوون و نوێبوونـەوە دەبێـت، مەگـەر زمانێـك نەتەوەکـەی بـە هـۆی یـەکێ لـە کارەسـاتەکان تیـا بـچن و ژمـارەی قسەپێکەرانی کەم ببنەوە، ئەوکاتی ئەو زمانیش وەکو خۆی نامێنێتەوە، چونکە بەردەوام وشەو دەربڕینەکانی کەم دەبنـەوەو هـی زمانـانی نزیـك لـە خـۆی تێـدا کۆدەبێتەوە، بەمە پاش ماوەیێـك دەبیـنین زمانەکـە لـەنێو چـووەو چ ئەسـڵێکی نەماوە، نمونەی ئەمەش گەلێ زمانی کۆنی میللەتە تێچووەکانن، وەکو زمانەکانی

کاشی و لولو و سومەر و بابلی و میسرییە کۆنەکان و فارسی کۆن و ...هتد. کە ئەم زمانانە ئەگەر مانەوەییێکیان مابێ، لە دوو توێی هەندێ تێکستی کۆنـە، کـە بەو زمانانە نووسـرابن، دەنـا بـەکارهێنانیان نـەماوەو چ میللـەتێك ئێـستاکە بـەو زمانانە قسە ناکەن.

**ئەنجام:**

گۆڕان واتـا نوێبوونـەوە، نوێبوونـەوەش وەکـو ئاماژەمـان پێیـدا سـیماییێکی سـەرەکی هـەموو مـەخلوقاتی خودایـە، بۆیـە (زمـان)یـش وەکـو هـەر یەکـە لـە مەخلوقەکانی دیکەی خودا، هەمیشە خۆی نوێدەکاتەوەو هەمیشە وەکو خۆی لە بـارێکی بەسـتوودا نامێنێتـەوە، ئەمـەش تاکـە هـۆی درێژبوونـەوەی زمـان و مانەوەیەتی بە شێوەییێکی زیندوو، تا ئەو کاتەی ئادەمیزاد و کۆمـەڵگای مرۆیـی دەمێنن و ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە بەردەوام دەبێت، چونکە ئەگەر مرۆڤـەکان خۆیان سروشت و بیرکردنەوەو چێژو دیـدیان بـۆ جـوانی و ژیـان و گـەردوون بـە گـشتی و هـەڵس و کـەوت و مامەڵـەو گرنگیپێـدان و تـەواوی شـتەکانی دیکـەیان بگۆڕێـت، دەبـێ (زمـان)یـشیان بـە تـەریبی لەگـەڵ ئەمانـەدا بگۆڕێـت، دەنـا بـە پێچەوانەی ئەوەی لە زمان دەمێنێ گەلێ کەمتر و سادەتر دەبـێ، لـەوەی بەشـی پێویستییە نوێ و زۆرەکانی سەردەمی نوێی مرۆڤەکان بکات، لەبەر ئەوە گـۆڕان و بەرەوپێشـچوونی (زمـان)یـش وەکـو گـۆڕان و بەرەوپێشـچوونی ئـادەمیزاد و تەواوی مەخلوقاتەکانی دیکـەی خـوداش، سـوونەتێکی خوداییـەو دەبـێ وەکـو هۆکارێکی بەهێز و گرنگ و پێویـست لـە ڕەوڕەوەی بەرەوپێشـچوونی ژیانـدا لـە تەواوی زمانەکان وەدی بێت، تەنیا ئـەو زمانانـە لـەو سـوونەتە دەردەچـن، کـە خودای گەورە مەبەسـتیەتی لـەنێو بـچن و نەگەنـە ڕۆژگـارانێکی دیکـە، نمونـەی ئـەوەش گـەلێ لـە زمانـە کۆنـەکانی وەکـو سانـسکریتی و سـۆمەری و زمـانی نەتەوەکانی هەزارەکانی دەیەم و نۆیەم و هەشتەم و هی دیکەی پێش زایین.

**پەڕاوێز و سەرچاوەکان:**

1ـ محەمەد مەعروف، زمانەوانی، چاپخانەی دار الحکمە، هەولێر، 1990، لا 114.

2ـ سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

3ـ سەرچاوەی پێشوو، لا 115.

4ـ د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2001، 170.

5ـ دیوانی نالی، ئا: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عەبدولکەریم، بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، لا 78.

6ـ نورالدين علي بن ابي بكر الهيثمي المتوفى (807هـ)، مجمع الزوائد، الجزء 8، ص 123.

7ـ دیوانی مەحوی، لا 439و440.

8ـ ئەمین فەیزی بەگ، ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد.

9ـ د. عزالدين مصطفى رسول، الواقعية في الأدب الكردي، ص 201.

10ـ دیوانی گۆران.

11ـ دیوانی حاجی قادری کۆیی، لا 231.

12ـ مستەفا شەوقی، وتاری نووسینمان، دوا ژمارەی پەیژە، لا 42.. ئەمەش لە: (مومتاز حەیدەری، مستەفا شەوقی و پەیژە، کۆمپانیای چاپخانەی ئەدیبی بەغدادی سنووردار، بەغداد، 1985، لا 139و140).

13ـ نیشتمان، بڵاوکراوەی بیری کۆمەڵەی (ژ.ك)، ژمارە (2)، ساڵی یەکەم، خەزەلوەری 1322، لا 7و8.

# زمانناسی و شێوازگەری ئاستەکانی بەیەکگەیشتن

د. یادگار لەتیف
زانکۆی سەلاحەدین

بەشی دووەم و کۆتایی

## 1ـ شێوازگەری وەسفی (دەربڕین):

ئەم ئاراستەیە لەسەر دەستی زمانناسی سویسری (چارلس بالی Charles Bally) دامەزرا، لەنێوان سالآنی 1902 ـ 1905 دا، بالی کە یەکێك بوو لە قوتابییەکانی (سۆسێر)، تێڕوانینێکی دوو لایەنەی هەبوو بۆ زمان، بۆیە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی لە سۆنگەی هەردوو لایەنەکەی زمانەوە کە بریتین لە گوتاردەرو گوتار بۆ دراودا (المخاطب والمخاطب) ئەنجامدا، و گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە زمان تەعبیر لەبیر ناکات تەنها لەڕێگەی هەڵوێستێکی ویژدانییەوە نەبێت، بەو واتایەی بیرۆکەی تەعبیرلێکراو نابێتە قسە (کلام)، تەنها لە حاڵەتی تێپەڕبونیدا نەبێت بە چەند ڕەهەندێکی ویژدانی وەك ئاوات، هیوا، توڕەبوون، دانبەخۆ داگرتن، ڕێزگرتن، و هتد... .

ئەم بنەما زمانەوانییە ئاوێزە بووە بەلایەنی هەستیەوە، وای لە (بالی) کرد بەدواداچوون ئەنجامبدات بۆ ئاستی چڕی هەست، کە قسەکەر گوتارەکەی پێلێوانا لێو دەکات. ئەمەش گەیاندییە ئەوەی لە شێواز بکۆڵێتەوە لەڕوانگەی تایبەتمەندییەکانی دەربڕینی زمانییەوە، و لەڕوانگەی کاریگەری ئەم تایبەتمەندیانە لەسەر هەستیاری، بۆیە (بالی) تەنها گرنگی بەو تایبەتمەندییانەدا کە ناوەرۆکی سۆزیان لەخۆگرتووە، بەو واتایەی کاری ئەم ئاراستەیە تایبەتە بە ڕەهەندی سۆزی و هەستی و ویژدانییەوە لەناو دیاردە زمانەوانییەکەدا.

ڕۆڵی گرنگی (بالی) زیاتر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەستا بە گواستنەوەی لێکۆڵینەوەی شێواز لە وێنە بەلاغییەکەیەوە، بۆ مەیدانێکی سەربەخۆی نوێ، دواتر بە (شێوازگەری) ناسرا، لەو دەمەوە هەموو لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بەم بوارە لەژێر چەتری کاری بالییەوە کۆبوونەوە، و سوودمەندبوون لە کۆششەکانی (بالی)، ئیتر ئایا ئەو سوود لێوەرگرتنە لەبواری میتۆد بێت یاخود بابەت.

تیۆرە شێوازگەرییەکانی (بالی) وا بەستەی دەربڕینە گۆکراوەکانە، نەك کردەی بیرکردنەوە، شێوازگەری لەلای ئەم لەواتای دەربڕین و تایبەتمەندییە ویژدانییەکانی، و جێگەی لەڕستی (نسق) دەربڕین، و ئەو ڕێگایانەی کە شێواز و وێنە دەبەخشنە دەربڕینەکە دەکۆڵێتەوە. ئەمە تەوەری کاری سەرەکی شێوازگەرییە لەلای (بالی)، لەبەر ئەمەیە ئاراستەی (بالی) بە (شێوازگەری وەسفی یاخود دەربڕین) ناوزەدکراوە. و خۆی یەکلاکردۆتەوە بۆ تیشکخستنەسەر بنیادە زمانییەکان و ئەرکەکانیان لەناو سیستەمی زمانیدا، و ئەو کاریگەرییانەی لەسەر گوێگران بەجێی دەهێڵن. ئەو کاریگەریانەش دوو جۆرن، سروشتی و کۆمەڵایەتی:

## 1ـ نیشانە سروشتییەکان:

ئەم جۆرە ئاستێکی زمانەوانییە و لەناویدا دیالێکتی ململانێی نێوان هێماو واتاکان (الدوال والمدلولات) یاخود وێنەی هونەریی و ماناکانیان، یان هەندێك شێوازی ڕەوانبێژی وەك شێوازی سەرسامبوون، پرسیارکردن، بانگکردن، داخوازی، سوێند، دواخستن، لابردن دەردەکەون.

گشت ئەم لایەنانە لای (بالی) کاریگەری سروشتین و شێوازێکە لە شێوازەکانی دەربڕین.

## 2ـ نیشانە کۆمەڵایەتییەکان:

ئەمانەش بریتین لە هەڵسوکەوتی زمانیانەو زادەی چەند هەڵوێستێکی زیندووی بەستراو بە واقیعی کۆمەڵایەتییەوەیە. بۆ نموونە چەمکی (دڵفراوانی): ئەمە دەربڕینێکی پەیوەندارە بە کۆمەڵە کەسانێکی لێبوردەی سینگفراوانەوە، دایانهێناوە و بەکاریان هێناوە، بەم پێیە، وشەی (دڵفراوانی) بۆ خودی خۆی بنیادێکە سەر بە بوارێکی تایبەتە بە زمانناسی، و بوارێکە لە بوارەکانی زمان.

لێرەوە هەرچین و توێژێکی کۆمەڵایەتی جۆرە زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە، وەك چین و توێژی جوتیار، و کرێکار، و پیشەکاری وەك پزیشك،

ئەندازیار، بەڕێوەبەر، ئەمە جگە لەبوونی زمانی شارنشین و گوندنشین، قوتابی، مامۆستا. هەریەك لەم چین و توێژانە بەكارهێنان و هەڵسوكەوتی تایبەت بەخۆیان هەیە، و لە چینەكانی تری جیا دەكاتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە هەر پۆلینێكی زمانی، كۆمەڵە هەست و هەڵوێستێكی هزریی و كۆمەڵایەتی تایبەت لەگەڵ ئەوەی ئەم ئاراستەیە گرنگی خۆی هەیە لە لێكۆڵینەوە زمانەوانی و دەروونییەكاندا بەشێوەیەكی گشتی، و لێكۆڵینەوە شێوازگەرییەكاندا بەشێوەیەكی تایبەتی، ڕووبەڕووی چەند ڕەخنەیەك بوویەوە، یەكێك لە هەرە ڕەخنە دیارەكان بریتییە لە گرنگی نەدانی ئەم ئاراستەیە بە خاوەنی گوتار، و ئەستاتیكای دەق، ئەمەش درزێك بوو لێوەی لێكۆڵەرەوان توانیان ڕەخنە لەم ئاراستەیە بگرن و هەڵیسەنگێنن.

ئاسۆی درەوشاوەی شێوازگەری دەربڕین كاریگەری گەورەی بەجێهێشت لەسەر كۆمەڵە بوارێكی زۆری فیكری و زانستی تایبەت بە لێكۆڵینەوەی بەسوودو جۆراو جۆری وەك لێكۆڵینەوە لەسەر لایەنە تەركیبی، و دیلالی، و فەرهەنگییەكان، و بەشێوەیەكی پراكتیكی لێكۆڵینەوەكانی ئەنجامدا، وەك لێكۆڵینەوەی لادان و لابردن و چاوگ لە فەرەنسیدا، و لێكۆڵینەوەكانی لەسەر فەرمانی ڕابردوو لەشانۆگەری هاوچەرخدا و، سیستەمی فەرمان و فیكر و زمانەوانی دەروون و زانستی دەروونزانی زمان و چەندین بواری تر.

## 2ـ شێوازگەری پێكهاتەیی:

(لیوسپیتزەر)ی Loo Spitzer ئەڵمانی (1887 – 1960) دامەزرێنەری ئەم ئاراستەیە، سپیتزەر یەكێكە لە ڕەخنەگران زانایانی زمانناسی، كۆمەڵێك كتێبی هەیە، لەوانە: (كۆمەڵە لێكۆڵینەوەیەك لەشێواز، و شێوازگەری و ڕەخنەی ئەدەبی).

ئەم ئاراستەیە لێكۆڵینەوە لەسەر پەیوەندی نێوان دەربڕین و تاكی دەربڕدا دەكات، یاخود پەیوەندی دەربڕین بەو كۆمەڵگەیەی دەربڕین و پەیوەندییە دەربڕینییەكانی بەرهەمهێناوە و هەڵدەستێت بە لێكۆڵینەوەی هۆكارەكان و دیاریكردنیان، ئەمەش وایلێكردووە لە ڕەخنەی ئەدەبییەوە نزیك بێت.

خاڵی هاوبەشی شێوازگەری پێكهاتەیی لەگەڵ شێوازگەری دەربڕیندا بریتییە لەوەی كە هەردووكیان لەناو دەقدا بەدوای بنیادە زمانەوانییەكان و ئەركەكانیان

لەڕێگەی سیستەمی زماندا دەگەڕێن، پشت ئەستور بە قوتابخانەی سوسێری زمانەوانی.

لە سۆنگەی تێڕوانینەکانییەوە بۆ واقیع، شێوازگەری دەربڕین دوو جۆر گوتاری لەیەکتر جیاکردەوە، گوتارێکی سەرمۆری خاڵی لەهەر بارگاوی بوونێك، و گوتارێکی هەڵگری سۆزو هەست و گشت حاڵەتە دەروونییەکان، چونکە زمان لە بەکارهێنانە واقیعیانەکەیدا لە هەموو ڕووەکانیەوە پەردە لەسەر لایەنێکی فیکری و لایەنێکی سۆزی لادەدات، و هەردوو ڕووەکە هاریکاری یەکتر دەکەن بەپێی ئاستی جیاواز، پشت ئەستوور بەو ئامادە باشییە خۆرسکەی قسەکەر هەیەتی، پشت ئەستوور بە ناوەندی کۆمەڵایەتی، و ئەو حاڵەتەی تێیدا دەژی.

ئەم ئاراستەیە زۆر هەڵوێستە دەکات لەسەر لایەنی سۆزی و ویژدانی لەناو دیاردە زمانییەکەدا، و بەدواداچوون دەکات لەسەر چڕی هەست کە قسەکەر گوتارەکەی خۆی پێ تاو دەدات لەکاتی بەکارهێنانی بابەتیانەیدا. لێرەوە ئەم ئاراستەیە لای هەندێك لە توێژەران ناونراوە بە ئاراستەی ئینتباعی، چونکە بنەما تیۆری و پراکتیکەکانی هەڵقوڵاوی شیکاری خودییە، و باوەڕی ڕێژەگەری شیکاری هەیە، و پشتی کردۆتە ئەو ڕۆحە زانستیانەی لێکۆڵینەوەی شێوازگەری (بالی) کاری لەسەر دەکرد.

(سپیزەر) لە هەوڵی ئەوەدابوو شێوازگەری بکاتە پردی بەیەکگەیشتنی نێوان زمانناسی و مێژووی ئەدەب، لەم پێناوەدا لە پەیوەندی دەربڕین بە تاك و کۆمەڵگەی کۆڵییەوە، و هەر لەساڵی 1918 وە (سپیزەر) هەستا بەڕێخۆشکردن بۆ شێوازگەری ئەدەبی، لەڕێگەی ئەو لێکۆڵینەوەیەی لەسەر (رابیلیە) کردی، لەم لێکۆڵینەوەیەدا (سپیزەر) هەوڵیدا پەیوەندییەکانی نێوان ڕەگەزە شێوازییەکان و دنیای دەروونی نوسەر زەق بکاتەوە، و لەسالانی نێوان 1920 – 1925 ئەوەی خستەڕوو کە سیما شێوازیە دووبارەبووەکان لەکاری نووسەردا، کۆمەڵە ڕەگەزێکی وابەستەی سەنتەری ویژدانی ناو ناخ و بیرەباوەڕەکانە لەلای، نەوەك کۆمەڵە دیاردەیەکی نەخۆشیی بن، وەك ئەوەی فرۆید بانگەشەی بۆ دەکرد.

لەڕێگەی ئەم تێڕوانینەوە (سپیزەر) توانی شۆڕشێکی فیکری بەرپا بکات لەمێژووی زمانناسی و ڕەخنەی ئەکادیمیدا. ئەمەش زیاتر لە لێکۆڵینەوە قوڵە

بەسوودەکانی سەرچاوەی گرت، وەك (کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەك لەشێواز 1928) و (زمانناسییەکان و مێژووی ئەدەب 1948) و (شێوازگەرییەکان 1955).

دەتوانین گرنگترین ئەو پرەنسیپانەی کە شێوازگەری ڕەخنەیی پشتی پێدەبەستێت لەم چەند خاڵدا کۆبکەینەوە:

1ـ خودی کاری ئەدەبی دەستپێکە لەهەموو حاڵەتەکاندا، واتە نابێت پێشوەختە بیری دەرەکی (دەرەوەی دەق) بەسەر دەق و شیکاری دەقدا بسەپێنرێت.

2ـ گوتاری ئەدەبی وەك کۆمەڵەی خۆر وایە، و پەردە لەسەر بیرو هزری دانەر لادەبات، چونکە پرەنسیپی یەکپارچەیی کرۆکی هەموو وردەکارییەکانی کارەکەیە کە بەهۆیەوە شیدەکرێتەوە، و ڕاڤە دەکرێت.

3ـ چوونە ناوەوەی سەنتەری گوتار پێویستە لەبەشەوە بێت، ئەمەش کاری گەیشتن بە سەنتەرەکەی، و بە تەوەری دەلالی ئاسان دەکات، و گەر هاتوو بەشەکە بە وردی و بە ئاگاییەوە دیاریکرا، ئەوا نهێنی کارەکەمان پێشکەش دەکات، و ڕوونی دەکاتەوە.

4ـ هەموو کۆمەڵەیەکی خۆر لەچەند جۆرێکی ئەدەبی پێکهاتووە، و سەر بە سیستەمێکی فراوانترە، و ڕۆحی نووسەر ئاوێنەی ڕۆحی نەتەوەیە.

5ـ شێوازگەری ڕەخنەیی لە تایبەتمەندییە زمانی و ئەدەبیەکانەوە دەست پێدەکات، و هەر ئەم تایبەتمەندییانەیە کە کارێکی ئەدەبی لەوەی تر جیادەکاتەوە.

6ـ شێوازگەری لادانە لەبەرکارهێنانی ئاساییانەی زمان.

7ـ پێویستە لەسەر شێوازگەری پێکهاتەیی کارێکی ڕەخنەیی ڕۆح سوك بێت، چونکە کاری ئەدەبی یەکپارچەیە، و پێویست دەکات بەچاوێکی یەکپارچەی هەڵقوڵاوی ناو کارەکەوە تەماشا بکرێت، ئەمەش دێتەدی بە چوونە ژێرباری بەرپرسیارێتی ئەو ڕوانینە گشتگیریە بۆ کاری ئەدەبی، ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە هاوسۆزییەکی تەواو هەبێت لەگەڵ داهێنەرەکەیدا، چونکە هەموو شیکارو ڕاڤەیەك بۆ گوتار، و گشت لێکۆڵینەوەیەکی تێگەشتووانە پێویستە لە ڕەخنەی ئەستاتیکی دەقەوە سەرچاوە بگرێت.

سپیزەر ئەم میتۆدەی لەسەر کاری کۆمەڵە نووسەرێکی بەناوبانگدا جێبەجێکرد، لەوانە (دیدرو) و (کلودیل) و (باریوس) و (بروست). لەڕێگەی شیکردنەوەی شێوازەکانیان، کۆمەڵە ئەنجامێکی سەرەنجڕاکێشی بەدەستهێنا،

کە بوونە مایەی خەملاندنی شێوازگەری ئەدەبی، و کارێکی وایانکرد ئەم ئاراستەیە ببێتە قوتابخانەیەکی ڕاستەقینە لەژێر ناوی شێوازگەری ئەدەبیدا، و بووە مایەی نووسینی کۆمەڵە باس و لێکۆڵینەوەیەك، بەتایبەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەر لەم مەیدانەدا کۆمەڵە نووسەرێك بوونە پاڵپشت و ڕێنماکار بۆ، لەوانە (دوماسو ئەلەنسۆ) و (سبویری) و (هاتزفلید).

لەگەڵ گشت ئەم دەستکەوت و سەروەریانەدا هەندێك ڕەخنە ئاراستەی سپیتزەر کرا، یەکێك لە هەرە ڕەخنە دیارەکان، ڕەخنەکەی (جوییل تامین)ە، کە دەڵێت شێوازگەری سپیزەر ڕۆچووە لەڕەهەندی خودیدا، و زۆر گرنگی بە مەبەستەکانی نووسەر داوە و بەهۆی ئەوەی نقوم بووە لەڕەوەندە دەروونییەکاندا و نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی یاسایەکی زانستی تایبەتمەندی توندو تۆڵ.

**3ـ شێوازگەری بنیادگەری:**

ئەم ئاراستەیە لەهەوڵی ئەوەدایە پەردە هەڵماڵێت لەسەر سەرچاوە سەرەکییەکانی دیاردە شێوازییەکان، نەك تەنها لەناو زماندا بەو پێیەی تەنها سیستەمێکی پەتی ڕووتە، بەڵکو لەڕێگەی پەیوەندی ڕەگەزە زمانییەکان و ئەرکەکانیان لەناو زماندا. بواری کارکردنی ئەم ئاراستەیە زۆر و جۆراوجۆرن، و پسپۆڕان لەم چەند چەمکەدا کۆیانکردوونەتەوە:

**أ ـ بنیاد (البنیە):**

بریتییە لە چنراوێك سێ کۆڵەکەی سەرەکی هەیە، ئەوانیش: گشتگیری، ووەرچەرخان (التحول)، و کۆنترۆڵکردنی خودیە.

**ب ـ زمان و قسە:**

ئەم دوو چەمکە زادەی بیری سۆسێرە، و لەپاش خۆی ئەم دوو واقیعە زمانییە، کەمەندکێشی زمانەوان و ڕەخنەگرانیانکرد لەپێناو شیکردنەوەی دیاردە ئەدەبی و شێوازیەکەدا. ئەم دوو چەمکە چەند ناوێکی تریان لێنرا، لەوانە (زمان و گوتار) و (دەزگاو دەق) و (وزە و جێبەجێکردن) و (جۆر و نامە).

**جـ ـ شەش ئەرکە زمانییەکە:**

جابسۆن تیۆری پەیوەندیکردنی لە شەش ڕەگەزدا چڕکردەوە، کە بریتیین لە: نێرەر، وەرگر، پەیام، سیاق، ڕایەڵی پەیوەندیکردن، و هێماکان یاخود ڕێساکان.

هەر ڕەگەزێك لەم ڕەگەزانە ئەرکێکی تایبەت ڕائەپەڕێنێت، لەنێرەرەوە ئەرکی دەربڕین دێتەبوون، و لەوەرگرەوە ئەرکی تێگەیشتن دروست دەبێت، و لە سیاقەوە ئەرکی مەرجەعییەت دێتە بوون، کە ئەمیش بۆ خودی خۆی ئەرکێکە دەبێتە مایەی هاتنەبوونی هەواڵپێدان، کاتێك زمان ئاماژە دەکات بۆ ئەو شتانەی تەعبیریان لێدەکات. و ڕایەڵەی پەیوەندیکردنیش ئەرکی ئاگادارکردنەوە بەرجەستە دەکات، و هێماکانیش بە ئەرکی فەرهەنگیانە هەڵدەستێت. لە پەیامیشەوە ئەرکی شیعریەت دێتەبوون.

**د- بەهای جیاوازی:**

لەو سۆنگەیەوە سەرچاوە دەگرێت، کە هەر هێمایەك (دالێك) بەتایبەتمەندی سەرەکی خۆیەوە ناناسرێتەوە، بەڵکو شوناس و بەها وەردەگرێت لەڕێگەی جیاوازبوون و نایەکانگیری لەگەڵ هێماکانی (دالەکانی) تردا لەناو سیاقدا، وەکو وشەی (داد) کە یەکەیەکی خاوەن واتایە بەهۆی بوونی وشەی (ستەم) نەك لەبەر خودی خۆی. هەروەها وشەی (شادی) واتا بەدەست دەهێنێت لەڕێگەی وشەی (شینە)وە، و بەپێچەوانەوە، بۆیە هەر لەزووەوە گوتراوە: شتەکان بە دژەکانیان دەردەکەون.

**هـ - تەوەری پێکهێنان و هەڵبژاردن:**

ئەم تەوەرە دەبزوێت لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان یەکەکان، هەندێك جار بزاوتەکە ئاسۆییە و پشت بە هاوسێیەتی نێوان وشەکان دەبەستێت، بەپێی سیستەمی سینتاکسیی قسەکردن، وەك دوو وشەی (هات) و (قوتابی)، دەکرێت بڵێین (قوتابی هات)، چونکە لە تەوەری پێکهێناندا، وشەی ئەرکی لەسەر پەیوەندی هاوسێیەتی بە وشەی پێشخۆی و پاشخۆی دادەمەزرێنێت.

هەندێك جاریش بزاوتەکە ستوونییەو پشت دەبەستێت بە پەیوەندیە بزرەکان، ئەم جۆرە پەیوەندیەش سروشتێکی ئیحا ئامێزی هەیە، لەسەر گۆڕینی وشە، بە وشەیەکی تر دادەمەزرێت، بەهۆی لەیەکچوونی دەنگی و فیلۆلۆجی و دیلالی، وەك وشەی (جوان) کە دەلالەتی لە وشەکانی قەشەنگ، شۆخ و شەنگ، بێوێنە، جوانخاس وەردەگرێت. یاخود وشەی (فێربوون) کە بوونی خۆی - لە

ئاستی ستونیدا ـ لە زنجیرە وشەیەکی سەر هەمان کێش وەردەگرێت، وەك وشەکانی (تێربوون)، (کوێربوون).

### 4ـ شێوازگەری لادان:

دەستەواژەی لادان (الانزیاح) زادەی کاری شێوازگەرییە و لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا سەری هەڵدا، بێ ئەوەی ئەمە ئەوە بگەیەنێت کە پێشتر بوونی نەبووە، چونکە ئێمە گەربێت و ئاوڕێك لە وانەکانی ڕەوانبێژی عەرەبی بدەینەوە، ئەوا دەبینین ئەم چەمکە مێژوویەکی زۆر کۆنتری هەیەو زۆر بەقوڵی لێی کۆڵراوەتەوە لەژێر ناوی (العدول)دا.

(لادان) دامەزراوە لەسەر جووت بنەمای قسەی ڕۆژانە، و قسەی ئەدەبی، یاخود جووت ئاستی ئایدیالی و لادراو، ئاستی ئایدیالی ئەو ئەسڵەیە کە ئاستی لادراوی پێدەپێورێت. شێوازگەرەکان وای بۆ دەچن گەر ئاستی دەستکاریکردنی بەکاربەر لە هەیکەل و شێوازو پێکهاتەی زمان بگاتە ئەو ئاستەی لەشێوازی باو (مألوف) بچێتەدەر، ئەوا قسەکەی لە ئاستی هەواڵ وپەیوەندیکردنەوە دەچێتەدەر و دەچێتە ناو ئاستی شیعریەت.

بۆ نموونە گەر بڵێین: وانەکەم وتەوەو دەستگرۆیی هەژارێکم کرد. دەربڕینەکەمان هیچ تایبەتمەندییەکی شێوازی لەخۆ نەگرتووە. بەپێچەوانەی ئەم ئایەتە پیرۆزەی قورئان کە دەفەرموێت: (فريقاً كذّبتم وفريقاً تقتلون) (سورە البقرە: 87) کە لەڕستی پێکهاتەی ڕەسەن لایداوە، لەڕێگەی پێشخستنی (بەرکار)، دواخستنی فەرمان و بکەرەکەیەوە، ئەمە لەلایەك، و لەڕێگای کورتکردنەوەی (اختزال) ڕاناوی گەڕاوە بۆ قسە لێکراوان لەلایەکی ترەوە.

شێوازگەری زۆر گرنگی بە چەمکی لادان لەپێوەر دەدات، و دێت لێکۆڵینەوەی شێوازگەری بە (زانستی لادانەکان) پێناس دەکات دەکرێت لادان دەرچوون بێت لەڕێسا سینتاکسییەکان، وەك ئەم ڕستەیەی چۆمسکی: (بیرو بۆچونە سەوزە بێ ڕەنگەکان زۆر بەدڵڕەقیەوە دەنوون). هەروەها دەگرێت ـ لادان ـ لەسەر ئاستی تەوەری هەڵبژاردن دروستبێت، واتە کردەی هەڵبژاردنی وشەیەك و دوورخستنەوەی هاوشێوەکانی وەك ئەوەی پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد، ئەویش هاو شێوەکانی وەك ئەم دێڕە شیعرەی نالی لە قەسیدەی (تیپی ڕێ ـ قوربانی تۆزی ڕێگەتم):

**ئەو غاری یارە ئێستا پڕ ئەغیارە، یا نەخۆ**

**هەر غاری یارە، یابووەتە غار ماروموور**

وشەی (غار) کە مانا زمانییەکەی ـ ئاستی ئەسڵی ـ ئەشکەوتە، لێرە (نالی) بەمانای حوجرەی فەقێیەتی خۆی بەکاری هێناوە، هەروەها دەربڕینی (غاری یار) کە لەبنەڕەتدا بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) و ئەبوبەکری هاوەڵی بەکاردێت، لە کلتوری ئیسلامیی، و بەوردتر لە قورئانی پیرۆزی وەرگرتووە کە دەفەرموێت: (ثاني اثنينَ إذهما في الغار إذ يقول لصاحبة لا تحزن إنَّ الله معنا)، نالی هاتووە لەڕەچەی ڕەسەنی خۆی لایداوە، و بۆخۆی هاوڕێکانی بەکارهێناوەتەوە، بەو واتایەی حوجرەکەم کە ئەوسا بۆ من و هاوڕێکانم وەك ئەشکەوتەکەی (پور) بوو بۆ پێغەمبەر (درووردی خودای لەسەربێت) و ئەبوبەکری هاوەڵی، ئێستا چی بەسەردا هاتووە؟ لەوە زیاتر (غاری مار ـ ئەشکەوتی مار) لە واقیعی زمانیدا بوونی نییە، و نالی لەڕێگەی بوونی ئەو مارەی پەنجەی ئەبوبەکری گەست لە ئەشکەوتی (پور)دا هێناویەتیە بوون، واتە دووجار لادانی بە چەمکەکە کردووە، لادانێکی دیلالیانە، و لادانێکی تایبەت بە تەوەری هەڵبژاردن.

پێکادانی ڕێساکانی تەوەری پێکهێنان و هەڵبژاردن کاریگەری گەورەی هەیە لە هاتنە بوونی شیعریەت و وێنەی شیعرییەوە، بۆیە دەکرێت شیعر بە وێنەی شیعری پێناسبکرێت، چونکە بوون و ئەستاتیکی وێنەی شیعری پابەندە بە دۆزینەوەی پەیوەندی نامۆ و ئەو سانەبووی نێوان چەمك و وشەکان لە واقیعی بەکارهێنانی زمانی باودا، ئەمەش لادانی دیلالی لێدەکەوێتەوە، لادانی دیلالیش دیلالاتی نوێی داهێنراوی لێدەبێتەوە. گەر بڕوانینە ئەم دێرەی نالی لەهەمان شاکاریدا دەتوانین ئەم ڕەهەندەی تێدا بەجوانی بدۆزینەوە، نالی دەڵێت:

**لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرتە**
**دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو بە چاوا بکا عبور!**

دڵ کە ڕەهەندێکی مادی، و بەشێکی پێکهاتەی فیزیکی مرۆڤە، لەڕێچکەی خۆی لادراوە و گەردیلەکانی توێنراوەتەوە و خەریکە دەبێتە ئاو! ئاوەکەش هۆن هۆن لە خوارەوە ڕێچکەی بەستوەو سەردەکەوێت!، نەك بۆ ئەوەی ببێتە فرمێسك بەڵکو بۆ ئەوەی لەڕێگای چاوەوە تێپەڕێت، و ئەم بگەیەنێتەوە نیشتمان، بەڵام ئایا ئاو لە خوارەوە سەردەکەوێت بۆ سەرەوە تا ئەم بتوانێت بگەڕێتەوە باوەشی گوڵ و گوڵزار شارەزوورەکەی.

ئەم دێرە نەك لادانێکی لەخۆ گرتووە، بەڵکو لێوانلێوە لە شیعریەتی لادان، چونکە لە ئاستی پێکهاتەی زمانەوانیشەوە لادانێکی تر دەبینین، ئەویش

پێشخستن و دواخستنه، پێشخستنی هەواڵ و دواخستنی دەستپێك، پێشخستنی ڕوونکردنەوە و دواخستنی حاڵەت، دەربڕینە خاوەکە (ئاستی ـ ڕەسەن) بۆ خۆی ئاوایە:

**دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو و بەچاوا بکا عوبور**
**بەهۆی ئەم دەردی غوربەتە، و ئەم سۆزی هیجرتە**

بەڵام نالی دەڵێت:

**لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرتە**
**دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو بەچاوا بکا عبور**

ئـەم پێـچەوانەی ڕێـچکەی بـەکارهێنانی ڕۆژانەیـە، ئێمـە لـەزمانی ئاخـاوتنی ڕۆژانەدا دەڵێت:

**مردم  لەبەر ئێش و ئازاری ژیان**
**نەمام  بەدەست تەنیاییەوە.**
**شێتبوم  بۆ قومێك ئاو.**
**فڕیم  لەخۆی هەواڵی دەرچوونم**
**جێبەخۆ ناگرم  لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی دۆستانم**

هۆکاری ئەمەش بۆ سروشتی زمان دەگەڕێتەوە، کە شتی گرنگ و ئەوەی دڵ پێی خۆشە پێشبخرێت، بۆ ڕاکێشانی سەرنج بۆ لای، بەڵام دەقەکـە لـەم ڕێـچکە ڕەسەنە لایداوە لە پێناوی بیناکردنی شیعرییەت و توانەوەی بۆ وێنەی شیعری.

**سەرچاوەکان:**

1ـ الأسلوبية و الأسلوب، د. عبدالسلام المسدي.
2ـ البلاغة العربية قراءة أخرى، د. محمد عبدالمطلب.
3ـــ دیـوانی نـالی، لێکۆڵینــەوە و لێکدانــەوەی، مــلا عبــدالکریم مــدرس و فــاتح عبدالکریم.
4ـ شعر بشار بن برد دراسة أسلوبية، یادگار لطیف.
5ـ القاموس الموسوعي، الجدید العلوم اللسان، اوزوالد دیکرو وجان ماری ضایغر، و: د. منذر العیاشي.
6ـ علم الأسلوب، مبادؤة واجراءاتة، د. صلاح فضل.
7ـ مقالات في الأسلوبیة، د. منذر العیاشي.
8ـ اللسانیات وتحلیل النصوص، د. رابح بوحوش.

# پرۆژەی (مەدیا) بۆ پتەوکردنی زووان "زمان"ی کوردی، ڕاژەڤانێکی بێکەس، هاوارێکی نەبیستراو!

ئامادەکردن و شرۆڤەی: بەختیار مام حەمید

ئەم پرۆژەیە کار دەکات و هەوڵدەدات بۆ دۆزینەوەی زاراوە"زاراڤە"ی جوان و گونجاو،بۆ ئەو زاراوە بیانیانەی کە تا هەنووکە"ئێستا" زاراوە کوردییەکەیان نیەو لە ناو خەڵکدا زۆر باون،یان زاراوە کوردیەکەی هەیەو کاری پێناکرێت،هەروەها ئەم پرۆژەیە بە پێی توانا کار دەکات بۆ ئەوەی کە زاراوەگەلی تێکەڵ لە شێوەگۆکانی "بەهدینی،لوڕی،هۆرامی،زازای،سۆرانی و هتد....."بێنێتە کایەوە بۆ ئەوەی ئەگەری چێکردن و دروستکردنی زووانی نەگۆڕ"ستاندەر"،پتر و لە بارتر بێت،و زووانی شیرینی کوردی گشت شێوەگۆ"دیالێکت"کان، لە باوەش بگرێت و سەرەنجام زمانێکی دەوڵەمەند و پتەو بێتە بوون! ،بۆ وێنە"عەینەك=چەم پاس" "چەم" هۆرامی یە و واتای چاوە،"پاس" سۆرانی یە و کورتکراوەی پارێزەر یان پاراستنە،"ئینتەرنێت=تۆڕڤەچوون" "تۆڕ" سۆرانی یەو واتە شەبەکە،"ڤەچوون" بەهدینی یە و واتای چوونە ناوەوە یان داخڵ بوون دەگەیەنێت،"سەلاجە=بەورگە""بەور" واتای بەفرەو زۆربەی دانیشتوانی دەڤەری گەرمیان لە باشوری کوردستان و زۆرێکیش لە ڕۆژهەڵات بە کاری دەبەن،"گە یان گا" بە واتای شوێن و خانەو جێگە دێت و لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستانی گەورە بە کار دەبرێت،"تەوبە=پەتەت" لێرەدا گەڕاوینەتەوە بۆ گرنگترین و دەوڵەمەندترینی ژێدەری زووانەوانی کوردی ئەویش "ئاڤێستا

avesta"ی پیرۆزی نێردراو بۆ سەر ئەشوو زەردەشتە،"پەتەت" زاراوەیەکی "ئاڤێستا"ییەو واتای گەڕانەوە بۆ لای خودای تاك دەگەیەنێت،وە زۆر گونجاو و جوانترە لە "پاشگەزبوونەوە،گەڕانەوە،پەشیمانی"،.ئێستاش بەر لەوەی بڕۆینە سەر زاراڤەکان و لێکدانەوەیان،پێویستە کەمێك و چمکێك زانیاری لەسەر خودی پرۆژەکە وە بەر چاڤ بخەین بۆ بەرچاوڕوونی پتری خوێنەری کورد،و خوازیاری زووانەوانی کورد.

**ناڤ(ناو)ی پرۆژەکە:**

ناڤی پرۆژەکە لە ناوی مامۆستای زووانی شیرینی کوردی،وە کیژە چاونەترسی بوێر،دادە"مەدیا"وە،وەرگیراوە،کە لە مانگی ئابی 2009دا، بە وتنەوەی وانەی زووانی کوردی لە ماڵەکەی خۆیدا، بە گژ تورکە فاشیەکاندا چوەوە،و بە ڕاشکاوی پێی وتن کە ئێوەی دوژمن "تورك و فارس و عەرەب و ئەرمەن"،ناتوانن رێگە لە بوونی ئێمەی کورد بگرن و زووانمان لێ یاساغ بکەن!!،ئەوەی جێی بایەخە ئەوەیە کە ئەم کیژە چاونەترسە چالاکە تەمەنی تەنها (12) ساڵە...!!!!،هەر بۆیە،ئێمەش[1] لەبەر خۆشەویستی و ڕێزی ئەو دادە بەجەرگ و خەمخۆرەی زووانی کوردی(مەدیا)،پرۆژەکەمان ناونا پرۆژەی (مەدیا) بۆ پتەوکردنی زووان"زمان"ی کوردی.

**بەرواری دامەزران:**

سەرەڕای ئەوەی کە نزیکەی ساڵێك پتر بوو سەرقاڵی ئەو پرۆژە بووین،بەڵام قەدەری خودا کەوتە مانگی ئەیلول، و، هەر بە چەند ڕۆژێك دوای ڕووداوەکەی (مەدیا)خان،لە باکوری کوردستان،و لە ڕۆژی (3–9–2009)،ئەم پرۆژەمان دامەزراند،و بە شێوەیەکی دامەزراوەییانە دەستمان بە کارو ڕاژە"خزمەت"کرد.

**بانگەوازو ئاگاداری:**

بەدەر لەوەی لە تەك هەموو بەشەکاندا داوامان لە هەموو خەمخۆران و دڵسۆزانی زووانی کوردی دەکرد کە ئالیکارو یارمەتیدەرمان بن،بەڵام بە فەرمی دوو ئاگاداری بانگەوازمان بڵاو کردەوە،بۆ ئەوەی پرۆژەکە فراوانترو جوانترو ڕێك وپێکتر بکرێت، و ببێتە ڕاژەڤان"خزمەتکار"ی بواری زووانی کوردی،یەکەم بانگەوازمان لە ڕۆژی 30–9–2009،و لە لاپەڕە 15ی ژمارە (1066)ی ڕۆژنامەی ئاسۆ،دا،بڵاو کردەوە،تیایدا داوامان لە هەموو ڕۆشنبیران و زووانەوانان و دڵسۆزانی کورد، کرد کە هاوکارو یارمەتیدەرمان بن،بۆ ئەوەی بتوانین

زووانێکی پتەوو دەوڵەمەند بۆ میللەتی کورد بهێنینە ئاراوە،ئەگەر چی ڕەنگە پرۆژەکە هێندەش گەورە نەبێت،وەلێ "دیاری،دیاریە،بۆ خاوەن دیاری"،و ئێمەش بە پێی خۆمان هەر ئەوەندە دەتوانین،بانگەوازی دووەم،لە ڕۆژی 4-10-2009،بوو لە ماڵپەڕی(pcdk) بڵاڤکرایەوە بە ناونیشانی (لە کوردێکەوە بۆ هەموو کوردەکانی هەر پێنج پارچەی کوردستان)،جگە لەمانەش بە زۆر کەسمان ڕاگەیاند و داوای ئیش وکارو چالاکیمان کرد.....!!!

**بە دەمەوە "نەهاتن" و بە دەمەوە "هاتن"!!**

سەرەڕای ئەو بانگەواز و داواکاری و"پاڕانەوانە"ی کە کردمان،بەڵام یەك کەس ... بڕوا بکەن یەك کەسیش نەیووت "کەرتان بە چەند" و یە کەس بە دەممانەوە نەهات!!،بەڵام خوا هەڵناگرێت بەرێزێك بۆ ئیمەیڵەکەمی نووسیبوو"ئێوە بۆ پارە ئەم کارە دەکەن، و بە کرێگیراون..!"،ئیتر بۆ خوێی چێشتیش کەس لێمانی نەپرسی نە بە چاك نە بە خراپ،نە دەسخۆشی ونە ملشکان،نە پێشنیارو نە ڕەخنە،!با بێمە سەر ئەوەی کام ماڵپەڕ بە دەممانەوە هات"لەگەڵ هیچ گۆڤارێك باسمان نەکرد،بەڵام بەشی یەکەمم نارد بۆ گۆڤاری "مێرگ" ئەویش بێوەڵام بوو!"،ماڵپەڕەکانی (pcdk) و(islampost) و(kurdistannet) زۆر بە باشی و دڵسۆزانە هاوکارمان بوون،.پچدك،هەرکە بەشەکەی پێدەگەشت دەست بەجێ بڵاویدەکردەوە،.ئیسلام پۆست،بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بابەتی دامەزراندنی پرۆژەی (مەدیا)ی، کردە هەواڵی سەرەکی ماڵپەڕەکەی!،کوردستان نێتش هاوکارێکی خراپ نەبوو بۆمان،ئێمە پڕ بە دڵ سوپاسی هەڵوێستی دڵسۆزانەیان دەکەین.

بەشی یەکەم،دووەم،سێ یەم،چوارەم،لە پرۆژەی (مەدیا) بۆ پتەوکردنی زووان"زمان"ی کوردی.

**زاراڤەکان و لێکدانەوەیان:**

1- ئینتەرنێت=تۆڕڤەچوون، واتە چوونە ناو تۆڕو شەبەکەوە.

2ـ www = تۆڕی جاڵجاڵۆکەی جیهانیی=تۆجاج.

3ـ Tv = تەلەڤزیۆن،دووروەشان،واتە دوورت بۆ ئەوەشێنێت و پەخشی ئەکات.

4- سەلاجە = بەورگە،بەفرانی، واتە بەفرو بەور دروست دەکات و لە خۆی دەگرێت.

5- کۆنتڕۆڵ یان سەیتەرە=زاڵە، واتە هەمیشە زاڵ و دەست بەسەراگرە.
6- جانتا یان ژانتا=تیاکۆ،واتە هەر شتێك بتەوێت تێیدا کۆی دەکەیتەوە بە مەرجێك جێی ببێتەوە.
7- ڕۆبۆت = پەتەڕی یان خۆڕۆ،واتە بە دەستی خۆی نیە چۆن بیجولێنن.
8-ڕۆژنامەگەری،گۆڤارگەری،پەرتوککەری،بڵاوکراوەگەری=پەڕنووسگەری،پەڕنوو سگەری بۆ هەممویا دەبێت وگشتگیرە.
9-بیبلیۆگرافیا،پەراوێزەکان=پترگۆیی، واتە زیاتر ووتن لەسەر ئەو بابەتەی دیاری کراوە.
10-دیموکراسی،دیموکراتی=گەلمیریی، واتە دەسەڵات و میریەتی گەل.
11-موجەمیدە=شەختەکار، شەختە واتە زۆر ساردبوو،یان تەواو بەستوو.
12-ئۆتۆماتیك=خۆکار،واتە خۆی کارەکە ئەنجام دەدات ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.
12-ئەرشیف=جەواڵگرد،ئەم زاراوەیە لە دوو بەش پێك دێت،یەك جەواڵ واتە باخەڵ و گیرفان و پارێزگە،دوو گرد واتە کۆکردنەوە و گردکرنەوە،بە گشتی واتە کۆکردنەوەی هەر شتێك لە گیرفانێکی پارێزراودا.
13-مۆبایل=بێهێڵ،واتە بەبێ بوونی هێل و خەت پەیوەندی تەواو دەکات،
14-کۆمپیوتەر=کۆکەر، واتە ئەم ئامێرە بابەتە هەمەجۆرەکان کۆ دەکاتەوە،فۆڵدەر+فایلەکان،نوسین و ژمارە+ئاوازو دەنگ و وێنەو هتد.............. .
15-شاشە=تیابین، واتە هەموو شتێکی تێدا بەدی دەکەیت.
16=کیبۆرد یان لەوحەت مەفاتیح=دانشێوە، واتە ئەم دوگمانەی سەر کیبۆردەکە لە دانی مرۆڤ ئەچن،بۆیە ئەم ناڤە گونجاوە.
17-سۆپەرمارکێت=هەمەفرۆش، واتە لە هەموو ڕەنگ و جۆرێك دەفرۆشێت.
18-لەحیمکردن=پێکڤەنان یان لکاندن،واتە نوساندن و لکاندنی شتێك بە شتێکی دیکەوە.
19-مینی مارکێت=بازاڕۆکە، واتە بازاڕێکی گچکەیەو زۆر شت تێیدا دەستەبەر دەبێت.

20–کافتریا=پشووگه،مەبەست لەوەیە کە کافتریا لای کورد بۆ پشوو بە کاردێت بە جۆرەکانییەوە.

21–عەینەک=چەمپاس، وشەکە دوو بەشە چەم واتە چاڤ و چاو،پاس واتە پارێزو پاسەوان،کۆی ووشەکە دەبێتە چاوپارێزو زۆر لە وشەی چاویلکە گونجاوترە !.

22–پاسۆرد یان ڕەمز حمایە=ڕازگر،واتە ڕازو مەبەستی تۆ دەگرێت و ئاشکاری ناکات.

23–کۆمەڵە،ڕێکخراوە=جڤات،ئەم زاراوە تازە نیە، وەلێ بۆیە باسی دەکەین بۆ ئەوەی لە جیاتی کۆمەڵ و کۆمەڵە بەکار ببرێت.

24–ستاندارد یان ستاندەر=نەگۆڕ، واتە جێگیرو نەگۆڕ و چەسپاو.

25–نەزاهە=پاکژکاریی یان پوختڕەوی،واتە پاککرنەوەو کاری پاکژ ئەنجامدان پوختکردنی شتێك.

26–بایکۆت=پێچانەوە یان پوچەڵکردن،واتە نەهێشتن و پێچانەوەی هەر شتێك لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە.

27–میمۆری=مێشکیلە،واتە مێشکێکی بچوك و پڕ لە زانیاری هەمەجۆر.

28–وەزیر=شالیار یان کاربەرێوەبەر،شالیار وشیەکی کۆنی کوریەو بۆ وەزیر بەکاردێت و سەردەمەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زەمانی ئەشوو زەردەشت،کاربەڕێوەبەریش واتە کارسوڕێن و کارڕایی کار.

29–ئاهەنگی شەوانە=شەڤاهەنگ،شەڤ واتە شەو،ئاهەنگ شایی و دیلان و خۆشی،لە بری ئەوەی بوترێت ئاهەنگی شەوانە گونجاوترە بوترێت شەڤاهەنگ،،.....

هەندێك زاراوە کە بە هەڵە بە کار دەبرێن و پێویستە ڕاستەکانیان بوترێت،بۆ ئەوەی دابەشکردنی یەکجارەکی (کوردستان kurdistan) بکەینە خەون و خەیاڵ بۆ دوژمنان!

کوردستانی عێراق=باشوری کوردستانی گەورە.

کوردستانی تورکیا=باکوری کوردستانی گەورە.

کوردستانی سوریا=ڕۆژئاڤای کوردستان.

کوردستانی ئێران=ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
کوردستانی ڕوسیا=کوردستانی سوور.
سنووری عێراق و ئێران و تورکیاو سوریا=سنوری باشور و ڕۆژهەڵات و باکور و ڕۆژئاڤای کوردستان.
حکومەتی هەرێمی کوردستان–عێراق=حکومەتی هەرێمی باشوری کوردستان.
هەولێری پایتەختی کوردستان=هەولێری پایتەختی باشوری کوردستان.
کوردی ئێرانی و سوری و تورکی و عیراقی=کوردی کوردستانی.
30–اللـــە=ئاهورامەزدا،هـــەروەك چـــۆن ئاســـاییە (اللـــە) بـــە "خودا،خودێ،خوداڤەند،خوا،خوداوەنـد" بانگبکرێت،ئاوهـاش ئاسـاییە بـە بـە "ئاهورامـەزدا" بانگبکرێت،چـونکە لـە کۆنـداو لـە دەمـان(سـەردەم)ی ئەشـوو زەردەشتی پەیامبەر"س.خ"،خودای تاك و تەنها بـە ئاهوورامـەزدا ناسـرابوو،وە هـەر ئـەو نـاوە نیـشانەی تـاکی و بێهاوتـایی (اللـە)ی مـەزن ئافرێنـەری جیهـان بوو،بۆیە زۆر گونجاوە لە بری الله یان خودا،بووترێت(ئاهوورامەزدا).
31–سپلیت=کەشگۆڕ،واتە دەتوانێـت کەشـو هـەوای گـەرم سـارد بکـات و بـە پێچەوانەشەوە،چونکە سپلیت گەرمیش و ساردیـشی هەیـە،وە هـەرکات بتـەوێت کەش دەگۆڕێت.
32–قەمەر صناعی=هەیڤی چێکراو، ئەوەی کـە دەیـەژن مـانگی دەسـتکرد زۆر تەواو نیە،چونکە "مانگ" بەرامبەر بە "شەهر"ی عەرەبیە و بۆ کات گونجاوترە بـۆ نمونـە (چـەندی مانگـە؟ مـانگی چـەند دێیـت؟ مانگێکـە تـەڤن دکـەم)،وەلێ "هەیڤ" ڕێك یەکسانە بە "قەمەر"و بۆ خـودی هەسارەکە بـەکار دەبرێت،بۆیـە گونجاوترە بوترێت"هەیڤی چێکراو" لە بری "مانگی دەستکرد".
33–حەفتە=هەفتە، یان دەتوانین "هەوتە،هەوتو" بـەکار بێنین،بـەڵام ووشـەی حـەوتو یـان حەفتـە پـتر لـە دەنگـە عەرەوبییەکانـەوە نێزیکە،ڕاسـتە ئێمـە بـە ژمارە"7 هەوت"دەڵێین "حەوت"،بـەڵام ڕاسـتەکەی هەوتـە نـەك حەوت،چـونکە پیتی "ح" لـە کوردیـدا بـوونی نیە،بـەڵام بـە هەبوونیـشی زیـان ناکـەین، بـەڵکو شێوەی دەربڕینەکانمان پتر دەبن،بۆ نمونـە تـورك کـە دەنوسـن "ئـەلی" بـانگی

دەکـە بـە عەلی،دەنوسـن"موهەمـەد" بـانگی دەکـەن موحەمەد،وهتـد....،بـەڵام سوپاس بۆ خودێ ئێمە ئەڤ ئاریشەمان نیە.

34–قاتـل=کوژەر،لەڕاسـتیدا هـەم بکـوژو هـەمیش پیـاوکوژ دوو زاراڤـەی هەڵەن،چونکە "بکوژ" واتە "ئوقتول" نـەك "قاتـل"،پاشـان پیـاوکوژیش تـەنها پیاو دەگرێتەوەو هەڵەیە،ئەگەر مرۆکـوژ بێـت تاڕادەیـەك گونجاوە،بـەڵام کـوژەر تەواوەو گونجاوە بۆ کەسی مرۆڤکوژ.

35–خەتەر=بڤە،دیارە ووشەی "خەتەر" زۆر بەکار دەبرێت لە کاتێکدا ووشـەی "بڤـە"ی کـوردیی شـیرین بـوونی هەیـە،وە گونجـاوە بـۆ زاراوەی "خەتـەرناك" زاراوەی "بڤەدار یان بڤەناك" بەکار ببرێت.

36–موبەریدە=فێنکار،ئەم زاراوە گونجاوە،چونکە کاری ئەم ئامێرە تەنها کاری فێنك کردنەوەیە،زاراوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە ئەویش "فێنك،سارد،خۆشبا" و"کار"، دەکاتە "فێنککار" بەڵام بۆ جـوانتر دەربڕینـی زاراوەکـە دەبێـت پیتـی چوارەم واتە"ك"ەکە،لا ببەین و زاراوەکە ببێتە"فێنکار".

37–دیالێکت=شێوەگۆ،بۆ زاراوەی دیالێکت دەتوانین شێوەزاریش بەکار ببـەین وەلێ"شێوەگۆ"گونجاوترە،چونکە هەندێ جار بە زمانیش دەیوترێـت زار،بـەڵام "گۆ"واتە قسەو گفت و بۆ دەربڕین بەکاردێت.

38– زمانی بادینی=شێوەگۆی بادینی،بە داخەوە ئێستا زۆر کەس بێئەوەی بی خۆیان بزانن زمان"زووان"ی شیرینی کوردییان کردوە بە چەند پارچەیەکەوە،بە هـــۆی دەربڕینـــی زاراڤەکانـــەوە،بۆ نمونـــە بـــە شـــێوەگۆکانی "بەهدینی،سۆرانی،گۆرانی،هۆرامی،زازایی،گەرمیانی وهتد.."،دەیەژن زمان وەك بڵێیـت ئەمانـەی هـەموو زمـانن و خاوەنەکانیـشیان نەتەوەن،کـە ئەمـەش هەڵەیە،چونکە ئەوانە هەموو دێنەوە سەر زمانی ڕەسەنی کوردیی ،ولك"لق"ێکن لە زووانی فەرمیی کورد.

39– ئاپۆ = مامە،زاراڤەی "ئاپۆ" کە هەنوکە بۆ بیرمەندی زیندانیکراوی کـورد عبدالله ئۆچ ئالان پتر بە کار دەبرێت،زاراوەیەکی شێوەگۆی "زەنگەنە"یـە،و بـۆ "مـام ،مامە،سـەروەر،ڕابەر" بـەکاردێت،تا ئێـستاش زەنگەنـەکانی گەرمیان،بـە مامـەکان و هەنـدێ جـار بـە گەورەکان،دەیـەژن"هاپۆ،ئـاپۆ"،ئەمـەش نیـشانەی

تۆكمـەیی و مـەزناتی زمـانی كـوردی دەردەخات،سـەرۆكێكی "بـاكوری ولـّات" زاراوەیەكی "گەرمیانیان"ە ،دەكرێتە بەرگی بالّای و ناسناوی هەمیشەیی.

40- فەلسەفە=زانخوازی،لە زۆربەمان ئاشكرایە كە زاراوەی فەلـسەفە یۆنانیـەو لــە دوو وشــە پێكهاتوە،ئــەوانیش(فیلــۆ+ســۆفی)كــە دەكاتــە حــەزكردن لــە زانست،بەلّام ئێمە بۆ زاراوەی"فەلسەفە" "زانخـوازی" بـە گونجـاو دەزانین،ئـەم زاراوەیە دوو وشەیە ئەوانیش"زان+خوازی"،زان بـن و ڕەگـی زانینە،هـەروەك لـە زاراوەكانی"زانكۆ،زانیار،زانست" بە دەردەكەوێت،هەروەها"خوازی" واتە ویستن و حــەزكردن و خواســتن، هــەروەك زاراوەكــانی" خۆشەویــستی، دنیاویــستی، شەڕخوازی، پاوەنخوازی"، كەواتە"فەلسەفە = زانخوازی واتە حـەزو ئـارەزو بـۆ زانین و دانایی، وە بۆ "فەیلەسوف" زاراوەی "زانخواز" بە گونجاو دەزانین.

41- هۆتێل = حەوانگە،ڕاستە ئێستا بـە هۆتێـل دەوترێـت"میوانخانـە" بـەلّام زاراوەی میوانخانە زۆر گونجاو نیە،چونكە زۆر كەس میوانیش نیەو خـەلّكی ئـەو جێگەشــەو دەچــێتە هۆتێــل و هتــد..،بــەلّام زاراوەی"حــەوان+گــە"زۆر گونجاوە،چونكە بە مانای جێگای حەوانەوە دێـت بـۆ هـەر كەسـێك كـە دەچـێتە ئەوێندەر.

42- تەوبە = پەتەت،ووشەی "پەتەت" وشەیەكی ئاڤێستاییەو ڕێـك بەرامبـەرە لەتەك وشەی "تەوبە"،و بۆ گەڕانەوەو پاشگەزبوونەوە بۆ لای خودای تاك،بـەكار دێت،بەلّام وشەكانی "پەشیمانی،گەڕانەوە،پاشگەزبوونەوە"هەریەكـەو بـۆ شـتی دیكە گونجـاون،بۆ وێنـە(لـە مامەلّەكـەم "پەشـیمان" دەبمـەوە) یـان(لـە شـەودا "دەگەڕێنەوە"بۆ ئێرە) یان (لە بڕیارەكەم "پاشگەز" دەبمەوە)و هتد.......،هەر بۆیە وشەی "پەتەت" گەلێك جوان و پڕ ماناو گونجاوە بۆ وشەی "تەوبە".

**پەراوێز(پترگۆیی)**

**1- لە سەرەتا تـەنها بـوو، بـەلّام دواتـر(سـەیوان حوسـێن،هێمن عـەلی،وریا حەسەن،كەمال مەحموود،ئەمیر عەبدوللّا)زۆر هاوكارم بوون و هەموو خۆیان بە ئەندامی دەستەی پرۆژەكە زانیوەو بێوچان كاریان كردوە.**

# ڕێزمانی ئامرازی (ــە) لەبەر زوومی پرسیاردا

د.شێرکۆ بابان
پرۆفیسۆری هاریکار

لە ئاستی ڕێزمانی ئامرازی پەیوەندی (ــە)دا، ئێمە هیچ درێغییەکمان نەکردووە و گشت کاتێك زوومی توێژینەوەمان لەسەری بووە و لەچەندین گۆشە نیگاوە وێنەمان گرتووە. لە ئەم نووسینەدا، جارێکی تر و بەتەکنیکێکی، تر دەیخەینەوەبەر لێکۆڵینەوە، ئەم جارەیان، بە پرسیارو وەڵام لێی نزیك دەبینەوە و خۆمان پرسیار لەخۆمان دەکەین و هەر خۆمان وەڵامی دەدەینەوە. بە ئەو هیوایەی بتوانین پچێکی تر لەخوێنەری ئازیز نزیك ببینەوە و بەشێوەیەکی نەختێك کاریگەرتر ڕێزمانی ئامرازی (ـە) بکەین بە خۆراکی بیری.

**پ1: لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە، ئایا ئامرازی پەیوەندی (ــە) چۆن دەخەنەبەر ناسین؟**

و1: لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە، ئامرازی پەیوەندی (ـە) لەیەك (فۆنیم) پێك هاتووە و ئەو فۆنیمە (بزوێن)ـە و بەهیچ جۆرێك سیمای (نیمچە بزوێن)ی پێوە دیار نییە. واتە، گشت کاتێك وەك بزوێنێکی پەتی دەردەکەوێت.

**پ2: لەڕووی بەندایەتییەوە، ئایا چۆن ئامرازی پەیوەندی (ـە) دەبینن؟**

و2: وەك هیچ فۆنیمێك ئازاد نییەو گشت فۆنیمەکان بەندەن، فۆنیمی (ــە) کە ئامرازی پەیوەندی (ــە) پێك دەهێنێت، لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە بەندە و ئازاد

نییە. بۆ نموونە، بەهیچ جۆرێك فۆنیمی (ــە) لە باجگەی دەم دەرباز نابێت، ئەگەر بەند نەبێت بەکلکی فۆنیمێکی نەبزوێنەوە. لە نموونەیەکدا وەك:

**شیلان نەگەیشت(تە)ئەوێ.**

سەری فۆنیمی (ــە) بەندە بە کلکی دەنگی (ت)ە وەو بەهیچ جۆرێك لێك ناترازێن.

**پ3: لەبەر ڕووناکی وەڵامی پرسیاری پێشوو، دەشێت بپرسین، ئایا ئامرازی (ـە) لە کلکەوە بەندە یان لەسەرەوە؟**

و3: هەموو دەنگێکی (بزوێن) لە (سەر)ەوە بەندەو هەموو دەنگێکی (نەبزوێن) لە (کلك) ەوە وەك ئامرازی (ــە) بریتییە لە فۆنیمێکی (بزوێن). بۆ نموونە، لەڕستەکەی نێو پرسیاری (پ2)دا ئامرازی (ـە) بڕگەی (تە)ی چێ کردبوو، لە ئەم بڕگەیەدا دەنگی نەبزوێنی (ت) لە کلکەوە بەندە، بەڵام ئامرازی پەیوەندی (ـە)، واتە فۆنیمی بزوێنی (ـە) لەسەرەوە بەندە. کەواتە، هەردوو فۆنیمە بزوێن و نەبزوێنەکە دەردی یەکتریان چارەسەر کردووە.

واتە فۆنیمی (تـ) لە کلکەوە چارەسەرکراوە و فۆنیمی (ــە) لەسەرەوە تیمار کراوە. لەئەنجامدا، هەردوو فۆنیمە گرێیەکی دەنگسازیان پێك هێناوە و خۆیان کردووە بە یەکەیەکی فۆنۆلۆژی سەربەخۆ، کە دەتوانێت بە باجگەی زاردا تێپەڕێت.

**پ4: ئایا ئامرازی (ـە)، بێجگە لە دەنگی بزوێنی (ـە) هیچ دەنگێکی پەنامەکی، یان دەنگی خپ هەڵ دەگرێت.**

و4: نەخێر، ئەم ئامرازە چی لەناخی بیرداو چی لەسەر زار هەر لەیەك (بزوێن) پێك هاتووە و هەرچەند بخشێت لە دەنگی تر، بەهیچ جۆرێك هیچ دەنگێکی خپ کراوی لێ دەرناکەوێت.

**پ5: لەڕووی (زەبری بزوێن)ەوە، ئایا ئامرازی (ـە) وزەی بزوێنی تێدا هەیە؟**

و5: بەڵێ، وەك گشت (بزوێن)ێك، بزوێنی (ــە) وزەی دەنگسازی تێدا هەیەو گشت کاتێك سەری بەندە بە کلکی دەنگێکی نەبزوێنەوە، کە بە وزەی خۆی بچڕیوێتی لە کلکی بڕگەکەی پێشتر.

**پ6: باشە، بزوێنی (ـە) چۆن زەبری خۆی دەردەخات، ئەگەر لەپێشەوە دەنگی (نەبزوێن) نەبوو، کە کلکی بگرێت؟**

و6: لەباری ئاوەهادا، دەشێت دووباری شیاو بخەینەڕوو، وەك:

باری یەکەم: ئەگەر ئامرازی (ـە) کەوتە پاش بزوێنی (ا) وەك:

**شیلان هەڵ ستا(یـ)ـە سەر پێ.**

لە ئەم نموونەیەدا، ئامرازی (ـە) خشاوە بزوێنی (ا)، بەڵام ناوگری (یـ) دەرکەوتووە لەنێوانیاندا.

باری دووەم: ئەگەر ئامرازی (ـە) بخشێت لە کلکی (نیمچە بزوێن)، ئەوا نیمچە بزوێنەکە هەڵ دەپلێت بە دیوی (نەبزوێن)دا، وەك:

**شیلان نارد (یـ)ـە ئەوێ.**

**شیلان بـ (و)ە مامۆستا.**

لە نموونەی یەکەمدا، جێناوی (ی) هەڵ پلاوە بەدیوی نەبزوێنی (یـ)دا و لە نموونەی دووەمدا نیشانەی ڕابردوو (وو) هەڵ پلاوە بەدیوی نەبزوێنی (و)دا.

**پ7: بەپێی ئەوەی گوترا، ئامرازی (ـە) گشت کاتێك بە زەبرەو کلکی دەنگێکی (نەبزوێن) دەگرێت و لەگەڵ خۆیدا ڕایدەکێشێت، ئایا لەچی جێیەکدا ئەو زەبرەی وندا دەبێت؟**

و7: بەدیاری کراوی، لەگەڵ بزوێنی (ـە) لە پاشگری دووپاتی (ەوە)دا، ئامرازی (ـە) جووت دەبێت و بەیەك (بزوێن) گۆ دەکرێن، وەك:

**شیلان کەوتـ(ەوە)ـە سەر زەوی.**

لە ئەم ڕستەیەدا، دەنگی بزوێنی کۆتایی لە پاشگری ەوە، جووت بووە لەگەڵ ئامرازی (ـە)و هیچ (ناوگر)ێك دەرنەکەوتووە لە نێوانیاندا، وەك:

**بزوێنی (ـە) + بزوێنی (ـە) یەك بزوێنی (ـە).**

**پ8: ئایا چی ڕوودەدات، ئەگەر ئامرازی (ـە) بخشێت لە مۆرفیمی ئێستایی (ـە) کە هەردووکیان هەمان بزوێنن. ئایا لە ئەم ڕەوشەیشدا، هەردوو بزوێنەکە لەیەکتری جووت دەبن، یان ناوگرێك دەهێتە ڕیزەوە؟**

و8: لە ئەم نموونەیەدا، ناوگری (ت) دەهێتە کایەوە، وەك:

**من ناردوومـ(ـەت)ـە ئەوێ.**

لە ئەم نموونەیەدا، هەرچەند مۆرفیمی ئێستایی هەر بەیەك (بزوێن) دەرکەوتووە، بەڵام دەنگی (ت) هەڵ دەگرێت بە (خپی). کەواتە، ئامرازی (ـە) لەسەرەوە خشاوە لە کلکی دەنگی خپی (ت) و ڕای کێشاوەتە سەر زارو پەردەی لەسەر هەڵ ماڵیوە.

کەواتە، وەك لە پێشتردا گوتمان، ئامرازی (ـە) خۆی لەخۆیدا بریتییە لە بزوێنێکی سادە، بەڵام لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەرکەوت، کە مۆرفیمی ئێستایی (ـە) سادە نییەو دەنگی (ت) هەڵ دەگرێت، بەڵام بە (خپی).

**پ9: ئایا نموونەیەکی تر هەیە لە بزوێنی (ـە) کە وەك مۆرفیمی ئێستایی (ـە) کە سادە نەبێت و دەنگی خپ هەڵ بگرێت و ئامرازی پەیوەندی (ـە) بتوانێت پەردەی لەسەر هەڵ بماڵێت؟**

و9: بەڵێ: جێناوی فەرمانی ڕاستەوخۆ (ـە) دەنگی خپی (ر) هەڵ دەگرێت و ئەگەر سەری ئامرازی (ـە) بخشێت لە کلکی ئەو جێناوە، ئەوا دەنگی خپی (ر) ئاشکرا دەبێت، وەك:

**شیلان مەکەو (ەر)ە ناو ئاوەکە.**

بە ئاشکرا دیاردەکە ئامرازی (ـە) بڕگەی (رە)ی چێ کردووە و ناوگرێکی پەیدا کردووە، کە لە ڕەسەندا بریتییە لە بەشێکی (خپ) لە بنیادی جێناوی فەرمان لە کەسی دووەمی تاکدا.

**پ10: ئایا ئامرازی (ـە) پێناسەی (مۆرفیم)ی هەیە؟**

و10: بەڵێ ئەم ئامرازە گرنگە پێناسەی مۆرفیمی هەیە. واتە وەك چۆن بەهەمان بزوێنی (ـە) پێناسەی (فۆنیم)ی هەبوو، هەر ئاوهاش بەهەمان بزوێن پێناسەی (مۆرفیم)ی هەیەو ئەو مۆرفیمە دەگەڕێتەوە بۆ بەشە ئاخاوتنی (ئامراز).

**پ11: ئایا ئامرازی (ـە) بریتییە لە مۆرفیمێکی بەند، یان بریتییە لە مۆرفیمێکی ئازاد؟**

و11: بەڵێ ئامرازی (ـە) بریتییە لە مۆرفیمێکی (بەند) و بەهیچ جۆرێك ئازاد نییە. لە ئەم ڕووەوە، ئەم ئامرازە لەسەرەوە بەندە بە (کار)ێکەوە و لە کلکەوە بەندە بە (ئاوەڵکار)ێکەوە، وەك:

| کار | ئامراز | ئاوەڵکار |
|---|---|---|
| ناردم | ـە | ئەوێ |
| چوویت | ـە | سەر مێزەکە |
| ڕۆیشتین | ـە | دەرەوە |

**پ12: بەپێی وەڵامی پرسیاری پێشوو، دەشێت ئامرازی (ـە) بریتی بێت لە پردێکی ستراتیژی لەنێوان (ڕووداوی کار) و (پێگە)ی ڕوودانی کاردا؟**

و12: بەڵێ، ئاوهایە و گشت کاتێك ئامرازی (ـە) ئەرکێکی دەگمەن دەگێڕێت، بۆ (ڕاگوێز) کردنی ڕووداوی کار بۆ سەر پێگەی (ئاوەڵکار)ێك.

**پ13: وەك ئامرازی پەیوەندی (ـە) حەزی لە ئاوەڵکارە، دەشێت ئەم ئامرازە توخمی (ئاوەڵکار)ی تێدا نەبێت. ئایا چۆن بتوانین، ئەو ڕاستییە بسەلمێنین؟**

و13: بە بەراورد لەگەڵ ئامرازەکانی تردا، پێ دەچێت کە ئامرازی (ـە) بێ بەری بێت لە توخمی (ئاوەڵکار). بۆ نموونە دەگوترێت:

**شیلان گەیشت (بە) هەولێر.**

یان،

**شیلان گەیشت (ـە) هەولێر.**

لە نموونەی یەکەمدا، ناشێت بگوترێت(*):

**شیلان گەیشت (بەنێو) هەولێر.**

بەڵام، لە نموونەکەی تردا، دەشێت بگوترێت:

**شیلان گەیشتـ(ـە نێو) هەولێر.**

لە نموونەی یەکەمدا، ئاوەڵکاری (نێو) ڕێزمانەکەی بزرکاندووە، کەچی لە نموونەی دووەمدا هەمان ئاوەڵکار ڕێزمانەکەی جوانترو پۆشتەتر کردووە. کەواتە، دەتوانین بڵێین، ئامرازی (ـە) هەر توخمی (ڕاگوێز)ی تێدا هەیەو بەس، بەڵام ئامرازی (بە) توخمی (ڕاگوێز) و توخمی (ئاوەڵکار)ی تێدا هەیە.

**پ14: ئایا ئامرازی (ـە) لە ئاوەڵگوزەرەدا هەیە؟**

و14: نەخێر لە ئاوەڵگوزارەدا نییە، بەکورتی و بەکوردی ئامرازی (ـە) هەر لە قەوارەی (کار)دا هەیە و بەس. واتە، لەهەر بەشە ئاخاوتنێکی تردا، ئەو ئامرازە بەدی بکرێت، ئەوا (گێلەی چاو) لە ئارادایە.

**پ15: لە قەوارەی کۆمەڵەی کاردا، ئایا ئامرازی (ـە) دەکەوێتە لای سەری کارەوە، یان لای کلکی کارەوە؟**

و15: بەدیاری کراوی و بەشێوەیەکی یەکلایی و بەبێ مشت و مڕ، ئامرازی (ـە) کلکی کار دەگرێت و دەبێتە دوا پێکهاتە لە پاش پاشگری دووپاتی (ەوە) دادەنیشێت.

**پ16: ئایا کەی ئامرازی (ـە) دەکەوێتە پێش کارەکە؟**

و16: کاتێك کە ئامرازی (ـە) ڕوخسارە بگۆڕێت بۆ ئامرازی (وە)و بکەوێتە پێش (ئاوەڵکار)ێك، وەك:

**(وەسەر) کەوتن : سەرکەوتن**
**(وەلا) کەوتن : لاکەوتن**
**(وە دەر) کەوتن : دەرکەوتن**

**پ17: واپێ دەچێت کە لە زمانی نووسیندا، کەس دەست نەپارێزێت لە ئاستی ڕێزمانی ئامرازی (ـە)، وەك ئەوەی کە ڕێزمانەکەی تەرك کرابێت. ئایا ئەوە ئاوهایە؟**

و17: بەڵێ ئەوهایە، تەنانەت لەلای ڕێزمانووسانیش ڕێزمانی ئامرازی (ـە) تەرك کراوە لە دەقی نووسینیاندا. بۆ نموونە، ئەگەر لە (10) نموونەی بەرمەبەست هەبێت، ئەوا ڕەنگە دووانیان بەجوانی بەکارهێنرابێت، یان دوانی تر بە نارێزمان کرابێت بە جێگرەوەی ئامرازی تر. یان دووانی تر لەجێی خۆیدا بەکارهێنرابێت، بەڵام پۆشتە نەکرابێت بە ڕێزمان. یان، دووانی تر هەبێت کە بەنارێزمان لە ڕیزەکە وندا کرابێت.. یان، دووانی تر هەبێت لەڕیزەکەدا و ڕێزماننووسەکە هەر پێی نەزانیبێت.

**پ18: ئامرازی پەیوەندی (ـە)، وەك ماکی هەیە لە زمانەکەدا، ئایا مۆرکی هەیە؟**

و18: بەڵێ وەك ماکی خۆی هەیە هەر ئاوهاش مۆرکی خۆی هەیە، بەتایبەتی بەرانبەر بەزمانەکانی (عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی). بێ گومان، بالۆرەی وەڵامی پرسیارەکانی پێشەوە بنەما زانستییەکانی ئەو (مۆرکایەتی)یەی ئامرازی (ـە) دەردەخەن. ئێمە لە ئەو باوەڕەداین، کە ڕێزمانی ئامرازی (ـە) پەیامی خۆی هەیە بۆ زمانەوانی.

**پ19: لە پلیکانەی ڕستەدا، ئایا ئامرازی (ـە) کام خانەی نێو بیر داگیر دەکات؟**

و19: بەدیاری کراوی، خانەی (9–) داگیر دەکات و دەکەوێتە پاش پاشگری دووپاتی (ەوە) لە خانەی (8–)دا، وەك:

| ... | سفر | 1– | 2– | 3– | 4– | 5– | 6– | 7– | 8– | 9– |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەو خانەی کە دەکەنە پێش بنجی کار | بنجی کار | خانەی تێپەڕاندن (ێن / ان) | خانەی بکەرێ نادیار (ر) | خانەی دەمکاتی کار (ا، ت، لا، ی، ی، و | خانەی جۆری ڕابردوو (بوو، و) | خانەی (با، ب، بێت) | خانەی جێناوی جێگیر | خانەی جێناوی جێنەگۆڕ | خانەی پاشگری دووپاتی (ەوە) | خانەی ئامرازی (ـە) |

**پ20: لەڕووی واتاسازییەوە، ئایا ئامرازی (ـە) چ واتایەك دەداتەوە؟ یان چ ئەرکێکی واتایی هەیە؟**

و20: ئامرازی (ـە) یەك ئەرکی واتایی هەیەو ئەویش بریتییە لە (ڕاگوێز)کردنی ڕووداوی کار بەشێوەیەکی (ناوەکی)، نەك (دەرەکی)، بۆ سەر پێگەی (ئاوەڵکار)ێکی جێگەیی، ئەم دیاردەیە زۆر بەخنجی دەخونچێت و زۆر بە دانسقەیی، ڕووبەری کار بەرینتر دەکاتەوە.

**پ21: ئەو هەڵانەی کە لەزمانی نووسیندا ڕوودەدەن و ئامرازی (ـە) دەخەنە بری ئامرازەکانی تر، ئایا چۆن پاوان دەکرێن و گەمارۆ دەدرێن؟**

و21: وەك لە پێشتردا گوترا، ئامرازی (ـە) هەر لە قەوارەی (کار)دا هەیە، بێگومان هەر لە (کۆمەڵەی کار)دا، ئەو دیاردەیە ڕوودەدات. بەواتایەکی تر، ئامرازی (ـە) دەخرێتە بری ئەو ئامرازانەی کە لە قەوارەی کاردان و (کاری ئامرازدار) چێ دەکەن، وەك:

**(گەیشتن بە...، دان بە...، ڕۆیشتن بۆ...، ناردن بۆ...)**

**پ22: ئایا ئامرازی (ـە) لە چ ئامرازێکی پەیوەندییەوە نزیکە بەڕێزمان؟**

و22: ئامرازی (ـە) زۆر نزیکە لە ئامرازی (بە). واتە، لە ئەو کارانەی کە بە ئامرازی (بە) دەبن بە (کاری ئامرازدار) وەك (دان بە...، گەیشتن بە...، بوون

بە...، کردن بە...). هەر لەبەر ئەوە لە پەرێزی ئەو چوار کارەدا هەڵەکان خەست دەبنەوە.

**پ23: پێ دەچێت ئامرازی (ـە) لە هەندێك نموونەدا ئامرازی (تێ) دابهێنێت. ئایا ئەو نموونانەن چین؟**

و23: لەهەر جێیەکدا کە ئامرازی (ـە) ئاوەڵکاری (ناو : نێو)ی گوزەراندبێت، ئەوا دەشێت ئامرازی (تێ) بەکاربهێنرێت، بەڵام دەبێت بکەوێتە پێش کارەکە، وەك:

**کەوتن(ـە ناو) : (تێ) کەوتن (...)**

**بردن(ـە ناو) : (تێ) بردن (...)**

**خستن(ـە ناو) : (تێ) خستن (...)**

**هاتن(ـە ناو) : (تێ) هاتن (...)**

**پ24: ئایا دەتوانین بڵێین کە ئامرازی (تێ) لە گشت جێیەکدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو میکانیزمەی نێو پرسیاری پێشوو؟**

و24: نەخێر ڕێزمانی ئامرازی (تێ) زۆر ئاڵۆزە. بۆ نموونە، لە کاری (تێ دان)دا جیاوازی هەیە. یان لە کارەکانی (تێپەڕین، تێکۆشان، تێگەیشتن،...)دا هەمان میکانیزم ناچەسپێت.

**پ25: دەگوترێت، ئامرازی (ـە) دەتوانێت واتای هەندێك لە کارەکان بگۆڕێت. ئایا ئەم میکانیزمە چۆن ڕوودەدات؟**

و25: لەهەر جێیەکدا کە ئامرازی (ـە) ئاوەڵکارێکی ڕووت و پەتی بگوزەرێنێت، ئەوا مەرجی واتاگۆڕکێ بۆی هەیە کە بهێتە ئاراوە، وەك:

**بردنەسەر : (ئەنجام دان)**

**کەوتنەبەر : (بەرکەوتن، وەبەرکەوتن)**

**خستنەپێش : (پێش خستن، وەپێش خستن)**

لەڕاستیدا، گشت ئەو کارانەی کە بە (ئاوەڵکار) دەبن بە کاری داڕێژراو) و واتایان دەگۆڕێت بۆ واتایەکی نسادە، هەموویان دەگەڕێتەوە بۆ ڕێزمانی ئامرازی (ـە). بۆ نموونە، کاری (سەرکەوتن)، لەڕەسەندا بریتییە لە (کەوتنەسەر) و لە پاشتردا کراوە بە (وەسەرکەوتن).

یان، لەپاش ئەو ئاڵ و گۆڕ ئامرازی (وە) لاچووە و بووە بە (سەرکەوتن)، بەهەمان شێوە ئەم کارانەی خوارەوە، بە ئەم کردەوەیەدا تێپەڕیون:

**کەوتنەبەر : وەبەرکەوتن : بەرکەوتن**

**کەوتنەژێر : وەژێر کەوتن : ژێرکەوتن**

**کەوتنەلا : وەلاکەوتن : لاکەوتن**

بێ گومان، ئەگەر بەدەستی ئێمە با، ئێمە روخساری کاری (وەبەرکەوتن) و (وەژێرکەوتن) و (وەلاکەوتن) زۆر بە پۆشتەتر و رازاوەتر دەزانین لە ئەو روخسارانەی کە ئێستا لە بەکارهێناندا برەویان هەیە، وەك: (بەرکەوتن، ژێرکەوتن، لاکەوتن).

**پ26: ئایا جێی تر هەیە کە ئامرازی (ـە) بتوانێت واتا بگۆڕێت لە کارێکدا؟**

و26: بەڵێ لە ئەو وشانەدا کە خۆیان واتای بنجی کارێك دەپارێزن، دەشێت ئامرازی (ـە) بکەوێتەکار، وەك:

**کەوتنە (ئیش) : وە (ئیش) کەوتن**

**کەوتنەگەڕ : وە (گەڕ) کەوتن**

**کەوتنە جۆش : وە (جۆش) کەوتن**

**کەوتنە جووڵە : وە (جووڵە) کەوتن**

لە ئەم نموونانەدا، وشەکانی (ئیش، گەڕ، جۆش، جووڵە) دەگەڕێنەوە بۆ کارێك و ئەرکی ئامرازی (ـە) ئەوەیە کە دەسپێکی ڕووداوی ئەو کارانە دیاری بکات و لە ئەم میکانیزمەدا کاری (کەوتن) بووە بە کارێکی یاریدەدەر.

**پ27: ئایا چۆن بتوانین دەستی خۆمان بپارێزین، یان دەست پارێزی بکەین لە زمانی نووسیندا؟**

و27: لە وەڵامدا، دەتوانین ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بخەینەڕوو، وەك:

هەنگاوی یەکەم: دەتوانین نەهێڵین ئامرازی (ـە) بخرێنە بری ئامرازی تر، وەك:

**دەڕۆم (بۆ) بازار : دەڕۆم(ـە) بازاڕ (*)**

**دەبێت (بە) پیاو : دەبێتـ(ـە) پیاو(*)**

**ڕووی کرد (لە) دیوارەکە : ڕووی کرد(ە) دیوارەکە (*)**

بێ گومان، لەبەر پێنووسی ئێمە دەستە ڕستەکەی دەستە ڕاست، پۆشتەتر و ڕازاوەترن بەڕێزمان، بەڵام دەستە نموونەکەی دەستە چەپ (*) لە ئاخاوتنی

لاکۆڵانەوە پەڕیونەتەوە نێو زمانی نووسین. لەلایەکی ترەوە، نموونەکانی دەستە چەپ(*) مۆرکی ئاخاوتنی ناوچەییان پێوە دیارەو زمانی نووسین لێڵ دەکەن.

هەنگاوی دووەم: دەتوانین نەهێڵین کە ئامرازی (ـە) بە ناپۆشتەو پەرپووت بەکاربهێنرێت لە پەرێزی ڕێزمانەکەی خۆیدا، وەك:

**تۆپەکە کەوتە (...) زەوی**

یان،

**تۆپەکە کەوتە (سەر) زەوی**

لەڕستەی یەکەمدا، بەکارهێنانی ئامرازی (ـە) دروستە بەڕێزمان، بەڵام ناپۆشتەیە و کلۆری پێوە دیارە. بێ گومان ئەو کلۆرییە بە بەکارهێنانی ئاوەڵکار پڕ دەبێتەوە. بۆ نموونە، ئاوەڵکاری (سەر) یان هەر ئاوەڵکارێکی تر دەتوانێت ئەو کلۆرییە ڕێزمانییە پڕ بکاتەوە.

هەنگاوی سێیەم: دەتوانین نەهێڵین کە ئامرازی (ـە) ونـدا بکرێت لە ڕیزەکەدا، وەك:

**تۆ بکەوە (...) سەر تەنیشت**

**تۆ بکەوە (رە) سەر تەنیشت**

لە نموونەی یەکەمدا، کلۆری هەیەو ئەو کلۆرییە بە برگەی (رە) پڕ بووەتەوە. هەر بۆ نموونە ئەو پڕکردنەوەیە نەبووە بە (خەوشی ڕێزمانی) یان نەبووە بە (لەنگی و نەنگی) لە واتای ڕستەکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ناتوانین بە برگەیەکی تر وەك (تە، لە، بە، پە،...) ئەو کلۆرییە پڕ بکەینەوە. کەواتە، ناشێت و نابێت ڕێزمانی ئامرازی (ـە) پەرپووت بکەین و برگەی (رە) لاببەین، تا کۆڕی زانیاری بڕیاری لەسەر نەدات.

**پ28: لە پرسیاری پێشوودا، هەندێك ئاڵۆزی هەیەو نازانین سەرچاوەی هەردوو فۆنیمەکە لەکوێوە هاتووە. ئایا دەتوانین ڕوونی بکەینەوە؟**

و28: وەك لەچەند جێیەکی ئەم نووسینەدا باس کراوە، فۆنیمی /ر/ دەگەڕێتەوە بۆ دەنگێکی خپ کە لەژێرەمۆی مندالّی کوردا پارێزراوە. واتە، جێناوی ڕێژەی فەرمان (ـە) لەڕەسەندا بریتییە لە (ـەر) و دەنگی (ر) تەنها و تەنها هەر بە (زەبری بزوێن) زیندوو دەبێتەوە و دەژێتەوە و ئەگەر ئەو زەبرە لابچێت، ئەوا

دەنگە دەگەڕێتەوە بۆ نێو خانەکەی خۆی لە (بیردان)دا. ئالۆزی دووەم ئەوەیە کە زۆر کراوە لە دەنگی /ر/ کە نەبووژێتەوە، لە ئەم رووەوە هەردوو دەنگی بزوێنی (ـە) لە یەکتری جووت دەبن و دەبن بەیەك فۆنیمی دوولۆ.

لەزمانی کوردیدا زۆرجار دوو بزوێنی (ـە) دەگەن بە یەکتری بەڵام ناوگیر داوا دەکەن، کەچی بزوێنەکەی ئامرازی (ـە) ئەگەر بخشێت لە کلکی (ـە)، ئەوا هەردووکیان لە یەکتری جووت دەبن. لە ئەم کەین و بەینەدا، سەری حەشارگەیەکی ڕێزمانی ئامرازی (ـە) هەڵ دەدرێتەوە.

**پ29: بەڵگە چییە ئەو حەشارگەیەی کە لە پرسیاری پێشوودا باس کرا؟**

و29: لە پرسیارەکانی پێشوودا، باسی ئەو بەڵگەیە کراوە، بەڵام بۆ پێویستی لێکۆڵینەوە، جارێکی تر باسی دەکەینەوە. بۆ نموونە لە پرسیاری (19)دا، گوتر کە پاشگری دووپاتی (ەوە) لە خانەی (−8)دا دەنیشێت و ئامرازی (ـە) لە خانەی (+ 9)دا دەبێت بە دراوسێ. لە ئەم ڕێزبەندییەدا، دوا پێکهاتەی خانەی (−8) دەبێت بە بزوێنی (ـە) و پێکهاتەی بەرایی لەخانەی (−9) دەبێت بە ئامرازی (ـە)، وەك:

| | خانەی (−8) | خانەی (9) |
|---|---|---|
| | پاشگری دووپاتی | ئامرازی (ـە) |
| کەوت | ـەوە | ـە سەر زەوی |

کەواتە، لەڕووبەری زمانی کوردیدا، چار نییەو گشت کاتێك سەری بزوێنەکەی ئامرازی (ـە) دەخشێت لە کلکی بزوێنی (ـە) لەکۆتایی پاشگری (ەوە)دا. لە ئەم هەڵس و کەوتە ڕێزمانییەدا، هەردوو بزوێنی (ـە) لەیەکتری جووت دەبن و خانە یەك فۆنیم داگیر دەکەن. بەڵام وەك بەڵگە بۆ هەبوونی ئەم حەشارگەیە، لە ئەم جۆرە نموونەیەدا، زۆر کردن لە ئەو دوو فۆنیمە بزوێنە کە لە یەکتری جووت نەبن و نەبن بەیەك فۆنیم و نێوگریان بۆ دابنێین ئەوا باری (ناڕێزمانی) دەهێتە ئاراوە. کەواتە، دەتوانین بڵێین، گشت کاتێك ئامرازی (ـە) ئەگەر بخشێت لە کلکی

بزوێنی (ـە)، ئەوا هەردوو بزوێنەکە دەبن بەیەك فۆنیم. بۆ زانیاری پتر بڕوانە بۆ پرسیاری (7).

**پ30: بەدەر لە ڕێزمانی ئامرازی (ـە)، ئایا دەتوانن چەند نموونەیەك لە (جووت بوون) و لە (جووت نەبوون)ی دوو فۆنیمی (ـە) بخەنەڕوو؟**

و30: بەدەر لە ئامرازی (ـە)، هەردوو بارەکە هەن، وەك:

یەکەم: باری (جووت نەبوون)، وەك:

**ئایا تایە پەنجەرەکە، ئەو تایە یـ(ـە) یـ(ـە)؟**

لە ئەم نموونەیەدا، سێ بڕگەی (یە) هەن. یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (تایە) و دووەمیان ناوگری (یـ) وەرگرتووە و لەگەڵ پاشپرتکی ئامرازی ئامارە (ئەو... ە) جووت بووە، تا نەخشێت لە بزوێنی (ـە) لە وشەی (تایە)دا. سێیەمیان بریتییە لە جووت بوونی ناوگری (یـ) لەگەڵ سەری مۆرفیمی ئێستایی (ـە)، تا نەخشێت لە کلکی بڕگەی (یە)ی دووەم.

دووەم: باری (جووت بوون)، وەك:

**دان: بەواتای (دگان، کەڵپە، کاکیلە، ددان)**

**دانە: بەواتای (یەك پارچە، قل)**

لە ئاستی ئەم دوو وشەیەدا ئەگەر ئامرازی ناساندن (ەکە) بار بکەین، لەهەردوو نموونەکەدا دەگوترێت (دانەکە)، وەك (دانەکەی تۆ). لە نموونەی یەکەمدا، بارێکی ئاساییە کە بزوێنی (ە) جووت ببێت لەگەڵ دەنگی (ن) و بڕگەی (نە) چێ بکات. بەڵام لە نموونەی دووەمدا، هەردوو بزوێنی (ـە) لەیەکتری جووت کراون و بەیەك فۆنیم گۆکراون.

ئەمەش وای کردووە، کە لەباری کۆدا وشەی (دان) و (دانە) لەیەکتری جودا نەکرێنەوە.

**سەرچاوە:**

**ـ د. شێرکۆ بابان، ڕێزمانی ئامرازی پەیوەندی، هەولێر، 2009.**

ـ مامۆستا مەسعوود محەمەد، چەند حەشارگەیەکی ڕێزمـانی کـوردی، کـۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1976.
ـ د. وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، هەولێر 2004، ل 37 ـ 45.

# خاڵبەندی ئامانج و جۆرەکانی لەڕێنووسی کوردیدا

ئا: رۆژگار سابیر دزەیی
زانکۆی سلێمانی
بەسەرپەرشتی
پ. ی. د. عەبدولواحید موشیر دزەیی

پێشەکی:

ئاشکرایە کە نووسین بریتییە لە هەوڵی مرۆڤ بۆ تۆمارکردنی قسە و لە ئەنجامی ئەم تۆمارکردن و وەرگێرانەش کەلێنێك دورست دەبێت لە نێوان زمانی ئاخاوتن و نووسین , هاتنەکایەی خاڵبەندیش بۆ چارەسەری ئەم کێشەیەیە کە لەم باسەدا دەیخەمە روو, هەرچەندە زۆر کێشەی خاڵبەنی ماوە کە تاکو ئێستا چارەسەر نەکراوە.

باسەکەم جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دووبەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم ئەم سەردێرانە دەگرێتە خۆ: (پێناسەی زمان , جۆرەکانی زمان, جیاوازی نێوان زمانی نووسین و قسەکردن).

بەشی دووەمیش ئەم سەردێرانە دەگرێتە خۆ(خاڵبەندی و جۆرەکانی.ئامانجی خاڵبەندی, جۆرەکانی خاڵبەندی..........). لە کۆتایشدا کورتە و ئەنجامەکان پێشکەشکراوە).

**بەشی یەکەم زمان**

**پێناسەی زمان:**

زمان رۆڵێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤ دەگێرێ و بەردی بناغەی کۆمەڵە لەمێژەوە سەنجی فەیلەسوف و ئەنترۆپۆلۆجی و دەروونناس .........هتد .راکێشاوە، بەلاّم لە روانگەیەکی فراوانەوە لەزمانیان کۆڵیوەتەوە، بۆیە

هەرشارەزایەك لە چوارچێوەی بابەتەكەی خۆی پێناسەی كردووە، ئەمەش وادەكات چەند پێناسەیەك بۆ زمان بێتە كایەوە لەوانە:

- (هنری سویت) دەڵێت: (زمان هۆیەكە بۆ دەربڕینی بیر لە ڕێگای دەنگ كە لە وشە پێك دێت)[1].
- (ئۆڵمان) دەڵێت: (سیستەمێكی هێمای دەنگی لە بیری كەسی كۆمەڵ تۆمار كراوە)[2].
- (زمان هۆیەكی ناغەریزی تایبەتە بە مرۆڤ بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەكاردێت و بەهۆی ڕەمزی لەسەر یاسا ڕۆیشتووە كاردەكات و لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤ دایە)[3].

مێشك ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لە پرۆسەی ئاخاوتن دا, بەشی (برۆكا) بەرپرسیارە لە بەكارهێنانی زمان و بەشی (فێرنیكا)ش كە بە (برۆكا) وە نووساوە بەرپرسیارە لە تێگەیشتنی زمانی نووسین و قسەكردن[4].

مرۆڤ پاش تێگەیشتن و لێكدانەوە دەیەوێت هەڵوێستی خۆی بنوێنێت , بۆیە ڕوو لە فەرهەنگی مێشكی دەكات و پێویستییەكانی هەڵدەبژێرێت لە وشە و ڕستە بەپێی یاسا مۆرفۆلۆجی و سینتاكسییەكان[5]. ئینجا لە ڕێگای كۆئەندامی دەمارەوە كە لە ژمارەیەكی زۆر خانەی دەماری پێكدێت كە پێیان دەگوترێت (نیۆرۆن Neoron) لە پاڵ ژمارەیەكی زۆر لە داوە دەمارەكان كە مێشك و ماسولكە بزوێنەرەكانی ئاخاوتن بەیەكەوە دەبەستێتەوە لەگەڵ دەمارەكانی بزوێنەری ئەندامی ئاخاوتن و لەناو خانە دەمارەكاندا كارلێك كردنێكی كیمیاوی ڕوودەدات و ڕەوتێكی كارەبایی دروست دەبێت و دەمارەكانی جولانەوە بۆ ماسولكە دەنگییەكانی ئاخاوتن دەیگوازێتەوە و ئاخاوتن ڕوودەدات یان بە نووسین دەری دەبڕێ[6].

### جۆرەكانی زمان

### 1-زمانی قسەكردن:

لە سەرەتای پەیدابوونی ئادەمیزادەوە هەیە دوای ئەوەی ئادەمیزاد پەرەی بە ئەندامەكانی ئاخاوتن داوە بۆ مەبەستی دروستكردنی دەنگ ودەربرینی بیرو را زمانی قسەكردن هاتۆتە كایەوە.

## 2- زمانی نووسین:

دوای دروستکردنی پیت هاتۆته کایەوە، بۆ پاراستنی بیری ئادەمیزاد بەکار هێنراوە.

کەرەسەی زمانی قسەکردن هەوایە و بۆماوەیەکی کورت دەمێنێتەوە.بەڵام زمانی نووسین کەرەسەکەی پیت و کاغەزەو بۆماوەیەکی دوورو درێژ دەمێنێتەوە. زمان لە نووسیندا دابەشدەبێتە سەر (مۆرفیم,وشە,رستە,دەق,.......)[7].

**جیاوازی نێوان نووسین و قسەکردن:**

نووسین قسەکردن دوو شێوەی زمانن، بەڵام زمانەوانەکان قسەکردن بە بنچینەی زمان دا دەنێن چونکە پێش نووسین بە ماوەیەکی زۆر هەر هەبووە، هەر وەك هیمبولت دەڵێت (مرۆڤ و زمان پێکەوە لەدایك بووینە)[8]. جگە لەمەش هەندێ زمان هەیە تاکو ئێستاش شێوەی نووسینیان نیە[9].

نووسین بریتیە: (لە هەوڵی مرۆڤ بۆ تۆمار کردنی قسە)[10]. واتە گواستنەوە و وەرگێرانی دەنگی بیستراو بۆ نووسینی بینراو، بۆ پاراستنی مێژوو و کەلتووری لەفەوتان وەك ئاسنکاریەکی ئەرکی مێشك لە کۆکردنەوەو پاراستنی زانیاریەکان.

نووسین هەندێ جار وردەو هەندێ جاریش وردنیە، واتە لەکاتی گۆرینی هەندێکی لێ دەفەوتێت، ئەم فەوتانەش کەلێنێکی لە نێوان نووسین قسەکردندا دروست کردوە، کە لەم خاڵانەدا دەیخەینە ڕوو:-

1- هەندێ تایبەتی نووسین هەیە لە قسەکردن دا دەرناکەوێ، وەك لەبەکار هێنانی هێڵی خوارو تۆخ و پەرەگراف[11].

2- قسەکردن وێنەی ڕاستەقینەی زمانەو چەندین شتی شاراوەمان دەداتێ کە لە نووسین دا دەرناکەوێت , واتە نیشانە یان پیتی بۆ داناندرێت، وەك: (ئاوازەو هێزو وەستان و درێژی دەنگ و رژانە ناو یەك)، بۆ نموونە، رێنووسی کوردی ئەم وشەوگریانە وەك یەکتر دەنوێنێ، بەڵام لەقسە کردندا یەهۆی هێزەوە جیادەکرێنەوە، وەك:

پارەکە 1= (پارە)

پارەکە 2 = (ساڵی ڕابردوو).

یان رستەیەکی وەك (دەڕوات) بەپێی گۆڕینی ئاوازی دەنگمان هەرجارەی واتایەك بەدەستەوەدەدات ، کەلەنوسین دا ئەم واتا جیاوازانە دەرناکەون وەك:

1- دەڕوات ↑ ئایا ئەو دەڕوات؟ بەرزکردنەوەی دەنگ (هەڵس)

2- دەڕوات ↓ من دەزانم کە دەڕوات. دەنگ بۆ خوارەوە (کەوت)

3- دەڕوات ← بتەوێ یان نەتەوێ هەر دەڕوات. (راست)

ڕژانەناویەکیش هەندێ جار واتا دەگۆڕی، کە لەنوسین دا نیشانەی بەرامبەرمان بۆ نیە بۆنموونە رستەیەکی وەك (ئەم بەرماڵە).

ئەم + بەرماڵە

ئەمبەر + ماڵە

کورتی و درێژی دەنگیش بە هەمان شێوە بە نووسین پیشان نادرێت بۆ نموونە لە زمانی کوردی دا ئەو بزوێنەدرێژانەی دەکەونە دواوە هەرچەندە هێزیشیان لەسەر بێت کورتتر دەر دەبرێن لەوانەی پێشەوە. وەك: (ئالآ، ئاغا، دارا...)[12].

3- ئەوەی تەم و مژ دروست دەکا نووسینە، چونکە قسەکردن بە لەبەر چاو گرتنی دەوروبەر ڕێگە لە تەم و مژی واتای و ڕێزمانی دەگرێ، واتە تەم و مژ دەرەوێنێتەوە، بۆ نموونە رستەیەکی وەك: (پێم دەشکێ) بێ دەوروبەر بە دوو واتای جیاواز لێکدەدرێتەوە (13).

1- قاچم دەشکێ.

2- دەتوانم بیشکێنم.

بەڵام کەخستمانە ناو چوارچێوەی گوتنەوە تەم و مژەکە نامێنێ. وەك لەم ئاخاوتنە دووکەسییەدا دەردەکەوی :

ا- هەرچەندە دارەکە زۆر ڕەقە، بەڵام هەر پێم دەشکێ.

ب- چۆن دەیشکێنی ؟

ا- چۆن نایشکێنم، زۆر زۆر بە بیور دەیبرمەوە.

لێرەدا بۆمان دەرکەوت شتە شکاوەکە (دارە) نەك (قاچ).

4- قسەکردن ناسنامەی کۆمەڵایەتی قسەکەر دەر دەخات[14]. کە لە نووسین دا دەرناکەوێت، چونکە قسەکەر کەقسەدەکات، گوێگر قسەکان وەك دوو پێرەو و هێما لێکدەداتەوە:

ا- ئەو پێرەو و هێمایانەی دەربارەی بابەتی قسەکەیە، واتە مەبەست و کات و شوێن دەگەیەنێ.
ب- ئەو پێڕەو و هێمایانەی کە شتێك دەربارەی قسەکەر دەردەخات، بە تایبەتی دەربارەی کەسێتی قسەکەر وەك: خەڵکی کوێ یەو، لەچ بارێکی دەروونی دا دەژی و، هەستی بەرامبەر قسەکەر و گوێگر و دەوروبەر چییە؟ و سەر بە چ چین و رەگەزێکەو، رادەی خوێندەواری چەندە؟[15]. هەروەها، باری دەم و چاوی (Face work) واتە گرژی و گەشی[16].
5- نووسین پێچەوانەی قسەکردن زۆر تر دەمێنێتەوەو کەمتر دەگۆرێت جگە لەمەش لە کاتی گۆکردنی هیچی لێ نافەوتێت[17].
6- هەندێ تایبەتی پەرەزمانی هەیە لەنووسین دا دەرناکەوێ وەك: دووری و نزیکی قسە کەران لەیەکتر، کە هۆیەکی گرنگە بۆ زانینی رادەی پەیوەندی نێوانیان(18).

**پەراوێزەکانی بەشی یەکەم:**


1. حاتم صالح الضامن:132:1989.
2. ستيفن اولمان:33:1986.
3. محمد معروف فتاح:5:1990.
4. جمعه سيد يوسف: 1990: 166-169.
5. عبدالسلام المسدی: 1983: 70.
6. عبدالرحمن ايوب: 1989: 25.
7. عبدالواحد دزەیی:10:2005.
8. عبدالقادر هنی، 1997: 213.
9. Palmer, 1981: 155.
10. محمد معروف فتاح، 1990: 178.
11. Palmer, 1981: 155.
12. محمد معروف فتاح، 1990: 179.
13. وریا عومەر ئەمین، 1995: 68.
14. د.محمد معروف فتاح، 1990: 179.
15. وریا عومەر ئەمین، 1995: 68.
16. هدسون:196:1987.

17. د.محمد معروف فتاح، 1990: 180.
18. د.محمد معروف فتاح، 1990: 180.

**بەشی دووەم**

**خاڵبەندی ئامانج وجۆرەکانی لەرێنوسی کوردیدا:**

سەرەتا پێش ئەوەی بێنە سەرئامانج و جۆرەکانی خاڵبەندی ، پێویستە بزانین (خاڵبەندی چییە ؟ ) .بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارێکی لەم جۆرە بدەینەوە (خاڵبەندی چییە ؟) ئەوە دەبێ سەرەتا بگەرێنیەوە سەرزمان وچەند شتێکی پێویست تێدا بخەینە روو. زمان بەهەردوو بەشیەوە :زمانی ئاخاوتن وزمانی نووسین ،لێڵی و تەموو مژیەکی زۆری تێدایە ،بۆیە هەریەکەیان چەند دیاردەیەکیانڵ لەخۆ گرتووە ،تا ئەم لێڵی و تەموو مژەیە برەوێننەوە، بۆ ئەوەی زیاتر لەئاست ئەرکەکەیاندابن ... بۆ نموونە لەزمانی ئاخاوتن توانرا ((...ئەو لێڵییە ...، لەئەنجامی بەکارهینانی فۆنیمە ناکەرتییەکانی وەك : هێزو ئاواز بەئاسانی چارەسەر بکرێت .))[1] . بەم شێوەیە دەبینین زمانی ئاخاوتن توانیویەتی بەهۆی لەخۆگرتنی ئەم دیاردانە لێڵی خۆی برەوێنێتەوە .وە زمانی نووسینیش بەهەمان شێوەی زمانی ئاخاوتن دیاردەی لەخۆ گرتوە ،پێویستە زۆر بەچاکیش پارێزگاری ئەم جۆرە دیاردانە بکات ،چونکە ((زمانەوانەکان بیرورایان وایە کە نووسین دوو هەنگاو دوورەکەوتنەوە وەیە لەراستی (واقع) .ئەویش بەهێما کردن بۆ ئەو وێنە هۆشەکییەی لەناومێشکدا یە بەرامبەر شتیکی دیاری کراو گۆکردن یەکەم جار ، ئینجا بەهێماکردن بەپیت بۆئەو ریزە دەنگەی گۆکردنی پیێ دروست ئەبێت .))

لەبەرئەوەی زمانی نووسین بۆئەوەی لەئاست ئەرکەکەی دابێت ،دەبێ زیاتر لەقسەکردن دیاردە لەخۆبگریت . تالەراستی نزیکتربینەوە. دیاردەی زمانی نووسنییش بریتی یە لە (جۆرەکانی خاڵبەندی )، کەواتە:خاڵبەندی تایبەتە بەزمانی نووسین .وەبریتی یە لە (... (علامات الترقیم ) دانانی نیشانەی تایبەتییە وەکو خاڵ ( . ) کۆماو ( ، ) لەکاتی نووسیندا ...))[2].

**ئامانجی خاڵبەندی :**

1- لێك جیاکردنەوەی رستەکان و تێکەڵ پێکەڵ نەبوونیان لەدەقدا.

2- گەیاندنی ماناو مەبەستی تایبەتی هەر رستەیەك .

3– کەم کردنەوەی ئەرك لەسەرنووسەر.
4– دیاری کردنی ئەوشوێنەی ، کەدەکرێ لەکاتی خوێندنەوەی نووسراوەکە ، خوینەر تێدا راوستێ وهەناسە بدات ،بەبێ تێکچوونی زنجیرەی بیرکردنەوە کان،
5– نەهیشتنی بە هەڵە خوێندنەوەی دەقەکان ،بەدیاری کردنی جۆری : هێز و ئاواز... بۆ ڕستەکان ، بەهۆی دیاربوونی جۆری رستەکان .
6– کەمکردنەوەی ئەرك لەسەرخوینەر،بەهۆی ئاسان تیگەیشتنی.
7– پارێزگاری کردن لەمانا و مەبەستی ڕاستەقینەی دەقەکان ونەشێواندنیان.
وە دەکری زیاتر لەم ئامانجانە لە خاڵ بەندی بەدەست بێت. بۆدیاری کردنی جۆرەکانی خاڵ بەندی ، ئەوە ئەگەر بەگەرێنەوە بۆ سەرچاوەکان، دەبینین بەپێی جۆرو پێوستەی نوسراوەکان بە دەیان جۆر خاڵ بەندی بەدیار دەکەویت، ئەم زیادەیە زیاتر لە رێگای دروستکردنەوەیە، بۆ نموونە : نووسراوێکی سەربە ڕێزمان، چەندین رەمزی تایبەت وپێ ی وەك خاڵبەندی تێدا بە کارهاتووە، بەلاّم نوسراوێکی سەر بەئەدەب ئەم خاڵ بەندیە تایبەتیانە تێدا نابنێریت. یان زۆر جار نووسەر خۆی رەمزێك دروست دەكات وەك خاڵبەندییەك لەنووسینەکەی بەکاری دەهێنی ولەسەرەتای نووسینەکەش دا ئاماژە بەم رەمزانە دەکات . بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەون جۆری خاڵبەندی شتێکی رێژەییە وچەسپاونییە. ئێمە لەم باسەدا تەنها باس لەجۆرەکانی خاڵبەندی لە(چیرۆك) بەشێوەیەکی گشتی ولەچیرۆکی (چی بوو تێکی دام؟) ی (شێخ محەمەدی خاڵ) بەتایبەتی دەکەین ،بۆیە کارمان بەخاڵبەندی دەرەوەی (چیرۆك) نیە .

**جۆرەکانی خاڵبەندی:**

لەنووسین دا چەندین جۆر خاڵبەندی دەبینرێت ، بەشێوەیەك دەوریان بینیوە ، کەوا ئەکەر نەشبووبنە تەکنیکێکی سەربەخۆ ، ئەوا دەورێکی گرنگیان گێراوە لەبوونیاتی تەکنیکەکان ، لێرەدا چەند جۆرێکی بەرچاو دەخەینە روو:

**أ–خاڵبەندی سادە:**

**1–( . ) خاڵ:**

وەکو یەکێك لە جۆرە بەرچاوەکانی خاڵبەندی، (( نیشانەیەکە خوینەر چاوی پێ دەکەوێ بەتەواوی لە خویندنەوەکەی رادەوەستێت بۆ ئەوەی بحەسێتەوەو هەناسە بدات ...))[3] . وەزیاتر لە شوێنێکیش دەردەکەوێت ، ئەم نیشانە یە زۆر گرنگە ، چونکە لە رێ ئەم نیشانەیەوە نووسەر دەتوانێت پشوویەك بە خوێنەر بدات و ماوەی لێکدانی ئەو رستانەی بدات ، کە لە پێش وەستانەکە خوێندویەتیەوە ......

**2–( ، ) فاریزە ( کۆماو):**

ئـەم نیـشانەیەش زۆر بەرچـاوە ((خوێنـەر ئـەم نیـشانەیە دەبینـێ ، بـۆ ماوەیەکی کەم لەخویندنەوەکەی رادەوەستێت و هەناسە دەدات))[4] .

و لە زۆر شوێنیش دادەنرێت . فاریزە رۆڵێکی گرینگی هەیە ، بەهۆی ئەمەوە نوسـەر دەتوانێـت وەسـتان لـەنێوان ڕسـتەدا یـان لـەنێوان ئـەو ڕسـتانەی پەیوەندییەکی واتاییان لەنێوان دا هەیە ، بۆ ماوەیەکی زۆر کورت لەلای خوێنەر دروست بکات ، وە هەر لە رێی ئەمەوە نووسەر دەتوانێت چۆنیەتی دابەشکردنی هێز بەسەر رستە بۆ خوێنەر بگوازێتەوە.

**3–( " ) فاریزەی خاڵدار:**

ئەم جۆرەیان بەشێوەیەکی کەمتر دەبینرێت ، چونکە تێکەڵیەك هەیە لەگەل فاریزە (،) بەهۆی ئەو نزیکەی لەنێوانیاندا هەیە ، بۆیـە نووسـەران زۆرجـار هـەر فاریزە (،) لەجیاتی فاریزەی خاڵدار (") بەکار دەهێنن . ((خوێنەر بەم نیشانەیە تـاوە راوەسـتانێك دەسـت لـە خوێندنـەوەی هەڵدەگرێت و بـۆی هەیـە هەناسـە بدات.))[5] . ئەمەشیان زیاتر لە شوێنێکدا بەکار دەهێنرێ.

**4–( : ) دوو خاڵ:**

ئەم نیشانەیە لە نووسـین دا بـەکار دەهێنرێـت ، زیـاتر رۆڵی نمـایش کردنـی: وتە، نموونە، نووسراوێك، جۆرەکان، بەشەکاندا ..... دەبینن.

**5– ( ؟ ) نیشانەی پرسیار :**

ئەم نیشانەیە بەرچاوە لە نووسیندا (( دوا بەدوای ڕسـتەی پرسـیاری دێـت ، بۆ ئەوەی خوێنەر دەنگی خۆی لەشێوەی پرسیاردا دەربڕێ .))[6] .

هەر بەمەش ڕستە پرسیارەکان لە جۆرەکانی تر جیادەکرێتەوە، ئەم هێمایە لە دیاریکردنی ئاواز چیرۆك رۆلی هەیە .

**6–( ! ) نیشانەی سەرسورمان:**

ئـەم نیـشانەیە لـە نووسـین دا زۆر بـەکاردەهێنێت . وە هـەر لـەرێگای ئـەم نیشانەیە هەسـتی نووسـەر لـەلای خوێنـەر بەرچـاو دەکرێـت ، چـونکە : (( ئـەم نیـشانەیە لـەکۆتایی هـەموو ڕسـتەیەکدا سـازدەکرێت ، کـە بێژەرەکـەی توشـی هەڵچونێك بووبێت و لەهەسـت ەنەسـتیدا سـۆزێك بـەرپابووبێت ، وەکـو حالـەتی دەربرینی سەرسورمان وهەرەشەکردن و ئارەزوو بزوانـدن و خەفـەت و خـۆش و یارمەتی داواکردن و دوعا و سکالاکردن و ڕازی نەبوون .))[7] .

**7–( ـ ) تەقەڵ:**

ئەم نیشانەیە بەزۆری لە چیرۆك بەرچاوە . بەتایبەتی لە چیرۆکی شانۆیی ، کەوا دیالۆگی تێدا زۆرە ، ئەم تەکنیکەش زیاتر لە شێوازی نوێی چیرۆك نووسیندا بەکارهێنراوە ، ئەم جۆرەشیان لە شەێنێك زیاتر بەکاردەهێنرێت. لەچیرۆکدا لەجیاتی پێشکەش کردنی کەسەکان لەکاتی قسەکردندا بەکاردەهێنرێت[8] .

**8–( ... ) زیاتر لە خاڵێك بەدوای یەك:**

ئەم نیشانەیە لە دوو خاڵ ( .. ) ، یان سێ خاڵ ( .. ) ، یان زیاتر بە دوای یەك پێك دێت ، وە لە هەموویان زیاتر سێ خاڵەکە ( ... ) بەکاردەهێنرێت . ئەم جیاوازیەش لەژمارەی خاڵەکان جۆرە جیاوازیەکی هەستیان تێدایە ، بەلاَم بەشێوەیەکی گشتی هەموویان یەك مەبەست و ناوەرۆك دەدەن . ئەم جۆرە خاڵبەندییەش مانای فرێدانی وشە ، یا هەبوونی بەردەوامی و باس کردنی ، یا درێژکردنەوەی دەربڕینی وشە, یا هەبونی بەردەوام و باس نەکردنی یان درێژکردنەوەی دەربڕینی وشە[9] .

**9–کەوانەی بچوك:**

ئەمەشیان بۆ چەندمەبەستێك بەکاردەهینرێت وەك زەق کردنەوەی ووشەیەك یان ڕستەیەك.

**10–(( )) جوت کەوانە:**

ئەم تەکنیکە لەوکاتەبەکاردێت کە ووتەیەکی وەرگرتووە ,جا ڕستەیەك بێت یان زیاتر, دەخاتە نێو ئەم جوتە کەوانەیە ,بەمەش پێویست ناکات ئاماژە بەخاوەنەکەی بکات، بەمەش لەکاربردن دوور دەکەوێتەوە (10).

**11ـ { } کەوانەی گەورە:**

ئەمەشیان زیاتر لەچیرۆکی شانۆیدا بەکاردێت کەوا ڕۆڵی ((فەرمانەکانی نواندن لەشانۆدا )) (11).

**12–( / ) خەتی لار:**

ئەمەشیان (( بۆجیاکردنەوەی ڕۆژ ,مانگ وساڵ )) بەکاردەهێنرێت[12]، ئەمەش زیاتر لەنووسینی بەروار (نووسینی دەقەکەم ), یان بەرواری ئاماژەپێکراو لەناودەقدا ,ئەم ڕۆڵەبەرچاوە.

**13–( *** ) سێ ئەستێرە:**

لەچیرۆکە درێژەکان بەکاردێت,ئەوانەی بەش بەشن ,لەجیاتی نووسین ژمارەی بەشەکان ئەم ئەستێرە لەپێش بەشەکەدادەنرێت واتە (( لەهەندێ چیرۆکدا بۆ چاپتەر کردنی چیرۆك ئەم نیشانەی داناوە ))[13].چاپتەرکردنی

چیرۆکیش ((یەکێکی تر لەتەکنیکە بەکارهێنراوەکانی گیرانەوەی چیرۆکی کوردی .کاتێك چیرۆکنووس دەیەوێت پشوویەك بدات وهەناسەیەك بخواتەوە , بۆگواستنەوەی رووداوی دەست کردنبە گیرانەوەی لایەنێکی ترلەروداوی سەرەکی , کەزۆر جار لەم وەستانە ...(***) ... دادەنرێت بۆ جوێکردنەوەی چاپتەرێك بۆ چاپتەرێکی دی ))(14).

**ب – خاڵبەندی لێکدراو:**

ئەمەش بەدوو شێوە دەبێت :

**ا– جۆراوجۆر:**

هەندێ جار دوو جۆری خاڵبەندی یان زیاتر لەگەڵ یەکتر کۆدەبنەوە لە کۆتای رستەدا بەم شێوەیە (؟!), (؟!.), (:–) ,... ئەگەر چی ئەم کۆبوونەوەیە جۆرێکی نوێ ی خاڵبەندی دروست نەکردووە , واتە :هەریەکە و خەسلەتێکی خۆی پاراستووە ,بەڵام ئەم کۆبونەوەیە شێوەی نوێ ی خستۆتە روو.

**ب– هاوجۆر:**

جاری واش هەیە چەندنیشانەیەکی هاوجۆری خاڵبەندی لەگەڵ یەك کۆدەبنەوە لەڕستەیەکدا .وەك (!!!) ,(؟؟) ,(!!) ,(؟؟؟),... ئەم کۆبونەوەیەش ماناو جۆرێکی نوێ دروست نەکردوە ,وەهەروەها بەلکو تەنها شێوەیەکی نوێ ی دروست کردوە,وەهەروەها مانای بوونی چەند جاری ئەومە بەمەبەستی کە خاڵبەندیەکە هەلی گرتووە لەناو ڕستەدا ,واتە :چەند جار نیشانەی خاڵبەندیەکە دووبارە بویتەوە ئەوەندە جارە مەبەستی ئەم نیشانەیە لەرستەکەدا هەیە(15).

**پەراوێزەکانی بەشی دووەم:**


1. تایب حسین علی:5:1998.
2. بێخاڵ عبدالله:42:1989.
3. کامل حسن بەسیر:532:1991.
4. کامل حسن بەسیر:534:1991.
5. کامل حسن بەسیر:532:1991.
6. کامل حسن بەسیر:535:1991.
7. ابراهیم قادر محمد:179:1997.
8. کامل حسن بەسیر:536:1991.
9. رێبوار سیوەیلی و....14:2003.

10. ڕێبوار سیوەیلی و....15:2003.
11. ڕێبوار سیوەیلی و....16:2003.
12. ڕێبوار سیوەیلی و....17:2003.
13. ڕێبوار سیوەیلی و....18:2003.
14. ڕێبوار سیوەیلی و....19:2003.
15. ڕێبوار سیوەیلی و....19:2003.

**ئەنجام:**

زمـان ڕۆڵێکـی گـرنگ لـە ژیـانی مـرۆڤ دەگێـڕێ و بـەردی بناغـەی کۆمەڵـە لەمێژەوە سەنجی فەیلەسوف و ئەنترۆپۆلۆجی و دەروونناس....هتد ڕاکێشاوە. وبەڵام لە ڕوانگەیەکی فراوانەوە لەزمانیان کۆڵیوەتەوە. (زمان هۆیەکی ناغەریزی تایبەتە بە مرۆڤ بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت و بەهۆی ڕەمزی لەسەر یاسا ڕۆیشتووە کاردەکات و لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤ دایە).زمانی ئاخـاوتن وزمـانی نووسـین ،لێڵـی و تـەموو مژیـەکی زۆری تێدایـە ،بۆیـە هەریەکـەیان چـەند دیاردەیەکیانێ لەخۆ گرتووە ،تا ئەم لێڵی و تەموو مژەیە بڕەوێننەوە، بۆ ئەوەی زیـاتر لەئاسـت ئەرکەکەیانـدابن ... بـۆ نموونـە لـەزمانی ئاخـاوتن تـوانرا ((...ئەولێڵییە ...، لەئەنجامی بەکارهێنانی فۆنیمە ناکەرتییـەکانی وەك : هێـزو ئـاواز بەئاسـانی چارەسـەر بکرێـت .)) بـەم شـێوەیە دەبیـنین زمـانی ئاخـاوتن توانیویەتی بەهۆی لەخۆگرتنی ئەم دیاردانە لێڵی خۆی بڕەوێنێتـەوە .وە زمـانی نووسینیش بەهەمان شێوەی زمانی ئاخاوتن دیاردەی لەخۆ گرتوە ،پێویستە زۆر بەچاکیش پارێزگاری ئەم جۆرە دیاردانە بکات ،چونکە ((زمانەوانەکان بیروڕایـان وایە کـە نووسـین دوو هـەنگاو دوورەکەوتنـەوە وەیـە لەڕاسـتی (واقـع) .ئـەویش بەهێما کردن بۆ ئەو وێنە هۆشەکییەی لەناومێشکدا یە بەرامبـەر شـتیکی دیـاری کـراو گـۆکردن یەکـەم جـار ، ئینجـا بـەهێماکردن بـەپیت بۆئـەو ڕیـزە دەنگـەی گۆکردنی پیێ دروست ئەبێت))

لەبەرئەوەی زمانی نووسین بۆئەوەی لەئاست ئەرکەکەی دابێـت،دەبێ زیـاتر لەقسەکردن دیـاردە لـەخۆبگریت . تالەڕاسـتی نزیکتربـبنـەوە. دیـاردەی زمـانی نووسـنییش بـریتی یە لـە (جۆرەکـانی خاڵبەنـدی ) کەواتـە:خاڵبەنـدی تایبەتـە بەزمانی نووسین .وەبریتی یە لە (... (علامات الترقيم ) دانانی نیشانەی تایبەتی یە وەکو خاڵ ( . ) کۆماو ( ، ) لەکاتی نووسیندا ...)).

**((سەرچاوەکان )):**

1– ئیبراهیم قادر محەمەد 1997لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشور (1970–1980),نامەی دکتۆرا ,کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەددین ,هەولێر .
2– أف, آر بالمر, (1981), علم الدلالة, ترجمة, مجيد عبد الحليم الماشطة, مطبعة العمال المركزية, بغداد.
3– بێخاڵ عبدوللآسەعید 1989,واتاسازی ووشە (لێکۆلینەوەیکی کارەکیە) ,نامەی ماجستێر ,کۆلێژی ئاداب ,زانکۆی سەلاحەددین ,تەموزی .
4–تالب حسین عەلی 1998,هەندێ لایەن لەپەیوەندی نێوان رستەو وات لە کوردیدا ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین ، ئەیلولی ،.
5–جمعة سيد يوسف, (1990) سيكولوجية اللغة والمرض والعقلي, سلسلة عالم المعرفة, سلسلة (145), الكويت.
6–حاتم صالح الضامن, (1989) علم اللغة, وزارة التعليم العالي والبحث العلمي جامعة بغداد.
7–ستيفن اولمان, (1986) دور الكلمة في اللغة, ترجمة كمال محمد بشير, مكتبة شباب. بغداد.
8–عبالرحمن ايوب, (1989) تحليل عملية التكلم, مجلة عالم الفكر, مجلد (20), عدد (3), ص152–158 كويت.
9–عبدالقادر هني, (1997) اللسانيات البنيوية في مطلع القرن العشرين, فردينان دي سوسير نموذجا, مجلة, اللغة الأدب العدد(11) الجزائر ص218.
10کامل حسن بەسیر1991.وێژەی کوردی رەخنەسازی, چاپییەکەم, چاپخانەی (دارالجاحڤ), بەغداد.
11–محمد معروف فتاح (1990) زمانەوانی, زانکۆی سەڵاحەددین, هەولێر.
12–هدسون, (1987)علم اللغة الاجتماعي, ترجمة, محمود عبدالغني عياد, مراجعة وتقديم عبدالامير الاعسم, بغداد.
13–وريا عمر أمين (1994) هێزو ئاواز, گ. ڕۆشنبیری نوێ, ژ. (134) بەغدا, لا (13–16).
14–وريا عمر أمين (1995) لێڵی لەزماندا, گ. ڕۆشنبیری نوێ, ژ.(136) بەغدا, لا(67–79).
15–يحيى احمد, (1989) الاتجاه الوظيفي ودوره في تحليل اللغة, مجلة عالم الفكر, مجلد (20) عدد (3), ص76–77 كويت.

# ڕستەی شوێنکەوتوو لەزمانی کوردیدا

بازیان یونس محێدین
زانکۆی سەلاحەدین

ڕستەی شوێنکەوتوو ڕستەیەکی لاوەکی و ناسەربەخۆی ڕستەی ئاڵۆزە (تێکەڵ) لەڕووی واتاوە بەرامبەر ڕستەی سەرەکی ڕستەی ئاڵۆز دەوەستێت و لەڕووی سینتاکسیشەوە پەیوەندی ستراتیژی بەڕستەی سەرەکی یەوەهەیە.بەواتایەکی تر ڕستەی ئاڵۆزە لەدووبەشی لەڕووی سینتاکسەوە جیاواز پێکدێت ، بەشێکی ڕستەی سەرەکییەو بەشەکەی تر شوێنکەوتووی ڕستەسەرەکی یەکەیە (76:3 ) ,بەلاَم مەرج نیە شوێنی هەموو کەرەستەکانی ڕستەی سەرەکی بکەوێت ئەشێت شوێنی بەشێك یان کەرەستەیەکی ڕستەسەرەکیەکە بکەوێت (دواتر زیاتر ڕوون کراوەتەوە) .ڕستەی شوێنکەوتوو ڕستەیەکی بێ واتایەو بەتەنها واتا نابەخشێت زیاتر بۆ ڕوونکردنەوەو دیارخستنی واتای ڕستەی سەرەکی بەکاردێت کەزۆرجار (پاڕستەی گەیەنەر)ی پێ دەوترێ، چونکە بەهۆی ئامرازی گەیەنەری (کە) لەڕووی سینتاکسیەوە لەگەڵ ڕستەی سەرەکی لێك دەدرێت و پەیوەندی جۆراوجۆر درووست دەکەن.* واتە (باری شوێنکەوتنی ڕستەی شوێنکەوتوو بەڕستەی سەرەکییەوە بەکۆمەڵە هۆیەکی سینتاکسی پەیوەستە،کەلەهەمووان گرینگتر ئامرازی گەیەنەرە،کەئەم ئامرازە دەچێتە نێو پێکهێنان و داڕشتنی ڕستەی شوێنکەوتوو.(5:1) ڕستەی شوێنکەوتوو وەك زاراوەیەکی سینتاکسی پارچە ڕستەیە یاخود لاڕستەیە کە دیارخەرو ڕوونکردنەوەی ڕستەیەکی تەواوە کەبەتەنها واتا دەبەخشێت، بەلاَم بەهۆی ئەم لاڕستەیە واتاکەی زیاتر ڕوون دەبێتەوەو نیشان دەدرێت واتە لاڕستە

کەرەستەیەکی یان چەند کەرەستەیەکی ڕستەی سەرەکی ڕوونتر دەکاتەوەو دیاری دەخا،بۆیە سەرجەم پاڕستەکان دیارخەرین،ئەوانەی فرێزە ناویەکان ڕوون دەکەنەوە،ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری ناوین وئەوانەی فرێزە کاریەکەڕوون دەکەنەوە،پاڕستەی دیارخەری کارین (37،36:2 ) وەك لەم نموونانەی خوارەوە ڕوون دەبێتەوە:

**- ئەوچێشتەی کەلەسەر مێزەکەبوو گەرم بوو.**

*** پەیوەندییەکانی نێوان ڕستەی شوێنکەوتووڕستەی سەرەکی لەڕستەی ئاڵۆزدا خۆی لەجۆرەکانی ڕستەی شوێنکەوتوودا دەبینێتەوەو زیاتر ڕوون دەبێتەوە کەئەمانیش دواتر نیشان دراون.**

ڕستەی شوێنکەوتوو مەرج نییە ڕاستەوخۆ لەدوای سەرەی گرێی ناوبێت دەشێ کەرەستەی تر بچێتە نێوانیانەوە تەنانەت هەندێ جار دەچێتە کۆتایی ڕستەکەوە،واتە (بێگومان دەشکرێ ڕیزکردنی ڕستەکان بگۆڕدرێت).(95:4) بۆ نموونە :

**- ئەومناڵە ڕۆیشت کەلەتەنیشت تۆ دانیشتبوو.**

هەروەها زۆرجار لەقسەکردن و نوسینیشدا ئامرازی گەیەنەر لەڕستەی شوێنکەوتوو دەرناکەوێت ،واتە(دەتوانرێ ئەوجۆرە ڕستانە بەبێ ئامرازیش بەڕستەی سەرەکیەوە ببەسترێنەوە) .(11:7) بۆنموونە:

**- ئەومنداڵەی لەتەنیشت تۆ دانیشتبوو ڕۆیشت** . (ڕۆنانی سەرەوە)

لەگەڵ ئەمەشدا دەرنەکەوتنی ئەم ئامرازە واتە(کە) تەنها لەڕۆنانی سەرەوەدایە کەدەشێت لەڕۆنانی ژێرەدا بوونی هەبێ و بتوانین زیندووی بکەینەوە،واتە دەرنەکەوتنی لەقسەو نوسیندا تەنیا لەڕۆنانی سەرەوەدا دەبینرێت ئەگینا لەڕۆنانی ژێرەوەدا ناتوانرێت لابرێت. بۆنموونە :

**- ئەومنداڵەی کەلەتەنیشت تۆ دانیشتبوو ڕۆیشت.**

(ڕۆنانی ژێرەوە) بەشێوەیەکی تر لابردنی ئامرازی گەیەنەر یاسایەکی بەئارەزووە بەناوی یاسای کوژاندنەوەی ئامرازی گەیەنەر چونکە تەنیا لەوکاتانەدادەبێ کەدەرکەوتن و دەرنەکەوتنی ئامرازی گەیەنەر کارنەکاتە سەر واتای ڕستە لێکدراوەکە) .(82:6) هەندێجار ڕستەی شوێنکەوتوو تەم و مژی واتایی دروست دەکات بەتایبەتی لەوکاتانەی کەلەشوێنی بنچینەیی خۆی نەمێنێ

و بچێته كۆتایی ڕستەكە بەمەش بەئاسانی سەرەكەی دەست نیشان ناكرێ و دەشێ ببێتە دیارخەری دووگرێ ی ناوی یان دووسەرە. بۆنموونە :

- دوێنێ **ئازاد نەوزادی دیت كەجلی شینی لەبەردابوو**. (تەم و مژی)

- **تارا بەنازی بینی كە لە ناو ئۆتۆمبێلەكە بوو**. (تەم و مژی)

هەروەها ئەم جۆرە ڕستەیە دەتوانی شوێنی بگۆڕی و ببێتە دیارخەر،بۆهەرچالێك لەچاڵەكانی ڕستەی سەرەكی ڕستەی ئالۆز بەواتایەكی تر دەتوانێ ببێتە دیارخەری هەموویان. بۆنموونە :

- **دوێنێ منداڵەكە بەپەلە بۆئەو قوتابخانەهات كەتازە دروست كرابوو**.

وەكو لەپێشتر ئاماژەی بۆكرا لاڕستە هەمیشە بەتەنیا بێ واتایەو دیارخەری (گ.ن) ییەجا ئەو (گ.ن) ڕستەكە بێت یان سەربە (گ. ك) كەبێت ،وەزۆرجار لاڕستە لاڕستەیەكی تری لەناوخۆدا هەیە كەدەبێتە دیارخەر بۆ ناوێكی ناو لاڕستەكە (واتە لاڕستەی یەكەم) هەردوو لاڕستەكەش بەیەك لاڕستەی گەورە دەبنە دیارخەری سەرەی گرێی ناوی. بۆنموونە :

- **كچەكە هەركەچاوی بەتارماییەكە كەوت دەجولا شاگەشكەبوو**.

ئەوەی ڕستەی شوێنكەوتوو لەڕستەی سەرەكی جیادەكاتەوە (ئامرازی گەیەنەری (كە) ) یە كەهەمیشە لەڕۆنانی ژێرەوەدا بوونی هەیە،ئامرازی (كە) وەك ئامرازی "گەیەنەر" بەكاردێت كەلەزمانی كوردیدا زۆرباوو بلاوەو بەكار هاتووە .(56:8) ،بەلام جگە لەمەش لاڕستە زۆرجار لەگەڵ گرێی بەند نزیك بوونەوەو تێكەڵیەك دروست دەكەن بەتایبەتی لەوكاتانەی ئامرازی گەیەنەری (كە) لەلاڕستە دەرنەكەوتووە،بۆجیاكردنەوەی ئەمەش كار یان فرمان دەوری كاریگەرو سەرەكی دەگێڕێت بەجۆرێك جگە لەكاری سەرەكی ڕستە،لاڕستە كار یان فرمانێكی تری لەگەڵ دایە كەدەشێ بەكارێكی لاوەكی ناوی ببەین واتە (ئەم كردارە تەنها توانیویەتی لەلاڕستەكەدا ئەوە دیاری بكات كەڕستەیە وەك تەواوكەر ) .(73:5) ،لەكاتێكدا (گ .بەند) ئەم كارەی لەگەڵ نی یەو ڕستەوخۆ بەكاری سەرەكی ڕستەوە بەندە،هەروەكو لەم دوو نموونەیەدا :

- **ئەومنداڵەی لەتەنیشت تۆبوو برامە**. لارستە

- **ئەو منداڵەی تەنیشت تۆ برامە**. گ.بەند

هەروەكو پێشترئاماژەی بۆكراڕستەی شوێنكەوتووڕستەیەكی سەرەكی وسەربەخۆ نی یەبەڵكو ڕستەیەكی لاوەكی یەو لەژێر كاریگەری ڕستەی سەرەكی

دایەو بەشێکە لەو ڕستە سەرەکیەو بەهۆی (ئامرازی گەیەنەر)*ەوە یەك دەگرن کەهەردەم لەگەڵ ڕستە شوێنکەوتوەکەیە،

*** ئامرازە گەیەنەرەکان ئەمانەن (کە//کو، کەوا، هەرکە، چونکە// چونکو// چونکی// لەبەر ئەوە، ئەگەر، ئەگەرچی، هەرچەندە، هەند(ە)// ئەوەندە، بەڕادەیەك).(1: 6)**

**هەندێکی تر دەڵێن ئەمانەن (کە،بۆ ئەوەی،کەچی،تا،چونکە،ئەگەر،بۆیە).(54:8)**

*** بۆچونەکان وەرگیراوە دواتر بەیەك بۆچونی گشتی کەداتاشینی هەموویانە نیشاندراوە.**

بۆڕوونکردنەوەی زیاتر لەبارەی ئەم بابەتە تیشکی لێکۆڵینەوە دەخەینە سەر پۆلەکانی لاڕستە کەچەند جۆرێکی هەیە،بۆجۆرەکانی لاڕستەش بۆچوونی *جیاجیا هەیە کەزۆر بەکورتی و بەچڕی و بەچەند نموونەیەك نیشان دەدرێ (ڕوون دەکرێتەوە) :

**<u>بۆچوونی یەکەم</u>** : جۆرەکانی ڕستەی شوێنکەوتوو بەپێی ئەم بۆچوونە گشتیان دیارخەرین کەچەند جۆرێکن : (3: 36– 45 )

1.**ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری سەر بەموبتەدای ڕستەی سەرەکی** : واتە ببێتە دیارخەری ناوی دیارخراو لەڕستەی سەرەکیدا،ناەی دیارخراویش دەتوانێ موبتەدای ڕستەی سەرەکی (نیهاد).ئەویش چەندجۆرێکە :

أ.**موبتەدای ناوی هەیی** : نموونەوەك :

**- جوامێر، کەلەپەنا تاوێرەکە دانیشتبوو،چاوی بڕیبوە ئاسمان.**

ب.**موبتەدای ڕاناوی جودایی** : نموونەوەك :

**- تۆ،کەبەمامۆستایەکی باش ناسراوی،شوێنی خۆت لەناومیللەتدا بینیووە.**

ج.**موبتەدای ڕاناوی نیشانەیی:** نموونەوەك :

**- ئەوانەی،کەببونە وەزیر،لەوی زیرەکترو زاناتر نەبوون.**

د.**موبتەدای گروپێکی سینتاکسی** * : نموونەوەك :

**- ئەو قسەو فکرانە،کەکوردە دەشتەکیەکە کردوونی،خاڵی نەبوون لە فەلسەفە.**

ه.**موبتەدای ئاوەڵناوی** : نموونەوەك :

**- چاوشین،کەلەنێو هەموویاندادیارو باڵابەرزبوو،دەستی بەنوکتە بازی کرد.**

*** گروپی سینتاکسی کۆمەڵە وشەیەکە کەناوی دیارخراو لەشێوەی موبتەدا دروست دەکەن کەبەیارمەتی**
**(ـ ی،ـ ە) ی ئیزافەت یان (و) ی پەیوەست پێکەوە دەبەسترێنەوە.**

**2.ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری سەر بەرکاری یەکسەر لە ڕستەی سەرەکی**

: واتە ببێتە دیارخەری ناوی دیارخراو لەڕستەی سەرەکیدا ناوی دیارخراویش بەرکار بێت،ئەم بەرکارەش یان ناوە یان ڕاناوە یان گروپی سینتاکسی یە :

أ.**بەرکاری یەکسەر ناویی :** نموونەوەك :

**ـ مامۆستا ڕزگاری دانا کەزیرەکترین قوتابی پۆلەکەبوو،چیرۆکەکە بنوسێتەوە.**

ب.**بەرکاری یەکسەر ڕاناوی جودایی :** نموونەوەك :

**ـ من تۆم ڕاسپارد،بەپاسەوانی کردنی مەڕەکان،کەناوبانگی**
**پاکی و دڵسۆزی و ئازایەتیت دەرکردووە.**

ج.**بەرکاری یەکسەر گروپێکی سینتاکسیی :** نموونەوەك :

**ـ باوکی چەند کراسێکی ڕەنگین و جوانی بۆ هێنابوو**
**کەلەشارەکەیاندا دەست نەئەکەوتن.**

د.**بەرکاری یەکسەر ئاوەڵناویی :** نموونەوەك :

**ـ خوایە ئەم دڵەم هێزێکی بەرێ**
**کەغەم لەناوخۆی بکاتە دەرێ.** (دیوانی پیرەمێرد،ل – 378)

**3.ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری سەر بەرکاری نایەکسەر لەڕستەی سەرەکی:**

واتەببێتە دیارخەری ناوی دیارخراو کەبەرکاری یەك سەرە نەبێت (نایەکسەر) ئەمیش چەندجۆرێکە:

أ.بەرکاری نایەکسەر ناوە : نموونەوەك :

**ـ بۆ ئەو کەسەی،کەبیەوێ لەبنج و بنەوانی زمانی کوردی بکۆڵێتەوە،**
**پێویستە شارەزاییێکی تەواوی لەسەر پەیدا بکات.**

ب. بەرکاری نایەکسەر گروپێکی سینتاکسی یە : نموونەوەك :

**ـ جار جارە چاوێکی لەدایکە خۆشەویستەکەی هەڵئەبڕی،کەلەپێشئاگردانەکە بەرامبەریان دانیشتبوو.**

**4.ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری ئاوەڵکار لەڕستەی سەرەکی :**

واته ببێته دیارخەری ناوی دیارخراو کەئاوەڵکارە،ئاوەڵکاریش شوێنی یان کاتی یان چۆنی یە :

أ. ناوی دیارخراو ئاوەڵکاری شوێنە : نموونەوەك :

**ـ هەر لەبازاڕەکەدا شتی دەکڕی،کەتازە درووست کرابوو.**

ب. ناوی دیارخراو ئاوەڵکاری کاتییە : نموونەوەك :

**ـ قسە خۆشەکانی ئەوکاتانەی نەمابوو،کەلەگەڵ هاوڕێکانیدا ئەیکردن.**

ج. ناوی دیارخراو ئاوەڵکاری چۆنیە : نموونەوەك :

**ـ من پێم ناکرێ وەك ئەو دووڕوانە بژیم،کەئازاری هاولاٌتیان دەدەن.**

**5. ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری بەشی ناوی خەبەری لەڕستەی سەرەکیدا :**

واتە ببێتە دیارخەری ئەوناوەی کەبەربەشی (گ.ن) دەکەوێت لەڕستەی سەرەکیدا. بۆنموونە :

**ـ ئەوە ئەو شەقامەیە،کەلاوە بۆی نوسیبوو.**

**ـ محەمەد پاشای کۆرە گەورەیێك بوو،کەحوکمداریەتێکی دادپەروەری کوردەواری لەڕواندزێدا دامەزراندبوو.**

**6.ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری سەردیارخەر لەڕستەی سەرەکی:**

واتە ببێتە دیارخەری ئەو وشەیەی کەبۆتە دیارخەری ناوی دیارخراولەڕستەی سەرەکیدا،کەمەبەستی وەسفی ناوەی دیارخراوە،ئەودیارخەرەش دەشێ ناو یان ڕاناوبێت. هەروەکو لەم دوونموونەیە :

أ.دیارخەر ناوە : **ـ لەڕێگای کچێکی ئامۆزایەوە،کەپێکەوە لەیەك کارگەدا ئیشیان ئەکرد،یەکیرمان ناسی.**

ب.دیارخەر ڕاناوە : **ـ لەداخی ئەمان،کەوازیان لێ نەئەهێنا،ماڵەوەی جێ هێشت.**

<u>**بۆچوونی دووەم**</u> : جۆرەکانی ڕستەی شوێنکەوتوو بەشێوەی ئەرك پۆلێن دەکات،کەلێرەدا تەنها ناویان نیشاندراوە : (6:1)

- **ڕستەی شوێنکەوتووی سەرکاری (نیهادی).**
- **ڕستەی شوێنکەوتووی وشەی کاری (گوزارەیی).**
- **ڕستەی شوێنکەوتووی بەرکاری.**
- **ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری.**
- **ڕساەی شوێنکەوتووی کاتی.**
- **ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی.**

- **ڕستەی شوێنکەوتووی مەرجی.**
- **ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانەیی.**
- **ڕستەی شوێنکەوتووی پێوانەیی.**

**بۆچوونی سێ یەم** : جۆرەکانی ڕستەی شوێنکەوتوو بەشێوەی یاخود لەسەر بنەمای (گ.ن) و (گ.ك)پۆلین دەکات واتە فرێزی ناوی و فرێزی کاری دەکەنە پێوەر بۆپۆلینەکە کەدووجۆرن:(37:2)

1.**ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری ناو** : ئەوانەن کەفرێزە ناویەکان ڕوون دەکەنەوە.

2.**ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری کار** : ئەوانەن کەفرێزە کاریەکان ڕوون دەکەنەوە.

شایانی باسە،ئەم بۆچوونانە زۆربەسادەیی باسی ڕستەی شوێنکەوتوویان کردووەو بەچەند نموونەنەیەك ڕوونیان کردۆتەوە،نیشاندانی بۆچونەکانیش تەنیا ناساندنێکی سەراپایی یە (گشتی)،بەکارهێنانی پێوەرەکانیش لەبۆچوونە جیاجیاکاندا تەنها ڕووخساری و ڕووکەشی یە ئەگینا هەرهەموویان لەناوەڕۆکدا هاوبەشن و هەمان مەبەست ئەپێکن،بۆچوونی ئێمەش لەبارەی جۆرەکانی ڕستە دووخاڵ لەخۆدەگرێ :

1.ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە.

2.هەوڵدان بۆیەکخستنی بۆچوونەکان لەیەك قالبی گشتیدا.

## جۆرەکانی لاڕستە:

**1ـ لاڕستەی دیارخەری** : جۆرێکە لەجۆرەکانی لاڕستە ،ئەرکی دیارخەر دەبینێ بۆهەریەك لەبکەرو بەرکارو ئاوەڵگوزارە بەهەمووجۆرەکانیەوە،بەمەبەستی زیاترڕوونکردنەوەو دیارخستنی ئەوئەرکە ڕێزمانیانەی ڕستە (گ.ن) ،کەبەم شێوەیەی خوارەوەن :

**أ - لاڕستەی دیارخەری بکەر** : ئەمەش جۆرێکە لەجۆرەکانی لاڕستەی دیارخەری،کەهەوڵ دەدات بکەری ڕستەی سەرەکی ڕوون بکاتەوەوبەدیاری بخات لەهەمان کاتدالاڕستەی تێکەڵەکە دروست بکات.بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە چەند نموونەیەك دەخەینە ڕوو:

**- ئەوقسەو فکرانەی کەکوردە دەشتەکیەکە دەیکرد خاڵی نەبوو لەفەلسەفە.**

**- مۆبایل کەئامێرێکی زۆربچووك و تازەیە،پەیوەندییەکانی ئاسانتر کردووە.**
**- ئەو پێشمەرگانە ی کەزۆرئازاو دڵسۆزبوون ئێستا زۆربەیان دانیشتوون.**
**ب - لاڕستەی دیارخەری بەرکار** : ئەمەجۆرێکە لەلاڕستەی دیارخەری،کەهەوڵ دەدات بەرکاری ڕستەی سەرەکی ڕوون بکاتەوە.هەروەکو ئەم نموونەیە:
**- ئەوان ئەویان تەرخان کردبووبچێتە شاری کۆیە بێناردنی نامەکە.**
**- سەدام هەڵەبجەی بۆردومانکرد کە هێروشیمای کوردستانە.**
**- هەولێر کەپایتەختی هەرێمی کوردستانە گەورەیە.**
ج. **لاڕستەی دیارخەری ئاوەڵگوزارەی کاتی** : ئەمەش هەوڵدەدات ئاوەڵگوزارەی کاتی ڕستەی سەرەکی ڕوون بکاتەوە.بۆنموونە :
**- هەریادی ئەوسالانەی دەکردەوە کەلەکۆلێژ لەگەڵ برادەرەکانی دەیانخوێند.**
**- قسەخۆشەکانی ئەوکاتەی نەمابوو کەلەگەڵ هاوڕێکانی دەیکرد.**
**- بەخۆیی و براکەی هەرئەوڕۆژە مردن کەتۆی تیادا بریندار کرای.**
د. **لاڕستەی دیارخەری ئاوەڵگوزارەی شوێنی** : بەهەمان شێوەی پێشو بەلام ئەمجارە ئاوەڵگوزارەی شوێنی لەڕستەی سەرەکی ڕوون دەکاتەوە.بۆنموونە :
**- من زۆرجار لەوچێشتخانەدا نانم دەخوارد کەتازە دروست کرابوو.**
**- ئازاد زۆرجار لەوبازاڕەدا شتی دەکڕی کەکەلووپەلی چاکی بۆدەهات.**
**- ئەوخاکە ی کەبەخوێنی شەهیدان ئازادکراوە داگیرکرا.**
**هـ - لاڕستەی دیارخەری ئاوەڵگوزارەی چۆنیەتی** : ئەمەشیان ئاوەڵگوزارەی چۆنیەتی لەڕستەی سەرەکی ڕوون دەکاتەوە بۆنموونە :
**- بابا تاهیر بەوزمانە شیعری داناوە کەکورد قسەی پێدەکرد.**
**- قوتابیەکە بەپەلە کەوەلامی تاقی کردنەوەکەی دایەوە دەرنەچوو.**
**- پێم ناکرێ وەك ئەم دووڕوانە بژیم کەئازاری خەڵك دەدەن.**
**2. لاڕستەی بکەری** : جۆرێکە لەجۆرەکانی لاڕستە،ئەرکی بکەردەبینێ،شاڕستەکان بکەریان بریتی نی یە کەتاکە وشەیەك یان لەتاکە وشەیەك پێك نەهاتووە بەڵکە لاڕستەکی خۆی دەبێتەبکەری ڕستەکەواتە بکەر لەڕستەی سەرەکیدانی یەولەپاڕستەکەدایە. هەروەکو ئەم نموونانەی خوارەوە :
**- ئاشکرایە کەزەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە.**
**- دیارە کەتۆ ڕاستگۆیت.**
**- ئاشکرایە کەمامۆستا زۆرهەوڵ دەدات.**

**3.لاڕستەی بەرکاری** : وەکو ئەوەی پێشوو بەلاٚم ئەمەیان بەرکارەکە لەڕستەی سەرەکیدانی یەپاڕستەکە دەبێتە بەرکاری ڕستەی سەرەکی.بۆڕوونکردنەوە سەیری ئەم نموونانە بکە :

**- دەزانم کەبەیانی ئاهەنگە.**

**- بینیم کەئەستێرە بەڕۆژ هەڵهات.**

**- دڵنیام کەلەتاقیکردنەوەکە دەردەچم.***

**4.لاڕستەی کاتی** : ئەم جۆرەی لاڕستە،لاڕستەکە خۆی دەبێتە ئاوەڵگوزارەی کاتی نەك ببێتە دیارخەر بۆئاوەڵگوزارەی کاتی بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی کاتی ڕوودانی کاری شاڕستەکە.وەك ئەم نموونانەی خوارەوە :

*** چاوگەکانی وەك (گوتن،بیستن،بینین،دیتن،زانین) دەشێ بەرکارەکانیان لەجیاتی گرێ یەکی ناوی ڕستەیەکی تەواوبێت،زۆرجاریش ئەوڕستەیەلاڕستەیە،ڕستەیەکی تەواو نی یە .**

**- کچە کەچاوی بەتارماییەکە کەوت دەجولاٚ شاگەشکە بوو.**

**- کەهیچ کەس لەجادەکە دیارنەبوو بەشوفێرەکەی گوت خێرا برۆ.**

لاڕستەی کاتی سەرەکی لارستەی دیارخەری بەرکاری

**- کەهاتمەوە تۆلەماڵ نەبووی.**

**- کەتۆ دەرچووی من دەگەڕامەوە.**

**5. لاڕستەی هۆیی** : ئەمەیان هۆی ڕوودانی کاری ڕستەی سەرەکی ڕوون دەکاتەوەو دەری دەخات بۆیە دەتوانین ناوی بنێین (لاڕستەی دیارخەری هۆیی)،بەگشتی ئامرازەکانی (چونکە،لەبەرئەوە) لەگەڵ ئەم جۆرە بەکاردێت،هەروەکو ئەم نموونانەی خوارەوە :

**- پیاوەکە ناوی دەنێن ڕۆژ،چونکەئێمە ڕۆژمان نەدیوە.**

**- لای خەڵکی خۆشەویست نیە،لەبەرئەوەی قسەمانی حەق و ڕەقن.**

**- لەبەر ئەوەی ئاستی زانستیمان نزمە،زانامان تیا هەڵنەکەوتووە. (3:41)**

**6. لاڕستەی ئەنجام :*** ئەم جۆرەشیان وەکو لاڕستەی هۆیی پەیوەندی بەکاری ڕستەی سەرەکی یەوە هەیە،بەلاٚم ئەمەیان ئەنجامی ڕوودانی شاڕستە ڕوون دەکاتەوە،ئامرازەکانی ئەم جۆرەش بەگشتی (بۆیە،لەبەرئەوە،) ن،هەروەکو ئەم نموونانەی خوارەوە :

**- قسەکانی حەق و ڕەقن،لەبەر ئەوەی لای خەڵکی خۆشەویست نیە.**

**- ئاستی زانستیمان نزمە،لەبەرئەوەی زانامان تیا هەڵنەکەوتووە.**

**- ئێمە ڕۆژمان نەدیوە،بۆیە پیاوەکە ناوی دەنێین ڕۆژ.**

*** لاڕستەی ئەنجام لەگەڵ لاڕستەی هۆیی زۆرلەیەك نزیکن و زۆرجارتێکەڵ یەکتری دەبن،لەگەڵ ئەوەشداپێچەوانەی یەکترین،چونکە لەڕستەیەکی ئاڵۆزدا دەشێت هەردوو لاڕستەکە درووست بکرێن بەڵام بەگۆڕینی شاڕستەو پاڕستە لەگەڵ ئامرازەکانیان جیاوازیان ڕوون دەبێتە.**

**7. لاڕستەی مەبەستی** : ئەم جۆرەپاڕستەیە مەبەستی (ئامانج) ڕوودانی کاری شاڕستەڕوون دەکاتەوەو بەزۆری ئامرازەکانی (بۆئەوەی،تا،هەتا،تاکو،هەتاکو) تیایدا بەکاردێت،بۆزیاتر ڕوون کردنەوە سەیری ئەم نموونانە بکە :

**- دەخوێنم،تا دەربچم.**

**- باخەوان چووبۆشار،بۆئەوەی سێو بکرێت.**

**- ئازاد زۆرهەوڵ دەدات،تاکو بیکەنە بەڕێوەبەر.**

**8. لاڕستەی مەرجی** : ئەم جۆرەشیان مەرجی ڕوودانی کاری شاڕستە ڕووندەکاتەوەو دیاری دەخات و بەزۆری ئامرازەکانی (ئەگەر،گەر) لەگەڵ ئەم جۆرە پاڕستەیە بەکاردێت،هەروەها لەم جۆرە پاڕستانە (لاڕستەکە دەبێتە ڕستەی مەرج و شاڕستەکەش دەبێتە وەڵامی مەرج). (81:1) ،هەروەکوئەم نموونانەی خوارەوە :

**- تۆ سەردەکەوی،گەر بخوێنی.**

**- گەرماڵت لەشووشە بێت،ماڵی خەڵکی بەرد باران مەکە.**

**- ئەگەر گوڵ نیت،دڕکیش مەبە.**

**- شەرت بێ ئەگەر کچم ببێ،ئاهەنگێکی لەهی کوڕان خۆشتری بۆ بکەم.**

**9. لاڕستەی پێوانەیی** : ئەم جۆرە لاڕستەیە بڕو ڕادەو پێوانەی ڕوودانی کاری شاڕستە ڕوون دەکەنەوەو دەری دەخەن،کەبەزۆری ئامرازەکانی (کە،تا،هەتا) لەگەڵ ئەم جۆرە بەکاردێت،جگە لەمەش (لەشاڕستەدا دیارخەرێکی پێوانە نادیاری وەك (بەڕادەیەك،هێندە،ئەوەندە....) لەپێش ئاوەڵناوی شاڕستەکەدا هاتووەو ئەرکی پاڕستە دەرخستن و سنوردارکردنی ئەودیارخەرەیە.هەر ئەم دیارخەرانەش دەبنە خاڵی سەرەکی جیاکردنەوەی لاڕستەی پێوانە لەلاڕستەی مەبەست) (42:3 ) ،هەروەکو ئەم نموونانەی خوارەوە :

- شوێنەکە ئەوەندە (هێندە) خۆش بوو،هەتائێستا هەر لەیادمە.
- خانوەکە ئەوەندە گران بوو،کەنەمتوانی بیگرم.
- ئۆتۆمبێلەکە بەڕادەیەك جوان بوو،کەحەزم کرد بیکڕم.

## ئـەنـجـام:

1.ڕستەی شوێنکەوتوو خاڵی سەرەکی یە لەدروست کردنی ڕستەی تێکەڵە، واتەبێ بوونی لاڕستە،ڕستەی تێکەڵە دروست نابێت،ڕاستە ڕستەی سەرەکی ڕستەیەکی تەواوو واتادارو بنجییە لەڕستەی تێکەڵە،بەلاّم ئەگەر وردبینەوە لە لێکۆڵینەوەی ڕستەی شوێنکەوتوو،ئەوا گومان لەوەدا نیە کەڕستەی شوێنکەوتوو زۆربنجی و سەرەکی یە بەلاّم بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ جگە لەبێ واتاییەکەی.

2.ئامرازی گەیەنەر بوونی هەمیشەیی لەڕستەی شوێنکەوتووهەیە،بەشێوەیەك لەڕوی واتاسازیەوە لاڕستە بەتەنهابێ و واتا دەکات و لەڕوی ڕستەسازیشەوە بەڕستەی سەرەکی بەند دەکات.

3. چاکترین و دیارترین گەیەنەر،ئامرازی (کە) یە، کە لەتواناى دایە لەگەڵ زۆربەی جۆرەکانی لاڕستە بەکاربێت،جگە لەبەکارهاتنی ئامرازەکانی تر کەلەچەند جۆرێکی دیاریکراو دەبینرێن.

4. ڕستەی شوێنکەوتوو یەك جۆری نییە،بەڵکو چەند جۆرێکی هەیە،کەلەهەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەك بەشێوەیەکی ڕووخساری جیاواز باس کراوە،بەلاّم لەناوەڕۆك دا یەك دەگرنەوە،بەشێوەیەکی گشتی هەندێك جۆر یان بەشێك یان هەموو فرێزی ناوی ڕوون دەکەنەوە،هەندێکی تریشیان بەشێك یان هەموو گرێی کاری ڕوون دەکەنەوە. واتە گشتیان دیارخەرین.

5. ڕستەی شوێنکەوتوو شوێنی جێگیرو چەسپاو نی یەو بەشێوەیەکی ئازاد پێش یان پاش ڕستەی سەرەکی دەکەوێت زۆرجاریش ڕستەی سەرەکی لەت دەکات و دەچێتە نێوانیان.

6. لەنێو هەموو ئامرازەکانی ڕستەی شوێنکەوتوو تەنها ئامرازی (کە) دەتوانرێ لەڕۆنانی سەرەوە لابرێت و بەدیار نەکەوێت،هەرچەند لەڕۆنانی چێرەوەدا بوونی هەیەو دەتوانرێ زیندو بکرێتەوە.

7.ڕستەی شوێنکەوتوو توانای دروست کردنی (تەم و مژی) هەیەو،زۆرجاردیارنی یە دیارخەری کام کەرەستەیە یان کام کەرەستەی ڕستەی سەرەکی ڕوون دەکاتەوە.

8. سەرەتای ڕستەی شوێنکەوتوو ڕاستە ئامرازی گەیەنەرە،بەلاَم هەندێ جار لەبەکارهێنانی ئامرازی (کە) دا(ی) ئیزافە دەکەوێتە پێشی و دەبێتە سەرەتای ڕستەی شوێنکەوتوو،ئەمەش بەتایبەتی لەوجۆرە ڕستانە دەبێت کەناوی ڕستەی بە (ەکە) ی ناسیاری ناسراوە یاخود بەئامرازەکانی نیشانەی (ئەوە،ئەوانە،ئەمە،ئەمانە)،هەروەها زۆرجار وشەی (هەر) دەکەوێتە پێش ئامرازی (کە) ئەمەش زیاتر بۆ جەخت کردنەوەیە.

## سەرچاوەکان:


1. ئازاد ڕەمەزان عەلی،1999،لەیاساکانی داڕشتنی ڕستەی مەرجی زمانی کوردی،نامەی ماستەر،بەشی کوردی،کۆلێژی پەروەردە،زانکۆی بەغدا.
2. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم (د.)،1968،هەندێ ئامرازی سینتاکس لەزمانی ئەدەبی ئیمڕۆی کوردیدا،چاپخانەی( عەلاء )،بەغدا،بەرگی یەکەم،چاپی یەکەم.
3. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم (د.)،1986،ڕستەی لێکدراوی شوێنکەوتووخواز لەگەڵ ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری لەدیالێکە ناوەندی یەکانی زمانی کوردیدا،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،چاپی دووەم.
4. ساجیدە عەبدوڵلاَ فەرهادی،2003 ،ڕستەو پاش ڕستە،نامەی دکتۆرا ،زانکۆی سەلاحەددین.
5. عەبدوڵلاَ حوسێن ڕەسول (د.)،2006،پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی،چاپخانەی کتێب فرۆشی سۆران،هەولێر،چاپی دووەم.
6. عرفان مستەفا حمەڕەحیم،2003،ڕستەی ئاوێتە لەزاری سلێمانی و هەورامیدا،نامەی ماستەر ،زانکۆی سەلاحەددین.
7. یوسف شەریف سەعید،1990 ،دۆخەکانی ژێرەوە لای فلیمۆروهەندێ لایەنی ڕستەسازی کوردی، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەددین.
8. کوردستان موکریانی (د.)،1986،سینتاکسی ڕستەی سادە لەزمانی کوردی دا،دار الحریە للطباعة،بەغدا.

9. کوردستان موکریانی (د.)،2004،سینتاکسی ڕستەی تێکەڵ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،چاپی یەکەم.

# حوجره یەکەم قوتابخانەی پەروەردەیی لە کوردستان
# وەڵامێک بۆ حەمەکەریم هەورامی

هیوا ئەمین

سەرنج:

***خوێندنی حوجرە بزاڤێکی زمانناسی و زادەی هزری و مەعریفیی کوردییە0لە سەر ئەم بنەمایە ئەم وتارە ڕەخنەییە بڵاودەکەینەوە-زمانناسی.***

حەمەکەریم هەورامی لە ساڵی 2008 کتێبێکی بەناوی "مێژووی پەروەردەو خوێندن لە حوجرەکانی کوردستاندا" بڵاوکردۆتەوە، بەرگی یەکەمی کتێبەکە 559 لاپەڕەیە.

بەڕاستی کە ناونیشانی کتێبەکەم خوێندەوە تەزوێکی خۆشی بە ناخم داهات و ئۆخەیەکم کرد کە کوردێکی عەلمانیی ئاوڕی لە بابەتێکی ئەوها گرنگ داوەتەوە، بەڵام ئەفسوس هەرکە بەرگی پشتەوەم بینی ئەو ئۆخەیەم بە هێدمەیەك هێوژاندمی. کە پێشەکیەکەم خوێندەوە، شۆکەکەم توندتر بوو. نوسەر لە لاپەڕە (5-9) لە ژێر سەردێری "چەند پەیڤێك لەجیاتی پێشەکی" چەند پەرەگرافێکی تەواو هەڤدژ و ناکۆکی نووسیوە. لە پەرەگرافێکدا وا لە خوێنەر دەکات کە وا لە نوسەر بگات کە کەسێکی ئەکادیمی و کورد دۆست بێت، کەچی لە پەرەگرافێکی تر حوجرەو خوێندنی حوجرە بە بزاڤێکی پاشکەوتوو دادەنێت. ئەو جۆرە نووسینە دوور و نزیك هیچ پەیوەندییەکی بە نوسینی بابەتیی و ئەکادیمیەوە نییە، هەروەها بەحوکمی ئەوەی نووسەر کەسێکی لائیکیەو، بابەتی حوجرە و خوێندنی حوجرەش پەیوەستە بەمەلاو ڕۆشنبیرانی دینی بە پلە یەك و زانایانی بواری فەلسەفە و لۆژیك و فەلەك.. بۆیە ئەم نووسینە ناچێتە بیاڤی بیرەوەریش!!

پێش ئەوەی سەرەقەڵەمێك لە بارەی ڕۆڵی خوێندن لە حوجرە (قوتابخانەی ناو مزگەوت) لەسەر ڕەوتی خوێندن و خوێندەواری و ڕۆناکبیری ئەدەبیی و زمانەوانیی و سیاسی بخەمە ڕوو، بەچاکی دەزانم لە پەرەگرافە هەڤدژەکانی هەورامی بکۆڵمەوە.

لەلاپەڕە (6) هەورامی دەنووسێت:

**"مەسەلەی حوجرەی فەقێ لە کوردستاندا، دیاردەیەکی هزریی و پەروەردەیی ناو کۆمەڵی کوردەوارییە، کارێکی قوڵ و ئەوبەر نادیارە..."**

لەلاپەڕە (7)یش دەنووسێت:

**"دیارە قوتابخانەیەك نزیکەی نۆ سەدە لە وڵاتێکدا بناغەی داکوتابێ هیچ ناچێتە عەقڵەوە ئەو قوتابخانەیە تایبەتمەندی ئەو وڵاتە ئان ئەو کۆمەڵە کە تیایەتی کاری تیا نەکردبێ و نیشانەی تایبەتمەندی خۆی پێ نەبەخشیبێ..."**

لە پەرەگرافێکی لاپەڕە (8) دەنووسێت:

**"ئێستا لەو بڕوایەدام سۆراخکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەو قوتابخانەیە سۆراخکردنی گۆشەیەکی فیکری کوردییە..."**

کە بەوردی لەو سێ کورتە پەرەگرافە ورد دەبینەوە ناچار دەبین خوێندنەوەیەکی ئەکادیمیانە بۆ ئەو تەرزە خوێندنەوەو دیتنەی هەورامی بکەین. ئەو، لەو سێ پەرەگرافەدا، خوێندنی حوجرە بە دیاردەیەکی هزریی و پەروەردەیی ناو کۆمەڵی کوردەواری دادەنێت.

هەروەها دەکرێ گریمانەی ئەوەش بکرێ کە ئەو جۆرە خوێندنە زادەی عەقڵی مەعریفیی کورد بێت هەروەها ئەو دیاردە هزرییە کەلتورێکی کوردی رەسەنە، چونکە کورد لەگەڵ موسڵمانبوونی ئاشنای خوێندنی ناو مزگەوت بووە، بەڵام لەگەڵ تەواو موسڵمانبوونی کورد و جێگیربوونی دەسەڵاتی ئیسلامی بەسەر ڕۆح و ژیان و بیرکردنەوەو باوەڕی کوردەوە زاڵ بوو، کورد گرنگی زۆری بە خوێندنی دینیی دا لەم هەنگاوە کورد زۆر شارستانی و مەدەنی تر لە عەرەب مامەڵەی لەگەڵ ئیسلام کرد، چونکە بەر لەوەی کورد موسڵمان بێت زۆربەی لەسەر (زەردەشتییەت) و (مەسیحیەت) بوون، کەمێکیشی (ئاگرپەرست) بوون. زەردەشتیەت و جولەکایەتی و مەسیحیەت زۆر کاریان لە تاکی کورد کردبوو، بۆیە لە هەموو گەلێکی تر زووتر موسڵمان بوون، ئەوان دەرکیان بەوەکردبوو کە لەرووی باوەڕەوە ئیسلام هیچ هەڤدژییەك لە باوەڕی دینیی کورد دروست ناکات.

جگە لەوەی مەسەلەی حوجرە دیاردەیەکی هزرییە، ئەوە وەك هەورامیی دەنووسێت: **"مەسەلەی حوجرەی فەقێ... کارێکی قوڵ و ئەوبەر نادیارە"** جا ئەگەر ئەو جۆرە خوێندنە عەقڵێکی مەعریفی بەرهەم نەهێنێت، چۆن کارێکی قوڵ و ئەوبەر نادیار دەبێ؟!

هەورامی لە خۆی و خوێنەر دەپرسێت بەوەی چۆن دەچێتە عەقڵەوە حوجرە ئەدگار و تایبەتامەندیی و کاریگەری خۆی لە کۆمەڵگای کوردی نەبەخشی بێت؟!

کێشەکە ئەوەیە ئەو راستیە ناچێتە عەقڵی (هەورامی)یەوە، ئەگەرنا ئەگەر رۆڵی زانایانی کورد (کە هەموو دەرچووی حوجرەن!) لە بزاڤی رۆشنبیری و سیاسی دەربێنین، ئەو کۆمەڵگا چی ئەوتۆی دەمێنێ تا تاکەکانی شانازی پێوە بکەن!! ئەرێ بونیاتی ئومەت هەر لە ئەستۆی عەقڵی مەعریفی نییە؟!

ئەو عەقڵە مەعریفی و ئیمانییە جگە لە زادەی حوجرە زادەی کوێندەر بووە؟!

هەورامی دەنووسێت:

**"سۆراخکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەو قوتابخانەیە سۆراخکردنی گۆشەیەکی فیکری کوردییە..."**

وەك خوێنەرێك بۆم هەیە وا لەو رستەیە حاڵی ببم کە حوجرە زادەی فیکری کوردییەو پێویستە سۆراخی ئەو قوتابخانەیە بکەین، چونکە لەو پرۆسەیە گۆشەیەکی هزری کوردی دەدۆزینەوە! بەڵام گومانم هەیە نووسەر تەواو لە چەمکی هزر Thought گەیشتبێت، ئەگەرنا، ئەگەر حوجرە بەرهەمهێنەری هزری کوردی بێت، بێگومان دەبێ ئەو بابەتانەی لەو "قوتابخانە هزری"یە خوێندرابن لە ئاستێکی ئەوها دابن هزر بەرهەم بێنن.. ئەمە راستیە! بەڵام ئەو دوو پەرەگرافەی خوارەوە تەواو پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی سەرەوەن! بەرلەوەی ئەو دوو پەرەگرافە بخەمە روو و شرۆڤەیان بکەم، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە "ئیزدواژیەت"ی نووسەر بکەم. دەبێ نووسەرێکی وەك هەورامی لە چەند لاپەرێك ئەوها ناکۆك بێ؟ ئەو جۆرە نووسینە ماستەرنامەیەکم وەبیردێنێتەوە، کە لەسەر ئافرەتی کورد نووسرابوو، بەشێك لە ماستەرنامەکە بە دیدێکی ئیسلامی نووسرابوو، بەشەکەی تری بە دیدێکی مارکسی!!

لەم دوو پەرەگرافەی خوارەوە حاڵەتێکمان لەلا دروست دەبێت، کە وەك ماستەرنامەکە، ئەم کتێبەش "دوو کەس" نووسی بیان! !

با تەواو لەو قسەیەی هەورامی وردبینەوە کە دەڵێت: "ئێستا لەو بڕوایەدام سۆراخکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەو قوتابخانەیە سۆراخکردنی گۆشەیەکی فیکری کوردییە.."

بێگومان ئەو سۆراخکردنەی لەو رستەیە دایە، سۆراخکردنێکی پۆزەتیڤانەیەو ئامانجیش لێی دۆزینەوەی گۆشەیەکی هزری کوردییە، بەڵام لەو چەند دێرەی خوارەوە هەورامی بانگاشەی ئەوە دەکات نە حوجرە هزرێکی کوردییە و نە بابەتەکانی ناو حوجرەش هزر بەرهەم دێنن. وێڕای ئەمەش، ئەو جۆرە خوێندنە تەواو لە بنەماو شەنگستەکانی بونیادی هزری کوردی و کۆمەڵی کوردی دادەبڕێت و بە بەشێك لە کەلتوری کوردیشی دانانێت، هەروەها بە قەولی ئەو، حوجرە لە دوور و نزمیکەوە هەواڵی کەلتوری میللەتی کوردی نەنوسیووەو نەیناسیوە ! !

لە رووی ئەکادیمییەوە واباوە، لێرەش، دەقی قسەکانی نێگەتیڤەکانی هەورامی لەبارەی حوجرە بگوازمەوە، ئەوجا زیاتر لەوەی سەرەوە شرۆڤەیان بکەم.

لە لاپەڕە (8) هەورامی ئەوها لەبارەی کتێبە مەنهەجیەکانی حوجرە دەدوێت:

**"ئەو کتێبانە وەکو بەردی بنگۆم وەهانە هەرگیز لە ڕەقی و بێ سوودی خۆیان ناکەون و هەر بەردە ڕەقە مردووەکەی جارانن و رۆژگار لە زووەوە بەجێی هێشتوون و لەکاری خستوون...".**

ئەم دەقە "هەورامیی)یەکی ترمان پێ دەناسێنێ تەواو جیاواز لەو "هەورامیی)یەی لە چەند پەرەگرافی دەیوت: "حوجرە... دیاردەیەکی هزری و پەروەردەیی... کارێکی قوڵ و ئەوبەر نادیار و... گۆشەیەکی فیکری کوردییە..."

ئەمە تەنها دوو لێکدانەوە و شرۆڤەکردن هەڵدەگرێت: ئەم کتێبە دوو کەسی هەڤدژ لەبارەی حوجرەوە نووسیویانە یان نووسەر "فڕی) بەسەر "یەکێتی بابەت" و "نووسینی ئەکادیمی"یەوە نییە !

سەیرم بەو بیرکردنـەوەو تێڕوانینـەی نووسـەر دێت، چـونکە ئـەو "قـسانە" "مرۆڤی نیاندرتال"یش وەری ناگرن، نەك ڕۆناکبیران و خوێنەرە موکرِەکانی نـاو کۆمەڵگای کوردی!

دەبێ زانایـانی کـورد فەلـسەفە، لۆژیـك، ماتماتیـك، فیـۆلـۆژی، فەلەکناسـی، زمانی عەرەبی، زمانی فارسی، زمانی تورکی، زمانی کوردی لەکوێ فێر بووبن؟!

حوجرە، یان ڕێکتر قوتابخانەی ئایینی لە کوردستان، تاکە فێرگەو مەڵبەندی هەمەلایەنەی ڕۆشنبیری کوردی بووە. هەر تاکێکی کورد، بەر لەوەی قوتابخانەی حکومەت لە کوردستان بکرێتەوە، حوجرە تاکـە قوتابخانـە بـووە بـۆی. ئـەوەی باکگراونـدێکی مـەعریفی و فەلـسەفیی نـەبێت ناتوانێـت هـەتا لـە دیـواری حـوجرەوەش نزیـك ببێتـەوە، چـونکە ئـەو بابەتانـەی لـە حـوجرە دەخوێنـدران بابەتگەلێك بوون بونیادی فیکری و زانستی مرۆڤیان دادەڕشت.

لەبارەی گرنگی کتێبەکانی حوجرە، دکتـۆرێکی کۆمۆنیـستی کـورد چـەندان جـار لـە تـاوتوێکردنی ماسـتەرنامەو دکتۆرانامـەو هـەتا لـە هـۆڵی وانەوتنـەوەدا دەیگۆت: **ئەو بابەتانەی لە حوجرە خوێندراون، نە بەشی عەرەبی ئادابی بەغدا و نە شەریعەی بەغداش (هەشتاکان نەك ئێستا!!) ناگەنە ئاستی ئەو. لەوێ زانا دروست دەبوو،** نەك تەنها خوێندەوار و کۆلکە ڕۆشنبیر. ئەو زانستەی مەلای کور د لـە بـارەی (فیقـە) و (شـەریعەت) و (لۆژیـك) و (فەلـسەفە) هـەیبووە، بـەراورد نـاکرێ لەگـەڵ مـەلای گـەلانی هاوسـێ. عـەقڵی مـەعریفی کـوردیی کۆڵەگەیـەکی بـەهێزی بونیـادی شارسـتانی ئیـسلامییە، ئـەو بەشـدارییەی کـورد لـەو پـڕۆژە حەزارییەدا کوردی لە فەوتان و لەناوچوون ڕزگار کرد. حـوجرە (ئـیبن ئـادەم) و (ئیبن خەلەکان) و (شارەزوری) و (ئـیبن مـستەوفی ئـەربیلی) و (مـەلا ئیدریـسی بەدلیسی) و (مەلای خەتێ) و (مەلای گەورەی کۆیی)...هتد. دروستکرد. ئەوانـە هەر لەسەر ئاستی کوردستان ناسراو نەبوون، بەڵکو لەسەر ئاستی ئیـسلامیش و هەموو ڕۆژهەڵات، ناسراو بوون.

با لێرەدا تـەنها پرسـیارێك لـە (هـەورامیی) بکـەین، پـاش ئـەوەی ڕۆژئـاوای حەزارەت و مافی مرۆڤ کوردستانی داگیرکرد و دابەشکرد و عەلمانیـەتی تـورکی، عەرەبی، فارسی بە لکاندنی کوردستان پێیانـەوە ڕازی بـوون، سـەرانی عـەلمانی کوردیش بەو پڕۆژە ئیستعمارییە ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتییە ڕازی بوون، ناوی تـەنها

دوو زانای کوردم پێ بڵێ کە نەك لە دەرەوە ناسراو بن، بەڵکو تەنها لەناو کۆمەڵگای کوردی بە (زانا) بناسرێن؟!

نازانم ئەمە چ عەقڵێکە باوەڕی بەوەیە کە کتێبە مەنهەجییەکانی حوجرە ڕەق و بێ سوود بن. خۆم باوەڕی موتڵەقم بەوەیە کە لە کتێبی ڕەق و بێ سوود بیریار، هزرڤان، فەیلەسوف و زانا دروست نابن! ئێ خۆ کورد زانای لە حوجرە دروست کرد، شاعیری وەك نالی و مەحوی دروستکرد، شەڕی شاعیرە ناودارەکانی گەلانی هاوسێی پێ بکەن. ئێ خۆ هەر حوجرە مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانێی دروستکرد، کە بەردی بناغەی "هزری نەتەوەیی دروست"یان بەر لە ئەوروپا لەناو کۆمەڵی کوردەواری دروستکرد. کەسێکی وەك عەلی تەرەماخی لە گوندێکی لاچەپی کوردستان یەکەم ڕێزمانی بەراوردیی لەسەر ئاستی جیهان نەك کوردستان نووسی. بەداخەوە عەقڵی سیاسی دەسەڵاتی کوردی گرنگی بە عەقڵی مەعریفی زانایانی خۆی نادات، ئەگەرنا تەنها ئەو کتێبەی تەرەماخی باشترین بەڵگەیە لەسەرپێشەنگی بەشداری عەقڵی کوردی لە زمانەوانیدا!

هەردوو زانای کورد مەلا مەحمودی بایەزیدی و مەلا سەعیدی کوردستانی ئەو دوو زاتەن کە بەشێکی زۆری کەلتوری کوردیان لە فەوتان رزگارکرد، هەریەکە لەگەڵ ئەلیکزەندەر ژاباو باسیل نیکتین کوردناس خەریکی توێژینەوەو پاراستنی بەشێکی زۆری ئەدەبی زارەکی و نووسراوی کوردی. تەنها چیرۆکەکەی بایەزیدی بەس بوو بۆ ئەوەی زانکۆی سۆربۆنی فەڕەنسی دکتۆرا بە فەرهاد پیربالێ بدات!

بە کورتی:

1- یەکەم پەخشانی کوردی، چ کتێبە ڕێزمانییەکەی عەلی تەرەماخی بێ، مەلودنامەکەی مەلای باتەیی بێ، مەم و زینەکەی مەلا مەحمودی بایەزیدی بێ، یان مەلودنامەکەی قازی بێ، نوسەرەکانیان هەمووی دەرچووی حوجرە بوون و ژێدەری سەرەکی مەعریفەو ڕۆشنبیرییان حوجرە بووە.

2- یەکەم شاعیری داهێنەری هزری نەتەوایەتی، کە ئەحمەدی خانێ یە، دەرچووی حوجرە بووە!

3- یەکەم زانای سیاسەت و بەرقەرارکەری بیرۆکەی فیدراڵیەت لەنێوان میرنشینەکانی کورد و دەوڵەتی عوسمانی مەولانا ئیدریسی بەدلیسی بوو!

4- رابەرانی شیعری کلاسیکی کوردی زۆربەیان مەلا بوون، نالی، وەفایی، مەحوی...هتد.
5- هەتا یەکەم نوێکەرەوەی شیعری کوردی لە رووی روخسار و ناوەڕۆك (گۆران)ی شاعیر نییە، بەڵکو (رەحمی هەکاری)یە، بەڵام چونکە ئەویش وەك مەلا سەعیدی کوردی (سەعیدی نەورەسی) لە (دین) نزیك بۆوەو لە (سیاسەت) دورکەوتەوە، کوردە عەلمانییەکانی مافی رابەرایەتییان لێ سەندەوە!

هەورامی لە لاپەڕە (8) و (9) چەند رستەیەکی (بێ سەروبەر) دەنووسێ کە جگە لە شێواندنی مێژووی مەعریفی کوردی هیچی تر نییە، ئەوەتە دەنووسێت:

**"حوجرە لەماوەی مێژووی دووروودرێژی خۆیدا هیچ کات بەهیچ جۆرێ ئاوڕی لە کەلتوری میللەتی کورد نەداوەتەوە، ئەوەی مێژووی پەروەردەی میللەتانی خوێندبێتەوە بۆی دەرکەوتووە قوتابخانە بۆ ئەوە هاتووە نەتەوە بپارێزێت و گەشە بە ڕەوتی کۆمەڵ بدات و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەی پاشی بیگوێزێتەوە، کەچی حوجرە لە دوور و نزیکەوە هەواڵی کەلتووری میللەتی کوردی نەپرسیوەو نەی ناسیووە..."**

ئەم دەقە-text لە سیاقی زمانەوانی و نا-زمانەوانی Linguistic Context and non-Linguistic Context پەیوەندی بە زمان و کەلتور و کۆمەڵگای کوردییەوە نییە، چونکە هەتا ئاماژەیەکی بۆ راستیشی تێدا نییە. وێڕای ئەمەش، نووسەر لە چەمکی کەلتور Culture و پەروەردە Education نەگەیشتووە.

هەروەك چۆن (ئایین) کەلتور نییە، بە هەمان شێوەش کەلتور دین نییە، بەڵکو ئایین پەیامێکی خوداییەو کەلتوریش زادەی عەقڵ و هزر و بیرکردنەوەی مرۆڤە لە ژیان، مرۆڤ خۆی. جا هەرچەند کەلتور توانستێکی جیهانیی مرۆڤ بێت، ئەوە بە حوکمی ئەوەی مرۆڤ هەردەم مەیلی "جودایی" و "تایبەتمەندێتی" و "ناسنامەی زاتی" خۆی دەکات، بە هەمان شێوەش کەلتور بەگوێرەی عەقڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان دەبێتە "ناوچەیی" لە فەزای "جیهانێتی" بەتەواوی نامێنێت. سەرەڕای ئەمەش، کەلتور و لایەنی رۆحی- Spiritual و لایەنی ماددی- Material هەیە. هەردوك پێکەوە بەشێك لە پێکهاتەی عەقڵ و عەقڵیەت و کەلەپوری نەتەوە پێك دەهێنن.

بەکورتی، دەکرێ کەلتور نەتەوەیی بێت، هەروەها کەلتوور موقەدەس-یش دەکرێ هەرچەندە خۆی هەمووی موقەدەس نییە، یاخود لە لایەنی دینیی و مەعریفییەوە موقەدەس نییە!

هەرچی پەروەردەیە، سیستەمی خوێندن و فێربوونە، ئەم سیستەمەش چەندەها میتۆدی Method هەیە، میتۆدەکان لە قۆناغێکی مێژوویی بۆ قۆناغێکی تر جیاوازی هەیە. سیستەمی پەروەردە مۆرکێکی نەتەوەیی نییە، چونکە خود پرۆسەکە مەعریفییە لەوەی داب و نەریتێکی نەتەوەیی بێت، ئەوەی پەیوەستە بە نەتەوەوە بابەتەکانی سیستەمەکەن نەك خودی سیستەمەکە.

میتۆدی حوجرە جیابوو لە میتۆدی کەنیسە، چونکە لە حوجرە شێوازێك لە دایەلۆگ و گفتوگۆی دوولایەنە Mutual Communication هەبوو، حوجرە لەسەر چەمکی رووتی دین- شەریعەت نەدەوەستا، بەڵکو دەرگای واڵابوو بە رووی فەلسەفەو لۆژیك هەتا فیقە، چونکە فیقە خۆی هەڵێنجان و لێکدانەوەی دەقە بۆ کۆمەڵ.

پاش ئەمە، با بچینەوە سەر حوجرەو کەلتور و پەروەردە. حوجرە بە تەواوی دام و دەزگایەوە خۆی بەشێك لە کەلتوری کوردیی پێك دێنێ، چونکە ئەم جۆرە قوتابخانەیە ئەگەر بە شێوازی تر لە وڵاتانی دی موسڵمان هەبووبێ، ئەوە ئەوەی کوردیی مۆرکی کوردانەی پێوە زاڵە. هەرچ نەبێ هەژموونی زمانی کوردی بەسەر پرۆسەی خوێندنەوە زۆر زاڵ بووە. کۆمەڵگای گوندیی کوردیی، کۆمەڵگایەکی تاکزمانیی بووە، تەنها توێژی خوێنەواران و رۆناکبیران زمانی تریان زانیوە، ئەمانەش تەنها لە حوجرە بوونە. بە هەبوونی حوجرە لە هەر دەڤەرێکی کوردیی دیاردەی جووت زمانیی Bilinqualism و فرەزمانی Multilinqualism دروست بووە. ئەمەش کۆمەڵگای کوردی لە داخراویی رزگارکردووەو وای لە رۆناکبیری کورد کردووە سنورەکانی زمان و مەعریفەی نەتەوەیی ببەزێنێ و گەورەترین کۆڵەگەی نەتەوەش، کە زمانە، بە سەدان زاراوەی دینی و فەلسەفیی و لۆژیکی دەوڵەمەند بکات. هەندێ وشەو زاراوەی وا لە دەقی ئایینی هەڵێنجێ کە ئەگەر دووبارە تەرجومەی عەرەبی بکرێنەوە، واتا ئایینییەکە نابەخشن وەك بۆ نمونە سەر فیترە، پارشێو، شەشەران (شەشك)، بەربانگ، رۆژی (رۆژوو)، مەلا، سەید، شێخ، فەقێ، قوتابی...

جا کە حوجرەو شێوازی خوێندنی حوجرە بەشێك بن لە کەلتوی کوردی، چۆن حوجرە هیچ کات و بەهیچ جۆرێ ئاوری لە میللەتی کورد نەداوەتەوە؟!

حوجره کە ناوەندێکی رۆشنبیریی کوردانە بێت و هەر لەوێ نەك هەر زمانی کوردی بپارێزرێ، بەڵکو بە زاراوەی دینیی و فەلسەفیی و ئەدەبیی دەوڵەمەند بکرێت دەبێ چۆن ئاوڕی لە میللەتی کورد نەدابێتەوە. میتۆدی خوێندنی حوجرە وەك خوێندنی کەنیسا نەبووە کە تەنیا تایبەت بێ بە "لاهوت!" بەڵکو ئەوەندەی خوێندنی دنیایی بووە هەر ئەوەندەش ئەو دنیایی بووە. لە حوجرە شێوازی (اختلاف) و دایەلۆگی اختلاف و مەزهەب دروست بوون. هەرچی (هزر) و فیقهی ئیسلامییە ئەوە تەواو لە (خوێندنەوە) و (تێگەیشتن) و (کۆشش- اجتهاد)ی قوتابیانی حوجرە دروستی کردوون، بە شێوازێکی تر ئەوانە زادەی عەقڵی مرۆڤی کورد بوون! هەربۆیە مۆرکی کوردانە زۆر بەسەر خوێندنی حوجرەوە دیارە هەتا هەورامیی لە بێ ئاگایی خۆی لەلاپەڕە (9) ئەو راستیە دەدرکێنێ:

**"خوێندنی ئەو جۆرە زانستانە (فەلسەفەو لۆجیك و سیمتاکس، شاهیدی بۆ حوجرە لە کوردستان دەدەن کە چەند پێی کرابێ خۆی خۆی بە رەویەو میتۆدەکانی (کە تاتیبە) عەرەبی و ئیسلامیەکانەوە نەبەستۆتەوەو هەوڵی خۆ دەربازبوونی لە کۆتەکانی لە چەند رووی ترەوە تیا بەدی دەکرێ".**

ئەم شایەدییەی هەورامی تەواو ئەو قسەیەی پێشووی خۆی رەد دەکاتەوە!

لەکۆتایی، لە پەراوێزی ئەم رەخنانەم لە کتێبەکەی هەورامی، بە پەسەندی دەزانم ئاماژە بە رۆڵی سیاسی حوجرەش بکەم. دوابەدوای ئەوەی قوتابی دوازدە عیلمە ناسراوە کە تەواو دەکەن دەبن بە مەلا. زۆربەی ئەو مەلایانەی بە دروستی خوێندنی حوجرەیان تەواوکردووە، فاکتەری یەکلاکەرەوەی زۆر کێشەی کۆمەڵایەتیی بوونە لە کۆمەڵگای کوردی دا هەر ئەوانیش رابەری زۆربەی راپەڕین و شۆڕشەکانی کورد بوونە. رۆڵی کەسانی وەك مەولانا ئیدریسی بەدلیسی، ئیبن ئادەم، مەلا سەلیمی بەدلیسی، شێخ عوبێدەڵلای نەهریی و مەلا سەعیدی کوردی لە بزاڤی سیاسی کوردیدا زۆر دیارو بەرچاوە.

هەروەها لە قۆناغی هەژمونی حیزبی عەلمانی کوردیش لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ئەوە چەندەها زانای کورد موفتی شۆڕشی کوردی بوونە. ئەم دیاردەیە لە دەوڵەتی عوسمانیش هەبوو هەتا مەلا ئیبراهیم حەیدەری شێخ ئیسلامیی دەوڵەت بووە. لەناو شیعەکانیش، قوتابیانی حوجرەی ئەوێ هەتا دەگەنە پلەی "ئایەتوڵڵا"، ئەم پۆستەش مەرجەعی سەرەکی حیزب و دەوڵەتە!

# هەندێ مەسەلەی بنچینەیی لە لێکۆڵینەوەی زمانی ئەدەبدا

نووسینی: د. سعد مەسلوح و: پ. ی. د. سەردار ئەحمەد گەردی

1ــ کاتــێ مەســەلەی شــێواز دەوروژێنرێــت، هــەر لەســەرەتاوە دوو مەســەلەی جیاکردنــەوە لــەنێوان دوو جــۆری بنــەڕەتی شــێواز ســەرهەڵدەدات، ئــەوانیش: شێوازی زانستی Scientific style و شـێوازی ئـەدەبی Literary style. لێرەدا پێویست ناکات هــەموو ئــەو بۆچــوونانە دووبارە بکەینــەوە کە لــە کێـب ڕەخنەیەکاندا هاتوون، چونکە هەندێکیان مەبەستی گشتییان دەخاتەڕوو، دیارە کـۆی ئـەو جیاوازییانــە لــە باســەکەی (ئەحمــەد شــایب) دایــە، لــە کتێبەکەیــدا ((الأسلوب)) دوو دەقی هێناوەتەوە لەیەك بابەتدا، ئــەویش وەســفی (ئــەهرام)ە، یەکەمیان دەخاتەپاڵ شێوازی زانستی و دووەمیش دەخاتە پاڵ شێوازی ئەدەبی لەم بارەوە دەڵێت:

بــە بەرامبــەر یــەککردنی دوو دەقەکــە، دەتــوانین جیــاوازی لــەنێوان هــەردوو شێوازی زانستی و ئەدەبی بکەین، بەم شێوەیە:

1ـ یەکەم بنچینەی کە جیاوازی نێــوان دوو شـێوازەکەی لەســەر بنیــاتنراوە، بەشداریکردنی هەڵــچوون یــان (ســۆز)ە لەشــێوازی ئەدەبیــدا، لــە پــاڵ گــرنگترین حەقیقەت و بیرەکاندا، بەڵام لەشێوازی زانستیدا زانیارییە عەقلییەکان بنــچینەی یەکەمە لە بنیاتنانیدا. زۆرکەم دەبینرێن کــە هەڵــچوون کاریگەرییــەکی ئاشــکرای هەبێت. لە ڕاســتیمان لانــەداوە ئەگــەر بڵــێین: شــێوازی زانســتی زمــانی عەقلــە و شێوازی ئەدەبی زمانی سۆزە.

2- مەبەست لە شێوازی زانستی بەجێهێنانی حەقیقەتەکان بەمەبەستی فێرکردن و خزمەتی زانیاری و ڕۆشنکردنەوەی عەقڵەکانە، بەڵام مەبەست لەشێوازی ئەدەبی وروژاندنی هەڵچوون، لە دەروونی خوێنەرو گوێگران، ئەویش بەخستنەڕووی حەقیقەتی نایاب و جوان وەك چۆن نووسەر مەزەندەی کردووە یان درکی پێکردووە. بەمەش شێوازی ئەدەبی سوودو کاریگەری بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە.

3- شێوازی زانستی بەوردی و دیاریکردن و بەشوێندا گەڕان جیادەکرێتەوە. بەڵام شێوازی ئەدەبی گرنگی دەدات بە مەزنکردن و گشتاندن و وەستان لەلای شوێنی جوانیی و کاریگەر.

4- ئەم زاراوە زانستیانە، و ئەو ژمارە ژمێریاریانە وسیفەتە ئەندازەییەکان کە لەشێوازی زانستیدان، ڕوکاری عەقلی وردکارن لەبەرامبەریدا ئەو وێنە خەیاڵیانەو سەنعەتە جوانکاریانەو وشە مۆسیقیەکان کە لەشێوازی ئەدەبیدان، ڕوخساری هەڵچوونێکی قووڵن.

5- دەربڕین لە شێوازی زانستیدا بە ئاسانی و ڕوونی جیادەکرێتەوە، ئەگەر لە عەقلێکی سەنگینەوە دەرچووبن. کەچی دەربڕین لە شێوازی ئەدەبیدا بە پاراوی و بەتینی جیادەکرێتەوە، مادام گوزارشت لە سۆزێکی زیندووی بەتین بکات، ئەوسا هەریەکەیان مۆسیقایەکی ڕاستگۆی ماناکانیەتی.

6- لەڕووی دووبارەکردنەوەشدا لەشێوازی زانستیدا دووبارەکردنەوەی بیرۆکە بەرچاو ناکەوێت، بەڵام شێوازی ئەدەبی تاکە واتایەك وەردەگرێت و لەچەند وێنەی ڕوونبێژی جیاواز دەخاتە بەردەممان.

لەو بنەمایانەی کە خاوەنی کتێبی (الاسلوب) دایناوە بۆ جیاکردنەوەی شێوازی زانستی و ئەدەبی ئەوە ڕوون دەبێتەوە:-

یەکەم: پشت بەڕاپۆڕتی عەقلی سەنگین دەبەستێت وەك سەرچاوە. ئامانجی شێوازی زانستیش سوودگەیاندن و خزمەتکردنە بە زانیاری. شێوازی ئەدەبی پشت بە هەڵچوون (سۆز) دەبەستێت وەك سەرچاوە. وە ئامانجیشی کاریگەرییە لەپاڵ سوود گەیاندن.

دووەم: سیفەتی وردی و دیاریکردن و لێکۆڵینەوە و ئاسانی و ڕوونی دراوەتە پاڵ دەربڕین لە شێوازی زانستیدا، کەچی کاتێ وەسفی دەربڕین دەکات لە شێوازی

ئەدەبیدا. دەڵێن حەقیقەتە (نایابە جوانەکان) دەخاتەڕوو و بە پاراوی و بەهێز و وشە مۆسیقییەکان جیا دەکرێتەوە.

بەڵام ئێمە وا دەبینین کە زۆربەی ئەوەی کە خاوەنی کتێبی (الاسلوب) باسی کردووە، لەوانەیە زۆر ڕاست بێت لەگۆشەی هەستیاریەتی خوێنەری ڕۆشنبیری شارەزا لەبەرامبەر دەقدا، بەڵام هەموو ئەو مەزەندەو زاراوانەی کە بەکارهاتوون لەسەر تەکنیکارانی زانستیدا زۆر سەخت و گرانن. هەموو ئەو چەمکانە تا ڕادەیەك ڕێژەیی نەرمن. چۆن دەتوانین بەوردی جیاوازی بکەین لەبڕی ئاسانی یان ڕوونی یان پاراوی یان بەهێزی و ئی تر لە زاراوەکان، ئەگەر لە دیارکردنیدا پشت بە پێوەری بابەتی نەبەستین، کە وەك بنچینەیەك بۆ بڕیاردان بەکاربێت.

ئەگەر هەستیاریەتی خوێنەری ڕۆشنبیری شارەزا توانیبێتی ببێتە پێوەرێك بۆ جیاوازیکردن لەنێوان دوو دەق: زانستی و ئەدەبی، ئەمە زۆرجار دەبێت، چونکە ڕەهەندی بۆشایی نێوان خاسیەتەکانی دوو دەقەکە ئەوەندە ڕوونە بەجۆرێك هەستی شارەزا هەڵەی تیا ناکات. یان بەواتایەکی تر هەردوو دەقەکە خاڵێك دەگرێتەخۆ کە ئەوپەڕی چڕبوونەوەی خاسیەتە جیاکارەکانی بەشێوەیەکی ئاشکرا تێدایە، بەڵام کاتێك خاسیەتەکان لەنێوان هەردوو خاڵەکە بەپلەی جیاواز تێکەڵ یەك دەبن ئەوا ئەو هەستیاریەتییە زۆرجار خاوەنەکەی شەرمەزار دەکات، کاتێ کە ڕووی تێدەکات (پەنای بۆ دەبات). ئەمەش وەکو ئەوە وایە کە گەرمی نەخۆشێك بەدەست خستنەسەر نێوچەوانی بپێوێت بەبێ بەکارهێنانی گەرمی پێو، کە ئەویش (تەرمۆمەترە) ئەو ئامێرەی کە بۆ ئەو کارە تایبەت کراوە.

کاتێك کە توێژەران تێبینی بوونی پلەی جیاوازی شێوازیان کرد، کە دەکەوێتە نێوان شێوازی ئەدەبی و شێوازی زانستی پەتی دەنێت. لەمەوە بیرۆکەیەك دەرکەوت کە دان بە بوونی بەشی سێیەم کە ناوەکەی بە شێوازی زانستیی وێژەیی بڵاوبووەوە. وە لەم پۆلینکردنەشدا پشت بەچێژ بەستراوە.

بەم جۆرە هێشتا کێشەی جیاکردنەوەی بابەتیانەی نێوان شێوازی زانستی پوخت و ئەدەبی بێ گەرد و هەڵێنجانی پێوەرەکان بۆ جیاکردنەوەی پلە جیاوازەکانی نێوانیان ـ بە بۆچوونی ئێمە لەو کێشانەیە کە بەرەنگاریبوونەوەیەك پێکدێنێت لەبەرامبەر توێژەرانی شێوازی عەرەبی.

2ـ بەڵام مەسەلەی جیاوازیکردن لەنێوان زمانی شیعرو زمانی پەخشان، لەوانەیە سووك تر بێت لەسەر خوێنەرو توێژەر، هەردووکیان سەرەتای تێڕوانینن. ئەمەش ڕەوایە ئەگەر پێوەری شێوە قەبوول بکەین، ئەویش کێش و سەروایە کە بنچینەی جیاکارییە لەسەر پێناسەکەی (قودامە بن جەعفەر) ئەو پێناسە بەناوبانگەی کە دەڵێت: (شیعر قسەیەکی کێشدارو سەرواداره واتایەك دەگەیەنێت)(1)

ئاشکرایە کە ئەم پێناسەیە لەلای ئەرستۆ جێگای باس نەبووە. هەتا ئێستاش لەلای ئەوانەی وا دەبینن کە شیعر سەرەڕای کێش و سەروا زمانێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە بەهۆیەوە لە غەیری شیعر جیادەکرێتەوە. هەندێ پەخشانیش هەندێ خاسیەتی شیعری دەگرێتەخۆ کەوای لێدەکات بەچەند پلەیەك لە شیعرەوە نزیك بێتەوە، ئەگەر شێوەی شیعریشی نەبێت. هەروەها هەندێ قسەی کێشدارو سەروادار خاسیەتەکانی شیعر ون دەکات، بەجۆرێك بەچەند پلەیەك لە شیعری حەقیقی دوور بکاتەوە. ئەم بۆچوونەش کۆنە وە لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ کتێبەکەی ئەرستۆ (هونەری شیعر) و لێکدانەوەی ئەم بەرهەمە لەلای فەیلەسوفە موسڵمانەکانە. وەك بەڕوونی دەرکەوتووە لەزۆر سەرچاوەکانی کەلەپوور وەك (مقدمە ابن خلدون)، کتێبی (المناهج)ی (حازم قرتانجی) ئەم حەقیقەتەش وایکردووە مەبەست بوونی خاسییەتەکانی شیعرییە بە پلەی جیاواز لە هەندێ پەخشاندا. و نەبوونی (ونبوونی) لە هەندێ قسەی کێشداری سەروادار ـ هەندێ لە نووسەری عەرەبەکان لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی ئەورووپیدا جۆرێکی تازە بخەنەڕوو کە پێی دەوترێت پەخشانە شیعر.

لەم گفتوگۆیەدا ئەوە دێتە ئاراوە ئەگەر ئێمە چوارچێوەی شێوەیی لە کێشدار و سەروادار بخەینە لاوە، خۆمان لەبەرانبەر کێشەیەکی حەقیقی دەبینینەوە کاتێ کە دەمانەوێ زمانی شیعر جیابکەینەوە لەزمانی پەخشان. ئەمەش مەسەلەیەکی ترە دەخرێتە سەر مەسەلەی جیاکردنەوەی زمانی زانست و زمانی ئەدەبی. بێگومان باشترین حەل بۆ ئەو دوو مەسەلەیە نایەتە ئاراوە، تەنیا بە هەوڵدان نەبێت بۆ شیکردنەوەی زمانی دەقەکان، وەك ئاماژەمان پێکرد.

3ـ مەسەلەی سێیەم دەتوانرێت حەلەکەی لە شیکاری زمانی دەقەکان بەدەست بێت. ئەویش ئەو جۆراوجۆری شێوازە بە جۆراوجۆری ڕەگەزە ئەدەبییەکان.

دەشێ لە گرنگترین بیرە ڕۆشنەکان بێت کە خاوەن کتێبی (شێوان) داوای دەکات، ئەویش دانانی توێژینەوەی شێوازە وەك بەدیلێك بۆ ڕەوانبێژی کۆن. بۆ ئەوەی ئەو توێژینەوە ئەوەش بگرێتەوە کە توێژینەوەی جیاکاری پێدەکرێت لەنێوان هونەرە جیاوازەکانی ئەدەب وەك وتارو مەقام و گوتارو دەمەتەقێ و بەرامبەریەکی و هی تر. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو تێڕوانینەی کە لەم وتارەدا گوزارشتی لێدەکەین، جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە کتێبی (الاسلوب) دەیگرێتەخۆ. ئەوا باری مەسەلەکە لەخودی خۆیدا بەتەواوەتی بەڕاستی دەمێنێتەوە، ئەو دوو پرسیارەی کە لێرەدا سەر هەڵدەدات ئەوەن: ئایا هەر ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی ئەدەب بە سیمای شێوازی تایبەتی جیا دەکرێتەوە؟ ئایا جۆراوجۆری سیما شێوازییەکان لەناو یەك کاری ئەدەبیدا بەپێی جیاوازی کاریگەرییەکانە کە بنیاتی زمانەوانی و هونەری دەقەکان ڕادێنێت؟

4- ئەو سێ بڕگەی پێشوو لەبەرامبەر سێ کێشەمان دادەنێت، کە گشتیان پەیوەستن بە خاسیەتەکانی شێوازی زمانی ئەدەبی، لەم وتارەدا بواری ئەوەمان نابێت کە گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەین لەلایەنە جیاوازەکانیەوە، بە بەکارهێنانی گشت پێوەرە بابەتیەکان کە لەتوانادایە. دوایی گرنگیدانەکەمان بەرەو پێوەرێك دەچێت لەنێوان ئەو پێوەرانە، ئەویش پێوەری چەندی ئامارییە.

شتێکی سروشتییە کە چارەکردنی (زمانی ئەدەبی) دوو تێڕوانینی هەبێت، یەکێکیان (زمانی)یە و ئەوی تر (ئەدەبی). وە لەزمانەوان و ڕەخنەگران چاوەڕوانی کارێکی بەردەوامی چالاك بین لەهەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی ڕەخنەی فۆرمی وەکو یەکێك لەو ڕێبازە ڕەخنەییانە سەرهەڵدەدات، کە گرنگی بە شیکردنەوەی زمانی کاری ئەدەبی دەدات. و ئەوەش کە بەڕوونترین گوزارشت گوزارشتی لێکرد، ڕەخنەگری ئینگلیزی (ئیفۆر ئارمسترونگ ریچاردس I. A. Richards) بە دەقە بەناوبانگەکەی لە کتێبی (مبادئ النقد الادبی) لەژێر ناوی ((دوالیزمی ئەرکی زمان Two uses of Languge)). ئەمەش دەقەکەیە ((لەوانەیە مەسەلەکە لەپێناو ئەو هێمایە reference بەکاربێت کە دروستی دەکات، جا ئەو هێمایە ڕاستگۆبێت یان درۆ. ئەمە بەکارهێنانی (زانستی)یە بۆ زمان، بەڵام لەوانەیە مەسەلەکە لەپێناو ئەو شتەوە بێت کە هێماکە دەیهێنێتە ئاراوە لە کاریگەری لە هەڵچوون و هەڵوێست. ئەمەش بەکارهێنانی (هەڵچوونی)

زمانە، هەرکاتێ بەڕوونی تێی گەیشتین جیاوازیکردن ئاسانە. واژۆکان بەکاردێن یان لەپێناو ئەو هێمایانەی کە دەیهێنێتە ئاراوە. یان لەپێناو ئەو هەڵوێست و هەڵچوونانەی کە لەدوای ئەو واژۆیانە دێت))[2].

گرنگی ئەم دەقە لە دەرکەوتنیەوە دێت، لەساڵی 1924 کاتێك کە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لە ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمریکادا نەبوو بەتایبەتی قوتابخانەی (ل. بلۆمفیلد Leonard Bloomfiel کە بەشێك لە گرنگیدانەکەی خۆی تەرخان کرد بۆ توێژینەوەی ئەو مەسەلانەی کە پەیوەستە بەزمانی ئەدەبی بە گشتی وە زمانی شیعری بەتایبەتی. وە گرنگیدانی خۆی چڕکردەوە لەسەر مەسەلەکانی زانستی زمانی پوخت. قسەکانی ریچاردس نەهاتە بەر تەنیا لە هەندێ لەو مەسەلانەی کە دەربارەی واتای زمانییە کە چارەکرابوون.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ریچاردس ئەوەی ڕادەگەیاند کە جیاوازیکردن لەنێوان هەردوو بەکارهێنانەکە ئاسانە. بۆچوونەکانی بەبێ دژایەتی تێپەڕ نەبوون، تەنانەت لەنێوان خودی ڕەخنەگرەکانیش، لەنێوان ئەوانەی دژایەتیان دەکرد. ڕەخنەگر ج. ك. ڕانسۆم j.c. Ransom و ڕەخنەگر ئیزابیل هانگەرلاند. I. Hanger land.

گفتوگۆی ڕەخنەیی دەربارەی جیاکردنەوەی زمانی زانستی و زمانی ئەدەب بووە مایەی زیاتر گرنگیدانی زمانەوانەکان وە جولانیان بەرەو پێگەیاندنی چەمکەکان و مەزەندە ڕێبازییەکانیان و باشترکردنی هۆکارەکانی لێکۆڵینەوە. بەمەش هەواڵدانێکی گرنگ بۆ گواستنەوە لە لێکۆڵینەوەی دەستوورەکانی بنەماکانی پێکهاتنی ڕستە بۆ دەستوورەکانی پێکهاتنی دەق (یان گوتار)

بەم جۆرە مەسەلەکانی زمانی ئەدەب بوو بە چەقی گرنگیپێدانەکانی زمانەوانەکان. توێژینەوە لەزانستی شێوازی چالاك بوو وە شیکردنەوەی زمانی دەقەکان ڕێبازەکانی جۆراوجۆربوون بەپێی جۆراوجۆری بنەما تیۆری و فەلسەفیەکان لەنێوان قوتابخانە زمانەوانییەکان. لەنێوان ئەو لایەنانەی کە بەشێکی باشی لە گرنگیدان بەرکەوت، زانستی شێوازی ئاماری بوو.

پەراوێز:-

سەرچاوە:

ئەم وتارە لەم کتێبە وەرگیراوە:ـ

الاسلوب (دراسة لغوية إحـصائية)، د. سـعد مـصلوح دار الفكـر العربـى، ط2 (مطبعة حسان) القاهرة، 1984 ص 51 – 56.

# زمان و بیر

بەشی دووەم و کۆتایی

و: نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو

## زمان کاریگەری لەسەر بیر دەکات

هەندێك لە توێژەران پێیان وایە کە زمان بەرهەمی ژیاری نەتەوەییە، بەهەمان شێوەش زمان ئەو ئامرازەیە کە بەهۆیەوە پرۆسەکانی گواستنەوەی موفرەداتی ژیاری بۆ نەوەکانی داهاتوو ئەنجام دەدرێت، بەمشێوەیە بەرانبەرییەك لە نێوان جیاوازییە ژیارییەکان و جیاوازیە زمانەوانی بەڕێوە دەچێت.هەروەك چۆن ژیارە مرۆییە هەمە جۆرەکان جیاوازی تاك و تەنهایان هەیە ، بەو شێوەیەش زمانەکان بە ئادگارە تاکەکانیاوە جیاوازن، بۆ نموونە (تووتی) لەژیاری هۆزی (بۆرۆرۆ) گرنگییەکی زۆری هەیە، لەبەر ئەوە لەزمانی ئەم هۆزەدا ژمارەیەکی زۆری ناوی تووتی هەیە، کە ئاماژە بۆ جۆرەکانی تووتی دەکات، بەڵام یەك وشەیان نییە کە گوزارشت لە هەموو جۆرەکانی تووتی بکات (بڕوانە لیفی ـ برول 1912).

هەندێ زانا بۆ شرۆڤەکردنی ئەم دیاردەیە ئەو گریمانەیە دەخەنەڕوو کە لێکچوونی تووتیەکان بۆ ئەم ژیارە زۆر گرنگ نییە، بەڵکو تەنها جیاوازییەکانی ئەم پەلەوەرە گرنگە لەبەر ئەوە هیچ پێویستییەك نییە بۆ وشەیەك کە گوزارشت لەم لێکچوونە بکات، بەڵکو پێویستی ئەوە لە ئارادایە کە وشەگەلێك هەبن کە گوزارشت لە جیاوازی نێوان جۆرەکانی ئەو تووتیانە بکەن.

بەهەمان شێوەش زمانی (ئەسکیمۆ) تەنها یەك وشەی نەگرتۆتەخۆ کە گوزارشت لە بەفر بکات، بەڵکو چەندەها وشە لە زمانیاندا هەیە، کە ئاماژە بۆ جۆرەکانی بەفر دەکات، ئەمەش لە ژینگەیەکی بەفراویدا ئاساییە، بوونی بەفر مەسەلەیەکی ئاساییە، بەڵام گرنگ لێرەدا جۆرەکانی ئەو بەفرەیە کە مرۆڤ ئاماژەی بۆ دەکات.تاڕادەیەك ئەم تیۆرە لەگەڵ ئەو تیۆرەی کە باسی دەکەین،

کە دەڵێ بیر کاریگەری بەسەر زمانەوە هەیە، کە پاش کەمێکی دی دێینەسەری، بەڵام ئەم تیۆرە زیاتر بەرەو پێش هەنگاو دەنێت و پێی وایە کە زمان چۆنێتی دەرك کردنمان بە گەردوون بۆ دیاری دەکات، (وۆرف) wohrf (1956) ئەم تیۆرەی بۆ یەکەمجار ساڵی (1938) پێشنیاز کرد، (وۆرف) پێی وایە کە ئێمە بەپێی ئەو هێلکاریانەی کە زمانە نەتەوەییەکەمان بۆمانی نەخش دەکات، شرۆڤەیەك بە سروشت دەدەین، ئەو لایەن و دیاردە و پۆلێنکاریانەی کە لە جیهانی دیاردەکانەوە هەڵیدەبژێرین، دەستمان ناکەون، چونکە تەماشای ئەو کەسانە دەکەن کە سەرنجیان دەدەنێ، بەپێچەوانەشەوە ئەو جیهانەی کە بەرامبەرمان وەکو سەرنجی هەمەجۆر لەبەرچاومان تێپەڕدەبێت، هەمیشە لە گۆڕانکاریدایە، ئینجا مێشکمان ئەو جیهانەی بەرچاومان ڕێك دەخات، ئەمەش مانای وایە ئەمەش زۆرینە دەگرێتەوە کە لە ڕوانگەی سیستەمە زمانەوانییەکەی مێشکمانەوە ئەنجام دەدرێت (وۆرف 1956 ل 213).

لەمەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە گەلانی جیهان بە چەندەها زمان قسە دەکەن دەرك بەجیهان دەکەن و یادی دەکەن.پاشانیش بیری لێ دەکەنەوە، ئەویش بەچەندەها شێواز کە لەگەڵ زمانەکانیان بگونجێت، لێرەدا چەندەها توێژینەوە لە ئارادا هەیە کە پشتگیری لەم تیۆرە دەکەن و چەندەها توێژینەوەی تریش هەن کە پشتگیری لێ ناکەن کە هەندێکیان لێرەدا باس دەکەین.

(لۆفتس) و (پالمەر) (1974) لە لێکۆڵینەوەیەکیاندا گەیشتنە چەند دەرەنجامێك کە تاڕادەیەك پاڵپشتی ئەم گریمانەی پێشوو دەکات، بەڵام بەشێوەیەکی ڕواڵەتی، چونکە ئەم لێکۆڵینەوەیە چارەسەری (یاد) و (دەرك کردن) دەکات و چارەسەری (بیر) ناکات،ئەم دوو لێکۆڵەرە فلیمێکی سینەماییان نمایش کرد، کە تیایدا دوو ئۆتۆمبێل لەیەکیان دەدا و دوو کۆمەڵە کەسیش ئەم ڕوودایان دەبینی، جا کاتێك کە لە کۆمەڵەی یەکەم پرسیارکرا ئایا چۆن خێرایی ئەم دوو ئۆتۆمبێلە دەخەملێنی لەکاتی لێکدانیاندا؟ کەچی پرسیاری ئەیان لەکۆمەڵەی دووەم کرد ئایا خەمڵاندنتان بۆ خێرایی هەردووکیان بە چ شێوەیەکە، لەوکاتەی کە ئۆتۆمبێلێکیان ئەوی دی شکاندو وێرانی کرد؟ هەردوو پرسیارەکە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو، جگە لەوەی کە پرسیاری یەکەم وشەی (لێدان) و پرسیاری دووەم وشەی (شکاندن)ی گرتبووەخۆ، بەڵام توێژەرەکان بینیان کە جیاوازییەکی گەورە لەخەمڵاندنی هەردوو کۆمەڵەکەدا

هەیە بۆ فلیمە سینەماییەکە، کۆمەڵەی دووەم کە پرسیاری شکاندنی ئۆتۆمبێلەکەیان لێ کرا، وتیان هەردوو ئۆتۆمبێلەکە زۆر خێرابوون، بەڵام کۆمەڵەی یەکەم خێرایی هەردوو ئۆتۆمبێلەکەیان بەکەمتر لەو خێراییەی کۆمەڵەی دووەم خەملاند، ئەم دوو توێژەرە جیاوازی هەردوو کۆمەڵەکەیان لەڕووی خەملاندنەوە بۆ کاریگەرییە زمانەوانییەکەی هەردوو پرسیارەکە گێڕاندەوە، بەگوزارشتێکی دی بڵێین کە کۆمەڵەی دووەم لەوشەی (شکاندن)ەوە وا تێگەیشتن کە ئۆتۆمبێلەکان زۆر خێرا بوون، بەڵام کۆمەڵەی یەکەم لە وشەی (لێدان)ەوە تێگەیشتن کە ئۆتۆمبێلەکە بەو خێراییە نەبووە.

هەروەها (براون و لینیبرگ) توێژینەوەیەکی بەراوردکارییان لەنێوان دوو ژیاری جیاوازدا ئەنجامدا ، کە لێرە بەدرێژی باسیان ناکەین، لە دەرەنجامدا جیاوازییەکانی ئەم دوو ژیارە دەرکەوتن، هەروەها چەند جیاوازییەکی لێکچووش لەگەڵیاندا لەنێوان ئەو دوو ژیارەدا پەیدابوون، بۆیە دەرەنجامەکان تۆزێك دژواربوون، لەکۆتایدا خاتوو (هایدر) (1971 ـ 1972 ـ 1975) هەستا بە سازدانی زنجیرەیەك لە توێژینەوەی قشت و جوان بۆ چارەسەرکردنی ئەم تیۆرە، بەڵام پێش ئەوەی باسی هەردوو توێژینەوەکەی (هایدر) بکەین، باشتر وایە کە هەردوو توێژینەوەکەی (برلین 1969) و (کای) 1975 سەبارەت بەناونانی ڕەنگەکان لە ژیارەکانی مرۆڤایەتیدا بۆ ئەوەی بۆچونەکانی خاتوو (هایدر)مان زیاتر بۆ روون ببێتەوە.

زانایانی دەروونناسی لە ساڵانی پێشوو لەو باوەڕەدا بوون، کە ژیارە هەمە جۆرەکان ناویان تەنها بۆ ڕەنگەکانی (پەلکە زێڕینە) داناوە، ئەویش بەشێوەیەکی هەرەمەکی، بەڵام (برلین) و (کای) لە دەرەنجامی توێژینەوەکانیاندا گەیشتنە ئەوەی کە ڕەنگەکان هەرەمەکی نین و چەند یاساو ڕێسایەك بەڕێیان دەبات، ئەم دوو توێژەرە گەیشتنە ئەوەی کە چەند ڕەنگێکی سەرەکی و چەند ڕەنگێکی دی ناسەرەکی لەئارادا هەیە، ناسەرەکییەکانیش دەکەونە سەر ئەو ڕەنگانە، ئەویش لەچەند شوێنێکی جیاواز ئەو دوو توێژەرە کە ناوی ڕەنگە هەمەجۆرەکانی ژیارەکانیان کۆکردەوە دیاردەی ڕەنگە سەرەکییەکانمان لەلا سەری هەڵدا.

ئەو ناوانە ئاڵۆز نین، بەڵام هەموو بەشە گرنگەکانی ڕەنگەکان دابین دەکەن، جا بۆ وەدەست خستنی ئەم ناوانە، ئەم دوو توێژەرە چەند پێوانەیەکیان دانا،

که بەهۆی یەکە مۆرفیمیەکانی وشە سەرەکییەکەوە دەکرێ پوختە بکرێت، پێوانەکانیش ئەمانەن:

1ـ ناوی ڕەنگەکە دەبێ لەیەك یەکەی مۆرفیمی پێك بێت، وەکو (سەوز)، نەك لەدوو یەکەی مۆرفیمی یان زیاتر، هەروەها نابێ ئەو ڕەنگە لە دوو یەکەی مۆرفیمی یان زیاتر پێك بێت، وەکو (سەوزی کاڵ) یان (سوورێکی تۆخ وەکو خوێن) یان (وەنەوشەیی) ،ئەم وشەیە دوو مۆرفیم لەخۆ دەگرێت، که (وەنەوشە) + (ی)ی (نسبە)یە.

2ـ پێویستە ڕەنگەکە لەژێر چەتری ناوێکی دیدا نەبێت، واتە ڕەنگی (قورمزی) بەکار نەهێنین، چونکە جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕەنگی (سوور).

3ـ ناوەکە تەنها ژمارەیەکی کەمی شتەکان نەگرێتەوە، وەکو (ئەسمەر) و (پرچ زەرد) و (درەوشاوە).

4ـ پێویستە ئەو ڕەنگە بەفراوانی لە کۆمەڵگای زمانەوانیدا بەکاربهێنرێت، و تەنها لەناو کۆمەڵێکی سنووورداردا نەبێت، وەکو وشەی (سوور)، کە وشەیەکی پەسەندکراوە، بەڵام قبوڵی ناوێکی وەکو (فیزرنکی) ناکات.

ئەو دوو توێژەرە کە بەو ڕەنگانەدا چوونەوە کە لەژیارەکانی مرۆڤایەتیدا بەکاردەهێنرێت، بینیان کە هەر زمانێك لەو زمانانە ناوی ڕەنگە سەرەکییەکان لە تەنها (11) ڕەنگەوە وەردەگرن کە ئەمانەن: (ڕەش، سپی، سوور، زەرد، سەوز، شین، قاوەیی، ئەرخەوانی، وەردی، پورتوقاڵی، خاکی )، وا پێدەچێت کە زمانەکانی جیهان سەبارەت بەم بابەتە هەرەمەکی نەبن، بەڵکو زۆر تەباو گونجاون.

ئەم دوو توێژەرە بینیان کە ئەم ڕەنگانە ڕێکخستنێکی هەرەمیان هەیە، هەندێك زمان وەکو زمانی ئینگلیزی (11) ناو بۆ ڕەنگە سەرەکییەکان بەکاردەهێنن، کەچی هەندێك زمانی دی تەنها دوو ناو بەکاردەهێنن، کەچی هەندیك زمانی دی تەنها دوو ناو بەکاردەهێنن، جا گەر زمانێك دوو ناوی ڕەنگەکانی تیادا بەدی بکرێت، ئەوا ئەو دوو ناوە هەرەمەکییە لەلایەن زمانەکەوە وەرناگیرێت، بەڵکو هەمیشە هەردوو ڕەنگی سپی و ڕەشی هەژمار دەکرێن و هەندێ جار بۆ هەردوو ناوی (کاڵ) و (تۆخ) وەردەگێڕدرێن.

کاتێکیش کە زمانەکە تەنها سێ ناوی ڕەنگەکانی گرتبێتەخۆ، ئەوا لەو حاڵەتەدا ئەم سێ ڕەنگە دەبن (ڕەش، سپی، سوور)، بەگشتیش ڕەنگەکان لە ژیارەکانی مرۆڤایەتیدا بەم شێوەیەی کە لەم وێنەیەدا هاتووە پێك دێن:

ڕەش زەرد ئەرخەوانی

سوور - سەوز - قاوەیی - وەردی

سپی شین پورتوقاڵی

خاکی

ئەم وێنەیە دابەشکردنی هەرەمەکی ناوی ڕەنگەکانی ژیارەکانی مرۆڤایەتی ڕوون دەکاتەوە.

هەر بەم شێوەیەش گەر لە زمانێکدا شەش ڕەنگی سەرەکی هەبوو، ئەوا شەش ڕەنگ لەلای ڕاستەوە بە وشەیەکی دی وەردەگیرێت، ئەویش کاتێك کە زمانەکە وشەیەکی سەرەکی ڕەنگی شینی گرتبێتەخۆ، جگە لەوەی کە پێویستە وشەگەلێکی ئەو ڕەنگانەی گرتبێتەخۆ، کە پێش ئەم ڕەنگە بکەون، سەرباری هەردوو ڕەنگی ڕەش و سپی، هەموو ئەو ڕەنگانەی کە لەناو کەوانەکاندان، بەهەر ڕێکخستنێك بێ دادەنرێن، ئەمەش مانای ئەوەیە کە هەر زمانێك کە ناوێکی تازەی ڕەنگەکانی تیادا دەتاشرێت، ئەوا پێشتر ناوێکی نەبووە، لەو حاڵەتەدا ئەو ڕەنگە وەردەگرێت، کە پاش ڕەنگە کۆتاییەکەی خۆی دێت لە لیستە تایبەتەکەی خۆی، جا گەر هەڵبژاردنی ڕێکخستنی ڕەنگەکان هەرەمەکی بوایە، ئەوا ئەگەرەکانی هەڵبژاردنی ڕەنگی داهاتوو، لەتوێی ئەو یازدە ڕەنگەدا ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە، بەڕێژەی (2.048)، بەڵام ئەم ڕێکخستنە ژمارە ئەگەر کراوەکە بۆ ڕێژەی (33) ئەگەر دیاری دەکات.

چەمکی ڕەنگە سەرەکییەکان بواری ئەوەمان بۆ دەرەخسێنێت، کە ڕەنگی سوور بۆ سەر زمانی ئینگلیزی بە وشەی (Red) و بۆ سەر زمانی فەرەنسیش بە وشەی (Rouge) و بۆ ژاپۆنیش بە (ئاکا) وەری بگێڕین و بۆ سەر زمانی ئەسکیمۆش... هتد.

با ئێستاش بگەڕێینەوە سەر توێژینەوەکەی خاتوو (هایدر) کە پێش ئەوەی شوو بکات، ناوی (ڕوش) بوو، ئایا خاتوو (هایدر) سەبارەت بە دەرك کردن بە ڕەنگەکان چ جۆرە توێژینەوەیەکی ئەنجام داوە خاتوو (هایدر) سەرەتا ڕەنگە سەرەکییەکانی هەڵبژارد، کە ڕەنگی سوور و زەردو سەوزو وەردی و بورتوقالی و

قاوەیی ئەرخەوانی بوون و ئەو ڕەنگانەی نیشانی چەند تاکێکدا کە بە زمانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان قسەیان دەکرد وەکو زمانی ئینگلیزی و هەنگاری و (تاکالوك) و هتد... هەموو ئەو تاکانەش لەسەر ئەوە کۆك بوون کە هەندێك لەو ڕەنگانە ڕەنگی سەرەکین، پاشان لە قۆناغی دووەمدا دەستی کرد بە توێژینەوەی هێماکردن بەو ڕەنگانەی کە سەرەکین و ئەو ڕەنگانەش کە دەکەونە نێوانیانەوە، وەکو سەوزی شین یان زەردی سەوز و لەوانەش چەند ڕەنگێکی دەست نیشان کرد کە بە (ڕەنگەکانی ناو ناوەکان) ناوزەدی کرد، (internomal) واتە چەند ڕەنگێکن کە لە ڕەنگەکانی پەلکە زێڕینەوە وەرگیراون.کە دەکەونە نێوان ڕەنگە سەرەکییەکان کە پێشووتر باسمان کردن، کە لەنێوان هەموو ئەو ڕەنگانە هەڵمان بژارد، بەو حیسابەی کە باشترینی ئەو ڕەنگانەن کە نوێنەرایەتی ناوی ڕەنگە سەرەکییەکانی هەموو زمانەکانی جیهانی دەکەن.

خاتوو (هایدر) لەچەند کەسانێکی داواکرد کە سەر بە (23) نەتەوەبوون، بێ گومان (23) زمانی جۆراوجۆریان هەبوو کە ناوی ئەو ڕەنگانە بنێن کە پێشکەشیان دەکرێت، پاش ئەم پرۆسەیە بۆی دەرکەوت کە ناوی ڕەنگە سەرەکییەکان لەناوی ئەو ڕەنگانەی کە نێوان ناوەکانن کورتترن، هەروەها خێرایی وەڵامدانەوە لە ڕەنگە سەرەکییەکاندا لە ڕەنگە ناوییەکان کەمترە.

جا پاش ئەوەی کە خاتوو (هایدر) توانی شارەزای کۆمەڵە ڕەنگێکی سەرەکی بێت کە ناونان و وەڵامدانەوەی ئاسان بێت، تاقیکردنەوەیەکی کۆتایی و یەکلاکەرەوەی لەسەر دوو کۆمەڵە خەڵك ئەنجامدا کە سەر بەدوو ژیاری جیاوازن، کە ژمارەیەك لەو ئەمریکیانە بوون بە زمانی ئینگلیزی دەدوان، لەگەڵ ژمارەیەك لە تاکەکانی هۆزی دانی Dany لە گینیای تازەی هۆڵەندی، لەکاتێکدا کە لەزمانی ئەم هۆزەدا تەنها دوو ناو هەیە بۆ ڕەنگەکان، کە لەزمانی عەرەبیدا بەڕەش و سپی یان بە کاڵ و تۆخ گوزارشتیان بۆ دەکرێت.

توێژەر لێرەدا لەسەر ئەو گریمانەیە بوو کە ئەگەر تیۆری (وۆرف) راست بوایە،ئەوا ئەندامانی هۆزی (دانی) هیچ کاردانەوەیەکیان بەرامبەر بە ڕەنگە سەرەکییەکانی پاش ڕەش و سپی نەدەبوو کاردانەوەیەکی ئەوتۆ کە لەگەڵ کاردانەوەکانی نێوان ناوەکان جیاوازبێ، چونکە زمانی دانی ئەمجۆرە جیاوازیانەی نێوان ڕەنگەکان پێشناخات، بەڵام ئەگەر جیاوازییەکانی نێوان ڕەنگەکان پرۆسەیەکی دەرك کردنی رووت و رەهابێ، و ناوهێنانی زمانەوانی هیچ

پەیوەندییەکی پێیەوە نەبێ، ئەوا ئەوساتە هیچ جیاوازییەك لەنێوان یاسا زمانەوانییەکانی ئەمریکیەکان و یاساکانی هۆزی (دانی)دا بەدی ناکەین.

هەروەها خاتوو (هایدر) ئەوەی دۆزییەوە کە ئاستی ئەداکردنی هۆزی (دانی) لە ئەمریکییەکان سست تر بوو، ئەویش سەبارەت بەهەموو ئەو ئەرکانەی کە پێیان سپێردرابوو، بەڵام ئەندامانی هۆزی (دانی) توانای ئەیان هەبوو کە جیاوازییە داواکراوەکان سەبارەت بە ڕەنگە سەرەکییەکان دەربڕن، (هایدر) ئەم شتەی کردە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە دەرك کردن بە ڕەنگەکان، پرۆسەیەکی دەرك کردنەو هیچ کاریگەریەك بەزمانە نەتەوەییەکە ناکات.

واپێ دەچێ کە ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بە بابەتی کاریگەری زمان دژ بە گریمانەکەی (وۆرف) یەکلاکەرە بووبێت، کەچی دەرەنجامی توێژینەوەکانی براون و لێبرگ1954 و توێژینەوەکەی کارۆل و کاسا گراندی تۆزێك تەمومژاوی بوو، چونکە دەرەنجامەکانی دژواودژبوو و بە سەختی شرۆڤە دەکرا.

ئێستاش با بچینەسەر باسکردنی ئەو بۆچوونەی دی کە دەڵێ بیر کاریگەری بەسەر زمانەوە هەیە.

**بیر کاریگەری بەسەر زمانەوە هەیە:**

ئەم قوتابخانەیە پێی وایە کە بیر دیاردەیەکی مامناوەندی بەراوردە ، بە واقیعێکی کە بابەتی ئەو بۆچوونە ،ئەوا کە بیر بە دیاردەیەکی سەرەکی هەژمار دەکات، چونکە بیر ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەیە، بەڵام نەك وەکو ئەوەی کە ئاوێنەکە وێنەیەك نمایان دەکا، بەڵکو ڕەنگدانەوەیەکە بەشێوازی بەرجەستەبوونی ڕاستەقینەی بابەتەکە، ڕاستەقینەش بۆ هەموو خەڵك یەك ئاست و یەك شێواز نییە، چونکە گەلانی سەر زەوی مێژوویەکی جیاوازیان هەیە و لە جوگرافیای جۆراوجۆر و جیاوازدا گوزەران دەکەن و مامەڵە لەگەڵ ژینگەیەکی جیاوازدا دەکەن، بەهەموو پێکهاتەی ئەو ژینگەیە لە ڕووەك و ئاژەڵ و کەلویەلە جۆراوجۆرەکان. جگە لەوەی کە لەڕووی ئاستی مادیشەوە هەر جیاوازن، ئەمەش مانای ئەوەیە کە شارەزایی و زانست لای گەلانی دونیا وێکچوو نییە.

لەمەوەش بۆمان دەردەکەوێت کە سیستەمێکی جیهانی گشتگیری چەمکەکان لە ئارادا نییە، ئەم قوتابخانەیە پێی وایە کە هەموو چەمکەکانی مرۆڤ

و شێوازی بیرکردنـەوەی لـەو شـارەزاییانەوە دەسـت دەکـەوێت، کـە لەژیانـەوە بەدەستی هێناوە.

ئەویش لەکاتێکدا کە بارودۆخی ژیان جیاوازییـەکی فراوانـی هـەبێت، چـونکە بـارودۆخی گـوزەرانی هـەر گـەلێك لـەوی دی ناکـات، جـا مێژووشـیان جیـاوازە، لەمەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامـەی کـە خەسـڵەتە دەروونییـەکانی بیرکردنـەوەی هەر گەلێك لەوی دی جیاوازە.

(بیلاییر) 1963 پێی وایە بـۆ تێگەیـشتنی پەیوەنـدی بـیر بـە زمانـەوە زۆر پێویستە دوو لایەنی بیر لەیەکدی جیاواز بکەینەوە کـە لایـەنی دنیـای ڕووخسار لەلایەکـەوەو لایـەنی نـاوەڕۆك و کاکڵـە لەلایـەکی تـرەوە، جـا لایەنـە دینامیکیـە شکڵیەکان چەند مەسەلەیەکی وەکو چەمك و یاسا و دەرەنجامەکان دەگرێتەوە، سەرباری کردەکانی بیرکردنـەوەی دی وەکـو بەراوردکارییـەکان و شـیتەڵکاری و دووبارە پێکهێنان و گشتاندن... هتد. ئـەم لایەنـە دینامیکیـە ڕووخسارەش بـۆ هەموو مرۆڤایەتی یەك شتن، چونکە مرۆڤ لەهـەموو شـوێنێك بـەراوورد دەکـەن و دەگشتێنن و دەرەنجامەکان دەردەهێنن و دەگەنە یاسا و ڕێسا هەمـەجۆرەکان، ئیدی بەم مانایـە دەتـوانین بڵـێین کـە لۆجیـك بـۆ هـەموو گـەلان هـەر لۆجیکـەو یاساکانی بیرکردنەوەش بۆ مرۆڤ هەر یەکە.

بـەڵام پێویـستە ئـەوەمان لـەیاد نەچـێت کـە لـەنێوان تایبەتمەندییـەکانی بیرکردنەوەی دەروون توخمێکی دی هەیە کە (ناوەڕۆك)ە، واتـە کاکڵـەی خـودی بیرکردنەوەکە، پێویستە بیرکردنەوە بەپێی سیستەمێك لـە سیـستەمەکانی هێمـا دروست ببێ، جا ئەم هێمایانە هاوکێشەی ماتماتیك بێ یان هاوکێـشەی کیمیـایی یـان زمانێـك بێـت، چ زمـانێکی لەناوچـوو یـان زینـدوو یـان داهێنـراو بێـت، مەسـەلەیەکی ئاسـاییە کـە نـاوەڕۆکی بیرکردنـەوە بـەپێی شـارەزایی گـەلان گۆڕانکـاری بەسـەردا دێـت، هـەروەك لەپێـشدا وتمـان هـیچ مـەعقول نییـە کـە بیرکردنـەوەی گەلـە بەراییـەکانی مێـژوو کـاری کۆمپیوتـەری گرتبێتـەخۆ، یـان مەعقول نییە کە بیرکردنەوەی (ئەسکیمۆ) هەندێك لـە شـارەزایی ژیـانی بیابـانی گرتبێتەخۆ... هتد.

لەڕاسـتیدا گواسـتنەوەی ماناکـان لـە زمانێکـەوە بـۆ زمـانێکی دی گرنگـە و ئەستەمە، هەر بۆیـە هەنـدێ لـە ڕۆشـنبیران پێیـان وایـە کـە پێویـستە وشـە لـە زمانێکـەوە بـۆ زمـانێکی دی وەربگێـڕین، لـەو زانـا و ڕۆشـنبیرانەش، ڕۆشـنبیری

عـەرەبی (جـاحین)ە، هـەروەها حەسـەن بـن سـوار دەڵـێ (لەبـەر ئـەوەی لـە گواسـتنەوەی مانـادا پێویـستی بـە تێگەیـشتنی ئـەو زمانەیـە، کـە مانـای بـۆ وەردەگێڕێت، دەبێ وەکو قسەکەرەکە وێنای بکات).

(سـالح) گفتوگۆیـەکمان سـەبارەت بـەم مەسـەلەیە لـەنێوان دوو ڕۆشـنبیری عەرەبیدا بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێ ((لەسەدەی چوارەمی کۆچیدا دەبینین کە (ئەبا سەعیدی سیرافی) گفتوگۆ لەگەڵ فەیلەسوفی لۆجیکزان (ئەبی بشر بن یونس) (326ی کۆچی) دەکات و دەڵێ (گەر لۆجیك پیاوێکی یۆنانی بە زمـانی خـەڵکی ئەو وڵاتە و بە بەکارهێنانی زاراوەکانیان دایهێناوە، چۆن دەبێ کە تورك و هینـد و فارس و عەرەب بۆ بنـەماکانی ئـەو لۆجیکـە ملکـەچ بکـەین، بەشـێوەیەك ئـەو لۆجیکە ببێتە دادوەرو ناوبژیوان بۆ گرفتەکانیان و هەرچیەکیان پێ بڵێـت قبـوڵ بکـەن، هەرچـیەکیش ڕەت بکاتـەوە ، ئـەمانیش ڕەتـی بکەنـەوە، (ئـەبی بـشر) وەڵامـی دایـەوە و گـوتی لۆجیـك تـەنها بـاس لەمەرامـە مەعقولـەکان و مانـا درککراوەکـان دەکـات و ئایـا نـابینی کـە چـوار و چـوار لای هـەموو نەتـەوەکان هەردەکاتە هەشـت؟ (سـیرافی) وەڵامـی دایـەوەو گـوتی: گـەر ویـستراوەکان بـە تواناکانی مێشك بێت و ناو هێنراوەکان بە ئاخافتن بێت هەموو ئەمانە بۆ ئەم پلە روونـە دەگەڕێنـەوەو دەرەنجـام هـیچ جیاوازییـەك لـە ئـارادا نامێنێـت و هـەموو نەتەوەکان ئیدی تەبا دەبن و دەگونجێن، لەگەڵ ئەوەدا گەر مەرامە مەعقولەکان و مانـا دەرك پـێ کراوەکـان تـەنها بـەزمان نـەبێت دەسـتت نـەیانگاتێ کەواتـە پێویستییەکی زۆرمان بە زمان هەیە، (سیرافی) سەرنجی ئـەوەی داوە کـە (ئـەبا بشر) نەیتوانیوە شارەزای پەیوەندییەکانی نێوان زمان و بیر ببێـت، بۆیـە دەڵـێ (ڕێزمان لۆجیکە، بەڵام لە زمـانی عەرەبییـەوە داتاشـراوە، لـۆجیکیش ڕێزمانـە، بەڵام بە زمانەوە دەناسرێت) .(بڕوانە (المقابسات)ی تەوحیدی)).

ئـەم گفتوگۆیـەی نێـوان هزرڤانـە عەرەبـەکان سـەبارەت بـە مەسـەلەی پەیوەندییەکانی زمان بە بیرەوە گوزارشت لـەدوو هەڵوێـست دەکـات، یـەکێکیان پێی وایـە کـە کردەکـانی بـیر لـەلای هـەموو گـەلان هـەر یەکـە، چـونکە لـەڕووی دینـامیکی و ڕووخـسارەوە جـەخت لەسـەر کردەکـانی بـیر دەکاتـەوە، بـەڵام (سیرافی) پێی وایە کە نـاوەڕۆك کرۆکـی کردەکـانی مێـشکە و بـەو مانایـەی کـە قـسەکانی (سـیرافی) لەگـەڵ تیۆرەکـەی (وۆرف) یـەك دەگرێتـەوە واتـە پـێش (وۆرف) بە چەند سەدەیەك گەیشتۆتە ئەو دەرەنجامانە.

بڕوادارانی ئەم قوتابخانەیە پێیان وایە کە دوو لایـەنی کرۆکـی بـیر پێویـستە بەجیاواز تێیان بڕوانرێت ،کە کرۆکی بابەتیانەو کرۆکی خودییە، مەبەسـتیش لـە کرۆکی بابەتیانـەی بیرکردنـەوە ئـەو پەیوەندییـە واقیعیانەیـە کـە ڕەنگدانـەوەی بیرە، هەرچی کرۆکی خودیشە ئەو وێنە خودییەیە کە موڵکی تاکێکە بـۆ جیهانـە بابەتییەکە، هەردوو ئەم بەشەش پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بەیەکدیەوە هەیـە، چونکە کرۆکی بیر کرۆکێکی بابەتیە تا بکرێ ڕەنگدانەوەی جیهانـە بابەتیەکەیـە بەڕاسـتگۆیی، هـەروەها بـیر نـاوەڕۆکێکی خودیـشە بـەو ڕێژەیـەی کـە بەلایەنـە خودیەکانەوە دەلکێ، ئەویش بەجیاواز لەگەڵ پەیوەندییە بابەتیەکان، هـەروەها بـیری جیـاوازی خـاوەن نـاوەرۆکێکی خودیـە، ئـەم مەسـەلەیەش ڕەنگدانـەوەی بەسەر زمانـدا دەبێـت، بـیری زانـستیش خـاوەن نـاوەرۆکێکی بابەتییـە، چـونکە جیهان لەگەڵ تۆزێك خودیەتـدا دەگوازێتـەوە. ئـەم مەسـەلەیەش ڕەنگدانـەوەی بەسەر زمانی کتێب و لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا دەبێت و ئـەم کرۆکـەی بـیرەش هەمیشە لەنێوان ئەم دوو جەمسەرەدا هاموشۆ دەکات.

بەڵام بەشێکی دی زۆر گرنگ سەبارەت بە بەشە بابەتیـەکانی بـیرو زمـان لـە ئارادا هەیە چونکە لەوانەیە هەمان ئەو شتە بابەتییە چەند نـاوێکی دی لێ بنـێین بۆ نموونە جاری وا هەیە بە گوڵێك دەڵێین (قرنفل) جاری واش هەیە پێی دەڵێین (گـوڵ) یـان (رووەك)... هتـد. کەچـی ئـەو گوڵـە هـەر ئـەو گوڵـە خۆیـەتی و نەگۆڕدراوە، بەڵام هەر جارێك بەشێوەیەك پۆلێنی دەکەین و کرۆکی بیری بابەتی لەو پۆلێنکردنانە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، کەچی ناوەرۆکی خودییەکـە بـە بـڕی پۆلێنکردنەکە چەندە فراوان بێت کە تێمان خزانـدووە یـان تەسـکمان کردۆتـەوە یان جۆرەکەیمان گۆڕیوە.

لەوانە وەرگێڕانی وشە بە وشـە کـە لـە زمانێکـەوە بـۆ زمـانێکی دی ئـەنجام دەدرێت، باشترین شێوازەکانی دۆزینەوەی خەسڵەتەکانی بیرکردنەوەیە لە توێی زمانی یەکەمدا، چـونکە هەڵـە تایبەتمەندییـەکانی بیرکردنـەوە لـەو کۆمەڵگایـەدا دەردەکـەوێت، بـۆ نموونـە کۆمپیوتـەر بـەزمانی ئینگلیـزی (computer)، واتـە ژمێریاری پێ دەووترێت، بەڵام بـەزمانی فەرەنـسی (ordinator) واتـە ڕێکخـەری پێ دەووترێت واتە ئەو ئامێرەی کە زانیارییەکان ڕێك دەخات هەر ئەم ناوەش لە وڵاتـانی ڕۆژئـاوای نیـشتمانی عەرەبیـدا بڵاوبۆتـەوە هـەردوو ئـەم نـاوەش

ڕەنگدانەوەی دوو ئەرکی جیاوازن کە ئەو ئامێرە ئەنجامی دەدات کە یەکەمیان ژماردن و ئەوی دیان ڕێکخستنە.

هەروەها (لیل سۆندریس) ئاماژە بۆ ئەو جیاوازییە دەکات کە لەنێوان هزری ئەسپانی و هزری ئەنگلۆسەکسۆنیدا هەیە ، کە ڕەنگدانەوەی بەسەر زمانەکانیاندا هەیە ئیسپانییەکان دەڵێن کاتژمێر دەڕوات کەچی ئەنگلۆسکسۆنییەکان دەڵێن کاتژمێرەکە ڕادەکات، ئیسپانییەکان دەڵێن پاسەکە لە دەستی چوو، ئۆتۆمبێلەکە دەعامی کرد و قاپەکە شکا، بەڵام ئەنگلۆسەکسۆنییەکان دەڵێن کە ئەو کەسە خۆی بە پاسەکە نەگەیشت، و خۆی قاپەکەی شکاند، چونکە قاپ خۆی خۆی ناشکێنێت، و خۆی ئۆتۆمبێلەکەی دەعام پێ کرد، چونکە ئۆتۆمبێل خۆی بە تەنها دەعام ناکات، هەموو ئەم گوزارشتانە ڕەنگدانەوەی شێوازەکانی بیرکردنەوەیە لەلای ئەم دوو گەلە.

ئەم بۆچوونە پەرتانە گوزارشت لە کاریگەری ژیارەکان لەسەر بیرکردنەوە دەکات، واتە ئەو بیرکردنەوەیەی کە کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی بەسەر زماندا هەیە، بەڵام بیرکردنەوە کاریگەری بەسەر ئاکاری زمانەوانیدا هەیە، ئەویش لەدوو لایەنەوە کە بەگرنگترین ئاکارە زمانەوانییەکان هەژمار دەکرێن، کە لایەنی تێگەیشتنی زمان و لایەنی پلانی ئەو شتانەیە کە قسەکەرەکە دەیدرکێنێ.

*** ئەم وتارە لەم کتێبە وەرگیراوە:**

**د.موفق الحمداني ، اللغة و علم النفس(دراسة للجوانب النفسية للغة)،مطبعة مديرية دار الكتب للطباعة و النشر جامعة الموصل،بغداد،1982،ص185ـ201.**

# دایگلۆسیا لە زمانی کوردیدا

نووسینی: S. N. Bakir
Exeter University
وەرگێڕانی لە ئینگلیزی: ڕۆژگار جەلال
زانکۆی سلێمانی

**پوختەی باسەکە:**

ئەم باسە لە دایگلۆسیای زمانی کوردی دەکۆڵێتەوە بەتایبەت لە زاراوەی هەولێر دا کە تیایدا دایگلۆسیا لە شێوەکانی تر زیاتر شیمانی ڕوودانە. مەبەستی سەرەکی باسەکە لە چۆنیەتی نیشاندانی هەردوو جۆری دایگلۆسیا (تاك زمان و دوو زمان) لە زمانی کوردیدا خۆی دەبینێتەوە. لە گریمانی باسەکەدا هاتووە کە لەزاراوەی هەولێردا دایگلۆسیای تاك زمان زەمینەیەکی فراوانی لە قسەکردن و ئەدەبەکەیدا گرتووە.

**پێشەکی:**

دایگلۆسیا بریتی یە لە دۆخێکی نیمچە جێگری زمان کە دوو شێوەی جیاوازی زمان لە میانی گفتوگۆکردنی کۆمەڵایەتی دا دێنە کایەوە.ئەم زاراوەیە بە زۆری لە بواری کۆ–زمانەوانی دا بەکار دێت. ئەم دیاردە زمانەوانی یە بە دوو فۆرمی جیا دەبینرێت کە ئەمانیش هەر یەك لە دیاردەی زمانەوانی دەرونی و کۆ–زمانەوانی ین جا یا ئەوەتا ئاماژە بەو حالەتە دەکەن کە تیایدا دوو شێوەی زمانی سەر بەتاکە زمانێك بوونیان دەبێت یانیش دوو شێوەی جیاوازی سەر بە دوو زمانی سەر بەخۆ .

لە باسەکەدا تێروانینی فیرگەسۆن لەمەر دایگلۆسیا جەختی لەسەر کراوەتەوە لەبەر ئەوەی لە شێوە زاری هەولێردا دوو شێوەی جیاوازی زمان کە ئاماژەن بۆ شێوەی باڵای زمان و شێوە نزمەکەی لەپاڵ یەکتر دەبینرێن لە میانی گفتوگۆکردنە کۆمەڵایەتی یەکان دا (speech community).

**چەمکی دایگلۆسیا:**

دایگلۆسیا زاراوەیەکە لە کۆ–زمانەوانی دا بە کاردێت ئاماژە بە بوونی ڕەوشێکی زمانەوانی دەکات کە دوو جۆری جیاوازی زمان پێکەوە دەبینرێن و لە میانی گفتوگۆی کۆمەڵایەتی دا کە هەر جۆرێکیان بە بوارێکی جیاواز و کاری کۆمەڵایەتی دەبێت. (کریستال، 1991: 104)

هادسۆن (1993: 33–4) باس لەوە دەکات کە زاراوەی دایگلۆسیا لە چوارچێوەی کۆ–زمانەوانی ەوە بە نوسینی زمانی ئینگلیزی ئاشنا کرا . ئەو

هەوڵـە رابەریـەش چـارلز فێرگەسـۆن ئـەنجامی دا. فێرگەسـۆن ئـەو زاراوەی بـە مەبەستی وەسفکردنی ئەو دۆخانە بەکارهێنا کە لێرەو لەویٚ ئەوسا هەستیان پیٚ دەکرا. بـۆ نمونـە وەك لـە ولاٚتـانی عـەرەبی و قـسەپێکەرانی زمـانی ئـەلمانی لـە سویسراو دورگەی هـایتی دا. فێرگەسـۆن لـە رێگـای بلاوکردنـەوەی وتـارێکی لـە گۆڤارێکی جیهانی بەناوی پەیڤ (word) لە ساڵی 1959 دا ئەو بیرۆکەیەی بـە دنیای زمانەوانی ناساند ئەوەی شایەنی باسە پێش ئـەویش مـارکز (1930) لـە ساڵی سی یەکاندا وەسفی ئەم زاراوەی کردووە لە جیهانی عەرەبی دا.

ئەم دیاردەیە (دایگلۆسیا) لە کۆمەلگایەکدا هەستی پـیٚ دەکرێـت کـە دوو جـۆر لـە کـۆدی جیـاواز بوونیـان دەبێـت و بەمـەش دەبنـە هـۆی پیـشان دانـی جیاکەرەوە کاری یەکان. یەك لەم کۆدانە لە کۆمەلێکی نزیك لـە یـەك دا بونیـات دەنرێت و هەرچی ئەوی تریشە بە پێچەوانەوە لە کۆمەلێکی تەواو جیاواز لەیـەك دەردەکەویٚ.

**دایگلۆسیا و لینگوافرانکا:**

لینکوا فرانکا (زمانی هاوبەش) زاراوەیەکە لە کۆ-زمانەوانی بە کاردێت کە بریتی یە لە و زمانە یاریدەدەرەی یارمەتی رووداني گفتوگۆ و پەیوەندی کردنـدا دەدات لە نێوان ئەو کەسانەی کە خودانی یەك زمانی سەەکی و یـەکگرتوو نـین. کریستال (1991: 203)

لینگوا فرانکا بە پێچەوانەی دایگلۆسیا پەیوەستە بـە قـسەکەری رەسـەنی جیاوازەوە کە ئەمـەش سـەلمێنەری ئـەو راستیەن کـە ئـەم زاراوەیـە تـەنها لـەو کۆمەلگایانەدا بە کاردێت کە قسەکەری زمانی هەمـەرەنگن. ۆرد هـەگ (1990: 55) باس لەوە دەکات کە یونسکۆ بەم شێوەیە پێناسەی لینگوا فرانکا دەکات، زمانێکە بەردەوام بەکاردێت لەلایەن ئەو کەسانەی کە خاوەنی زمانی جیاوازن بۆ ئاسانکردنی ڕەوشی پەیوەندی کردن لە نێوانیاندا.

سامارین (1968: 661) ئەم زاراوەیەی بۆ چوار جۆر پۆلین کردووە

1- زمـانی بازرگـانی (بـۆ وێنـە،(هوسـا) لـە رۆژئـاوای ئـەفریقا و (سـواهلی) لـە رۆژهەلاٚتی ئەفریقا)

2- زمانی پەیوەندی (بۆ وێنە،زمانی یۆنانی لە کاتی خۆیدا)

3- زمانی نێودەولەتی (بۆ وێنە،ئینگلیزی کە پانتایەکی فراوانی گرتووە)

4- زمانی یاریدەدەر (بۆ وێنە،ئیسپرانتۆی بنەمای ئینگلیزی)

ئەوەی شایانی باسە لە دوای راپەرینەوە زمانی کوردی لـە نێـوان کەمایەتیـە نەتەوەییەکانی شاری هەولێر بە تایبەت لە ناو دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم دا بۆتـە زمـانی هاوبـەش. دەکـریٚ ئـەم دیـاردە زمانەوانیـە بـە ڕەوشـی ناچـاری

وەزیفی لە قەلەم بدەین. هەرچەندە لە ناو هەندێ لەو گروپە نەتەوەییانە دیاردەکە خۆ هێشتییە.

**دایگلۆسیا و کۆد گۆڕین:**

گۆرینی زمان لە میانی ڕەوشێکی قسەکردندا لە زمانێکەوە بۆ یەکی تر پیێ ی دەگوترێت کۆد گۆرین (گۆرینی زمان) هەروەها کۆد گۆرین لە نێوان دوو زاری زمانێکیش ڕوودەدات بەتایبەتی ئەگەر زمانەکە زارێکی زمانی پێخوێندن و رۆشنبیری و کارگێری بێت. کریستال (1991: 59) ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم رووە زمانەوانیەی کە شایەد حالی کۆد گۆرینن دەتوانرێت لەلایەن قسەکەری جووت زمانەوە ئەمانە پیشان بدرێت ئەمەش بەپشت بەستن بە هەریەك لە گوێگر و شوێنی روودانی گفتوگۆکە لە نێوان (شێوەی ستاندەر و هەرێمی) یاخود لە نێوان شێوازەکانی (ناوخۆیی و دەرەکی دا).

لەلایەکی ترەوە تروجیل (1974: 82) ئاماژە بەوە دەکات کە کۆد گۆرین لە نێوان دوو دیالێکتیشدا ئامادەگی هەیە، راستی ئەم مەسەلەیەش لە نێوان هەولێر و دهۆك دا دەبینرێت، بۆ نمونە کاتێك دهۆکیەك لە هەولێر دایە ناچارە بە سۆرانی قسە بکات لە کاتێکدا لە نێوان خۆیان دا بێ گومان بە (بادینی) دەدوێن وە بە هەمان شێوە بۆ هاولاتیەکی هەولێر لە دهۆکدا. لێرەدا هەرچ نەبێ ناوەندێکی لەیەك گەیشتن لەسەر ئاستی پەیڤەوە لە نێوان ئەو دوو شارە هەیە بەلأم لە نێوان دهۆك و سلێمانی یاخود دهۆك و کەرکوك ڕەوشەکە زۆر ئالۆزترە.

زۆر لە زانایانی کۆ-زمانەوانی پێناسەی کۆدیان لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسك دا کردووە و بەم پیێ یە لە مافی دروستی خۆی بۆ ناساندن بێ بەش کراوە. هەندێ جار پیێ یان وابووە کە دەتوانرێت لە رێگەی تێگەیشتنی دوولاینەوە دەتوانرێت پێناسە بۆ کۆد بکرێت بۆ نمونە لە رووی زمانی گروپێکی تایبەت یا زمانی پیشەگەرانەوە.

هادسۆن (2000: 475) لایەنگری ئەم جۆرە بەکارهێنانە دەکات بۆ ئەم زاراوەیە بە گوتنی ئەو کەسانەی کە پسپۆریەك فێردەبن لە رێگەی زمانی بێگانەوە زۆر جاران وایان لا چاکە کە لە زمانی دایکەوە دەربچن بۆ زمانی پسپۆریەکەیان لە هەندێ باری پێویستدا لە کاتی قسەکردن. لەناو توێژی رۆشنبیران و دکتۆرەکان ئەم دیاردەیە هەستی پیێ دەکرێت.

ۆردهەگ (2000: 102- 3) دوو جۆر لە کۆد گۆرین دەست نیشان دەکات ئەمانیش کۆدی دۆخی (حالەتی) و کۆدی میتافۆریکین (مەجازی). کۆد گۆرینی دۆخیی لەم ساتانەدا هەستی پیێ دەکرێت کاتێك گۆڕان لە زمانەکان روو دەدات

به پشت بەستن بەو حالەتانەی کە قسەکەران تیایاندا خۆیان دەدۆزنەوە، لە حالەتێکدا بە زمانێك دەدوێن و لە یەکی تر بە زمانێکی جیاواز بە بێ گۆڕانکاری لە بابەتی گفتگۆکە.

بە مەزەندە زۆربەی دانیشتوانی کوردی شاری بەغدا لە دەزگا حکومیەکان بە عەرەبی دەدوێن کەچی کە لەماڵەوەن یان لەناو یەکترن بە کوردی دەدوێن. هەرچی کۆدی مێتافۆریکی بە شێوەیەکی ترە، کاتێك گۆڕان لە بابەت پێویست بە گۆڕان لە زمانەکەش دا دەکات ئەمەیان پێ ی دەڵێن کۆدی مێتافۆریکی. بە واتایەکی تر، لە کۆدی مێتافۆریکیدا بابەت و زمان هەردووك دەگۆڕێن.

وێرای ئەم دووە، هادسۆن (2000: 56–7) جۆرێکی تری لە کۆد داهێنا بەڵام ئەمەیان جیاوازترە لەوانی تر بەوەی کە جێ ی سەرنجی زۆر لایەنە ئەویش بریتی یە لە کۆد گۆرین لە میانی یەك ڕستەدا لەلایەن قسەکەرەوە.

جۆن گەمپەرز ناوی لەم جۆرە کۆدە نا کۆد گۆرینی گفتوگۆیی (conversational) بۆ ئەوەی لە جۆرەکانی تر جودایان بکاتەوە.

**شێوەکانی دایگلۆسیا:**

فێرگەسۆن (1959: 436) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە هەر بارێکی گفتوگۆی کۆمەڵی دایگلۆسیا دا دوو شێوەی زمان بوونی دەبێت کە هەریەکەیان خاوەنی بواری تایبەتی خۆیانن، بەڕای فێرگەسۆن لە هەر بارێکی دایگلۆسیا دا دوو شێوەی زمان هەن کە ناسراون بە شێوەی باڵای زمان و شێوەی لاوەکی زمان ، لە بنچینەدا پەیوەندی بە تێنیان هەیە لەگەڵ یەك و پێکەوە بەستراون بەڵام هەریەکەیان خەسلەت و سیفاتی جیاوازیان هەیە کە لەمانەی خوارەوە دا دەبینرێن:

1– زۆربەی زمانە دایگلۆسیاکان لە تێکستە فەرمیەکاندا بە شێوەی باڵای زمان دا دەبینرێن، بەڵام هەرچی تێکستە ناوخۆیی وماڵیەکانە بە شێوەی لاوەکی زمان دەبێت، بۆ نمونە بڕیارەکانی پەرلەمان لە شێوەی باڵای زمان دان. دایەلۆگی نێوان ئەندامەکانی خێزانێك لە شێوەی نزم دەبینرێت.

2– بە گشتی ئەدەب لە شێوەی باڵای زمان دایە و بە شێوەی لاوەکی دا نایەت جگە لە هەندێ بابەتی شیعری و پروپاگەندەو ژانرە سنورداریەکانی تر نەبێ. ئەم خەسلەتە لە ئەدەبی کوردی رەنگی داوەتەوە بە تایبەت لە دیالێکتی هەولێری و فیلمە کارتۆنیەکان. لە هەولێر، حەیران و لاوك و بەستە بە زمانی نزم دەچرێن نەك زمانی باڵا.

3– شێوەی باڵای زمان پێویستە لە پرۆسەی پەروەردەدا بگوترێتەوە لەبەرئەوەی ئەم شێوەیە تەنها لە بوارەکانی پەروەردەو خوێندن دا بەدەست

دێت بەلاّم ئەم شێوەیەی زمان بە زمانی دایك دانانرێت بەلكو زمانی دایك بریتی دەبێت لە شێوە لاوەكی یەكەی. (تروجل 1974: 117 و جۆنسۆن 1999: 97 )

ئەو زمانەی كە قوتابیان فێری دەبن لە قوتابخانەكاندا شێوە بالأكەی زمانە كە زۆر جاریش بە زمانی كتێب و پرۆسەی خوێندن ناو دەبرێت. بەلاّم ئەو زمانەی لە كۆلأن فێری دەبن شێوە نزمەكەی هەمان زمانە.

4- شێوەی بالأی زمان شێوەیەكی ستاندەری زمانە كە ئەویش هەریەك لە زمانی فەرهەنگ و رێزمان لە خۆ دەگرێت (تروجل هەمان سەرچاوە) ، هەرچی زمانی رۆژانە و زمانی نێوان هاورێیانە شێوەی نزمەكەی زمانە.

5- لە خەسلەتە سەیرەكانی دایگلۆسیا بەكارهێنانی دوو زارەوەیە بۆ یەك شت لە یەك كاتدا كە یەكیان لە شێوەی بالأ و ئەوی تر لە شێوەی لاوەكی دایە، بۆ نمونە (نەینۆك و ئاوێنە) دوو زاراوەن كە بۆ یەك شت بەكاردێن یەكەمیان لە شێوەی نزم و ئەوی تر لە شێوەی بالأ دایە. وشە سێكسیەكان ئەو وشانەن ئەو خەسلەتەیان هەیە.

6- بە گشتی دایگلۆسیا لە بارێكی جێگیر دایە تەنها ئەو ساتانە نەبێت كە زەمینە بۆ شێوەی لاوەكی لەبارە بۆ جێ گرتنەوەوی شێوەی بالأ ئەمەش لەم كاتەدا دەبێت كە شێوەی بالأ بەشێكە لە زمانی دایك و لەلایەن كەسانی خاوەن دەسەلات و دیارەوە قسەی پێ دەكرێت . ئەم دیاردەیە لە شێوەزاری كرمانجی ناوەند هەستی پێ دەكرێت.

خەلكی هەولێر و كەركوك كەوتبوونە ژێر كاریگەری شێوە زاری سلێمانی بە حوكمی ئەوەی میرنیشینی بابان لەو سەردەمەدا فەرمانرەوایی كردووە بۆیە زمانەكەشیان هەژمورنی پەیدا كردووە و بۆتە زمانی سەرەكی ئەم هەرێمە.لەم وێستگەوە بۆمان روون دەبێتەوە كە شێوەی بالأی زمان پلەدارو جێ ی بایەخ ترە وەك لەوەی شێوەكەی تری زمان هەیەتی سەرباری ئەمەش شێوەی بالأ رووەكی پۆزەتیڤ و جوانی هەیە بە پێچەوانەی شێوەی لاوەكی زمانەكەوە.

لە رووی زمانەوانیەوە لێك نەچوونێكی زۆر هەیە لە نێوان هەردوو جۆرەكەدا لەوانە جیاوازی وشە زاراوەكانن، زۆر لەم وشانە هێمان بۆ تەنێك یاخود چەمكێكی یەكگرتوو كە لە رووی ماناشەوە هەر یەك شت دەگەینێ بەلاّم هەروەك تروجل (1974: 119) ئاماژەی بۆ دەكات لە كاتی بەكارهێنانیان دا دەست بە جێ لە نێوان دوو شێوەكەی زماندا جیاوازیمان بۆ دەكەن وەك لەمانی خوارەوەدا بە دیار دەكەوێت.

**شێوەی بالأ** **شێوەی لاوەكی**

| | |
|---|---|
| **دۆزییەوە** | **دیتیەوە** |
| **ئێوە** | **ئەنگۆ** |
| **دەڵێ** | **دەرێ** |
| **مانگا** | **چێر** |
| **سوپاس** | **مەمنون** |

هەندێ جار جیاوازییەکان لە رووی رێزمانیشەوە بوونیان دەبێت لە رووی فرمان و پاشگری ناوەکانەوە:

| | |
|---|---|
| **شێوە باڵا** | **شێوەی لاوەکی** |
| **نەوزاد دەچێتە ماڵەوە** | **نەوزاد دەچتەوە مارێ** |
| **شیرین چویتە دەرەوە** | **شیرین چویتە دەرێ** |

بەهەمان شێوە جیاوازەکان لە رووی فۆنۆلۆژیەوەش ئەنجامیان دەبێت وەك:

| | |
|---|---|
| **شێوەی باڵا** | **شێوەی لاوەکی** |
| **کێ /ك/** | **کێ ، وەك /tʃ/ی ئینگلیزی** |
| **گوێ /گ/** | **گێ، وەك /dʒ/ ئینگلیزی** |
| **ماڵ** | **مار** |
| **مانگا** | **چێر** |
| **چەکوش** | **چەکوچ** |
| **شانە** | **شە** |
| **ئەوە** | **ئەوێ هێ** |

لەبەرئەوەی زمانێکی ستاندەری یەکگرتووی کوردی لە گورێ دا نی یە پەیوەندی کۆ–زمانەوانی‌ی نێوان هەردوو شێوەکە (باڵا و نزم) شلۆقە، واتە لە کوردستانی باشوردا شێوەکان بە گوێرەی ناوچەو هەرێمەکاندا دەگورێن و بە شێوەیەکی جێگیر نامێنێتەوە .

**جۆرەکانی دایگلۆسیا:**

دوو بیروڕای جیاواز لەبارەی دایگلۆسیا دا هەیە کە بێ گومان ئەمەش لە هەر بارێکی دایگلۆسیادا بوونی هەیە و هەستی پێ دەکرێت، بیروڕای یەکەم دەڵێت هەردوو شێوەکەی زمان لە بنچینەوە پێکەوە بەستراون ئەمەش تەواوکەری ئەم خاڵەیە کە دەڵێت دایگلۆسیا بارێکی تاك زمانیە (monolingual)، بیروڕای دووەم لەلایەن هەندێ لە زانایانی سۆسیۆلینگویستکس دەربراوە کە دەڵێن چەمکی دایگلۆسیا مانایە بۆ وەسف کردنی حاڵەتە فرە زمانیەکان کە تیایاندا هەردوو شێوەکی زمان بە شێوەی

سەربەخۆ و تەواو جیاواز لە یەکتر دەردەکەون. روون کردنەوەی زیاتر لەم بەشە دایە

**تێروانینی تاك زمانی لەمەر دایگلۆسیادا:**

فێرگەسۆن (1959: 435) وا باس لە دایگلۆسیا دا دەکات: " دایگلۆسیا دۆخێکی نیمچە جێگیری زمانە سەرەڕای لە خۆگرتنی دیالێکتی ستاندەر و هەرێمیی شێوەیەکی تری هەمەرەنگ و ئالۆز لە پاڵیدا دەبینرێت".

پێناسەکەی فێرگەسۆن لەگەڵ دوو شێوەکەی زمان لە رووی مێژوویی و پێکهاتەیانەوە خاوەن رۆڵی تایبەتی خۆیانن لە حاڵەتەکاندا (تروجل 1974: 117). بە گوێرەی ئەم پێناسەیە هەر زمانێك لە باری دایگلۆسیا دا دوو شێوەی هەیە، یەکیان ئەوەیە کە بە باڵا ناسراوە بە شێوەیەکی راست و دروست هەژمار دەکرێت ئەوی تر شێوەی لاوەکی یە کە بە شێوەیەکی لاواز و نەشیاو دادەنرێت. لەبەر ئەوەی شێوەی باڵا زمانی قسەکردنی دایك (mother tongue) نی یە بە زمانێکی پاك وپوخت دادەنرێت لەبەرامبەر ئەوەشدا شێوەی لاوەکی بە زمانێکی یاخی یا هەلچوو لە زمانی سەرەکی یەوە دادەنرێت.

شێوەی باڵا لە ناو دام و دەزگا دروست دەبێت و لایەنی رۆناکبیری و شارستانیی زمانەکەو کۆمەڵە زمانەوانیەکە نیشان دەدات. هەرچی شێوەی نزمە ئەوە دایك و خێزان و کۆمەڵگا دروستی دەکات و گوزارشت لە کلتوری کلاسیکی و هاکەزایی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگا دەکات بەتایبەتی لەشاری هەولێر.

تێروانینی تاك زمانی بۆ دایگلۆسیا جەخت لەسەر یەك زمان دەکاتەوە کە تیایدا هەردوو شێوەکەی زمان دەگەرێنەوە بۆ ئەسلی ئەم زمانە. جۆنسۆن (2003: 97) دەرك بەوە دەکات کە تێروانینی فێرگەسۆن ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی دوو شێوەی جیاوازی سەر بە یەك زمان لەلایەن هەمان قسەکەرەوە بە بوونی چوارچێوەیەکی کۆمەلایەتی بریار لەسەردراوی جیاواز. بۆ وێنە، لە هەولێردا زمانی دەزگاکان و نوسراوە فەرمیەکان بە زمانی (ستاندەر)ە هەرچی کاری رۆژانەو فیلم کارتۆنی و کاری رێکلامی بە زمانی یا زاری هەولێرین. لە پاڵ ئەمانەشدا حەیران و لاوك و ژانرە ئەدەبیەکانی تر بە زمانی لاوەکی نوسراو و گوتراون بەلأم لە کاتی رەخنەگرتن و لێدوان دان لەسەریان بە زمانی باڵا بووە. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەردوو شێوەکە سەر بە یەك زمانن و خاوەن یەك قسەکەرن بەلأم چوارچێوەیان جودایە.

**جیاوازییەکان لەمانەدا دەردەکەوێت:**

**1**– تۆزەك قـەلبیَ مـن تێكـچووە نـارە نـارەك و نركـە نركـەك لـە سـنگیَ مـن دەرپەریـە (شـەریف 1978: 11) نەختــەك پەرێـشانم نالــە نالەیــەك و نركـە نركەیەك لە سینەمەوە دیَ.
2–ئەتو وەرە دابەزە برەك داوەتیَ بكە دەگەرمە لە بـۆ كـەیفیَ دریبـە. (هـەمان سەرچاوە)
تۆ وەرە نەختێك دابەزە لەگەلمان هەلپەرە با تاوێك دلّ ئاسودە بێت.
لە حەیرانەكانی دەشتی هەولێریشدا ئەم شێوە زمانە بلاّوە وەك:
3–نازانم ئەو سارەكە بواریَ یارە گچكەلانەكەی خۆم نە بیكەمە داكی لانكیَ نـە بكەمە كابانی ماریَ.(دەشتەكی 1998: 222).
نازانم بەهاری ئەم سـالّ یـارە بـچكۆلانەكەم بكەمـە دایكـی بـەر لانـك یـاخود بیكەمە كابانی مالّەوە؟
هەروەها داستانەكانیش بێبـەش نـین لـە نوسـین بـە شـێوەی لاوەكـی زمـان (هەولێری) كە بە زەقی جیاوازی نیشان دەدات لەگەلّ زمانی (ستاندەر)دا:
4– كیژ دەریَ دەستی منو بە دامێنیَ با لـە بـۆم بـرێن بـەوان حـەكیمان شـتاقە دەستانی مەكەنیَ لە بۆ خۆم مەلحەمەكی بۆ دەگرمەوە. (رەسول 1978: 52)
كچ دەلّیَ، دەستم دامەنتان بەو حەكیمانـەی لـەویَ بلـێن دەسـت لـە برینـی یارەكەم مەدەن من هەر بۆ خۆم مەرهەمـەكی بـۆ دەگرمـەوە سـارێژی زامـەكانی دەكەم.
بە هەمان شێوە فۆلكلۆرو گۆرانی كوردی بەم شێوە زمانە دەبینرێت:
5– ئەگەر دەتەویَ لە سار ئاگابی، دەبیَ لە ئاسمان گەلەك وریا بی، ئەو دەمەی دەرێن پایز نامینیَ بنۆرە لە كیَ خۆر سەر هەردێنیَ. (رەسول 2005: 5)
ئەگەر دەتەویَ لە سالّ بگەی دەبێت زۆر لە ئاسمان وریا بیـت ، ئـەو كاتـەی دەلّێن پایز نامێنیَ بنوارە لە كویَ رۆژ سەر هەلدێنیَ.
لـەم جیاوازییـە وشـەییانەدا دەردەكـەوێت كـە منـدالانی كـورد رووبـەرووی گرفت دەبنەوە لەو ساتەی كە لە بواری خوێندن و پەروەردەدا پێویـست دەكـات فێری زمانی ستاندەر بـن، لـە فێربـوونی ئـەم شـێوە زمانیـەش قوتابیـان توشـی گەلێك ماندوو بوون و جۆرێك لە سـەر لێـشێواوی دەبـن چـونكە قـسەكردنیان لـە دەرەوەی قوتابخانەیان بە زمانی دایكە (نزم) لە قوتابخانەشدا بە زمـانی بالاّیـە. ئەمەش بیَ گومان وا دەكات قوتابیـان بـەردەوام ئاگـاداربن لـە هـەردوو شـێوەی زمانەكەو حالّەتی بەكارهێنانی هەر یەكەیان.

**تێڕوانینی جووت زمانی (bilingual) لەمەر دایگلۆسیا:**

فیشەرمان (1978 ، 1971) بازنەی دایگلۆسیا فراوان دەکات بۆ لەخۆ گرتنی جووت (دوو) زمانی سەربەخۆ. (جۆنسۆن 2000: 97). فیشەرمان دووبارە پێداچوونەوە لەسەر تێروانینی فێرگەسۆن دەکات لەمەر تاك زمانی دایگلۆسیا و دەیگۆرێت بۆ جووت (دوو) زمانی دایگلۆسیا کە بەم شێوەیە باسی لێوە دەکات: شێوەی زمانی لاوەکی زەمینە بۆ شێوەی بالاّ خۆش دەکات بۆ ئەوەی رۆڵی خۆی تارادەیەك لە هەموو حالەتە کۆمەڵی یە دوو زمانیەکاندا بگێرێت واتە ئەم زمانە دەسەلاتێکی بەرزی لەم بارانەدا دەبێت کە تیایدا زمانی سیاسەت و ئابوری بە فراوانی دەبینرێن. ئەم تێروانینە کاریگەری خۆی لەسەر تێروانینی فێرگەسۆن سەپاند بەو رادەیەی کە توانی ریشە کێشی بکات ، فیشەرمان پیَ ی وایە دوو جۆری جیاواز لە زمان بوونیان هەیە کە هەریەکەیان رۆڵی زمانی بالاّ و زمانی لاوەکی دا دەنوێنن ، زمانی بالاّ لەلایەن پۆڵی دەسەلات دارانەوە قسەی پیَ دەکرێت کەچی ئەوی تر لەلایەن کەسانی سادەو لاواز لە دەسەلات. فیشەرمان دوو جۆر لە جووت (دوو) زمانی هێنایە کایەوە کە ئەمانەن:

1- جووت (دوو) زمانی تاکی کە بە دیاردەی زمانەوانی دەروونیەوە وەسف دەکرێت. کریستال (1991: 37-8) و جۆنسۆن (1999: 30-1) باوەریان وایە کە لە بیری هەر تاکە کەسێك دا دوو جۆر زمان بوونیان هەیە کە تاکەکەس دەتوانێت بە یەکسانی فێریان ببێت و کۆنترۆلیان بکات.

2- جووت زمانی کۆ-زمانەوانیی، ئەم جۆرەیە کە لە کۆمەڵگادا بلاّوە و بوونی هەیە بەلاّم مەرج نی یە هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە خاوەن جووت زمان بن.

دیاردەی زمانەوانی دەروونیی زیاتر بلاوە وەك لەوەی دووەمیان بەتایبەت لە نێو کۆمەڵی کوردی دا وەك ئەوەی لە دانیشتوانی کوردی بەغدا دا دەبینرێت ، تاکی کوردی هەر لە منداڵییەوە فێری زمانی دایك دەبێت و لە دەرەوەش بەرەبەر فێری زمانی دووەم دەبێت بەم شێوەیە هەردوو زمانەکە بە جوانی فێر دەبێت بیَ ئەوەی توشی هیچ گرفتێك ببێتەوە. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کە تاکی ئەم ناوچەیە کەسانی خاوەن جووت زمانن. بە پێچەوانەوە لە شاری کەرکوکدا ژمارەی ئەو کەسانەی کە جووت زمانن زۆر کەمترە ئەمەش بە هۆی ئەم دەرفەتە کەمەی کەپیَ یان دراوە لەمەر قسە پیَ کردنیان لە دام و دەزگا حکومی و قوتابخانەکاندا، لێرەدا چانسی فێربوون و قسە پیَ کردنی زمانی کوردی بە شێوەیەکی گشتی زۆر کەمەو تاکی کوردی بەزەحمەت فێری دوو زمان دەبێت بە شێوەیەك بتوانێت وەك و یەك کۆنترۆلیان بکات.

**دەرئەنجام:**

1- دایگلۆسیا لە زمانی کوردی بە گشتی و بە تایبەت لە دیالێکتی هەولێردا بوونی هەیە.
2- تێروانینی فێرگەسۆن لەمەر دایگلۆسیا لە دیالێکتی هەولێردا رەنگی داوەتەوە.
3- بە نزیکەیی هەموو دانیشتوانی دەشتی هەولێر بە زمانی لاوەکی دەدوێن لە کاتی کاری رۆژانەیاندا بەڵام منداڵەکانیان زمانی باڵا لە قوتابخانە فێر دەبن.
4- زمانی باڵا گرنگترو جێ بایەخ ترە لەبەر ئەوەی زمانی دەزگا فەرمی و رۆژنامەو گۆڤارو هەواڵ و روناکبیرانە.
5- لاوك وحەیران و گۆرانی لە دیالێکتی هەولێردا رەنگی داوەتەوە کە بە زمانی نزم نوسراون و گواتراون.
6- دایگلۆسیای جووت زمانی لە کەرکوك و بەغدادا بوونی هەیە بەتایبەت لەلایەن کوردنشینەکانەوە.

**سەرچاوەی وەرگێران:**

Bakir, S.N. (2008), **Eight Kurdish Studies**. Erbil: Nawa print press. pp. 85-101.

**سەرچاوەکان:**

Crystal, D. 1991. **A Dictionary of linguistics and Phonetics**, 3rd edition. Oxford: Blackwell publishers inc.

Dashataki, A. 1998. **Epics and Ballads in Kurdish Folklore**. Hawler.

Hudson, G. 2000. **Essential Introductory Linguistics**. oxford: Blackwell publishers inc.

Hudson, R. A. 1980. **Sociolinguistics.** Cambridge: Cambridge University Press.

Johnson, K. and Johnson, H. 1999. **Encyclopedic Dictionary of applied linguistics**. Oxford: Blackwell publishers inc.

Rasul, I. M. 1979. **Lekolinaway Adabi Folklory Kurdi.** "A study in the Kurdish Folkloric Literature", Sulaimania : Sulaimania University press.

Rasul, SH. 2005.

Sharif, M. K. 1978. **Suwarchaki la lawki Kurdawari**. Baghdad: Aasad presses.

Trudgill, P. 1974. **Sociolinguistics: An Introduction Harmonds Worth,** Middx*: penguin.*

*Wardhaugh, R. 1986.* **An Introduction to Sociolinguistics,** *oxford: Basic Blackwell publishers.*

# فەرهەنگی زمانناسی

# بیبلۆگرافیای فەرهەنگی کوردی

# 1787 – 2006

# نووسەران

د. شوان سلێمان یابە
زانكۆی سەلاحەدین

( ئـ)

**ئازاد وەڵەدبەگی**

– فەرهەنگی ڕامیاری نیگا (ئینگلیزی – کوردی)،(وەرگێڕان) ، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، 2005، 420ل.

**ئاوات عەبدوڵڵا**

– فەرهەنگی فیمۆگرافیك (ئینگلیزی ـ کوردی)، یون کارتبێرگ، (و/ لە عەرەبییەوە)، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2004، 116ل.

**ئاكۆ فاتیح**

ـ فەرهەنگی گیرفانی ئاسان (عەرەبی ـ کوردی)، چ2، (ب،ش)، (ب،چ)، 2004، 522ل.

**ئەبوبەکر کاروانی**

ـ فەرهەنگی کاروانی هاوچەرخ (فارسی ـ کوردی)، چ1، سلێمانی: چاپخانەی تیشك، 1992، 303ل.

ـ فەرهەنگی کاروانی هاوچەرخ (فارسی ـ کوردی)، چ2، سلێمانی: چاپخانەی تیشك، 2000، 303ل.

ـ فەرهەنگی کاروانی هاوچەرخ (فارسی ـ کوردی)، چ3، سلێمانی: چاپخانەی تیشك، 2003، 303ل.

**ئەحمەد بەحری**

ـ فەرهەنگی باڵندە، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2001، 352ل.

**ئەحمەد عەبدوڵلا خدر**

ـ خەرمانەی یاسا + کۆمەڵە زاراوەیەکی عەرەبی ـ کوردییە ـ چ2، هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، 1999، 223ل.

ـ فەرهەنگی یاسا پارێزی (عەرەبی ـ کوردی)، چ3، بژارکرا و پتر کراو، ئەحمەد عەبدوڵلا خدر، هەولێر: لە بلاوکراوەکانی گۆڤاری یاسا پارێزی، 2003، 224ل.

**ئەحمەدی خانی**

ـ نوبهارا بچوکان (عەرەبی ـ کوردی)، بەغدا: مطبعة الرشید، 1990، 64ل.

**ئەدمۆنس**

– فەرهەنگی کوردی ـ ئینگلیزی، تۆفیق وەهبی ـ ئەدمۆنس چ2، لەندەن: (ب،چ)، 1971، 183ل.

– فەرهەنگی کوردی ـ ئینگلیزی، تۆفیق وەهبی ـ ئەدمۆنس چ2، لەندەن: (ب،چ)، 1971، 183ل.

**ئەکرەم قەرەداغی**

ـ فەرهەنگی بایۆلۆژی بۆ ماوەی خانە، (ئینگلیزی ـ عەرەبی ـ کوردی)، (ـ عەرەبی کوردی ـ ئینگلیزی)، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،2002، 149+154ل. ( زنجیرەی گۆڤاری زانستی سەردەم: 4).

**امیر انیس**

ـ فرهنگ لغت سەزبانە (ئاسۆ) کردی ـ فارس ـ انگلیسی، (ترجم و تألیف) امیر انیس، مازندران: چاپ شهر أول، 1381(2002)، 516+56ل.

**ئەمینی ئەڤداڵ**

ـ خەبەرناما کوردییا، ڕەوان: (ب، چ)، 1958، 214ل.
ـ خەبەرناما ژ فڵەیی ـ کرمانجی، ئەمینی ئەڤداڵ، حاجی جندی، ج ـ گینجو ڕەوان: (ب ،چ)، 1933، 330ل.

**ئەنوەر محەمەد تاهیر**

ـ فەرهەنگا مامۆستای بۆ قۆناغا سەرەتایی ( کوردی– عەرەبی)، دانانا عەبدولستار فەتاح حەسەن و ئەنوەر محەمەد تاهیر، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2000، 632ل.

– فەرهەنگا فەرمانبەرا(عەرەبی–کوردی)، عەبدولستار فەتاح حەسەن و ئەنوەر محەمەد تاهیر، تەهران: نەشری ئیحسان، 2007، 221ل، ( لە بلاوکراوەکانی پەرتوکخانەی جزیری).

**ئەوڕەحمانی حاجی مارف**

ـ فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی(کوردی ـ عەرەبی ـ ئینگلیزی) لەگەڵ دوو پاشکۆ، سلێمانی: (ب،چ)،2004، 485+60ل.

**ئەیتوڵلا مەردۆخی**

ـ فەرهەنگی مەردۆخ، تاران: (ب.چ)، 1981، 1441ل.
ـ فەرهەنگی مەردۆخ، ب1، تاران: چاپخانەی دانش، 1954، 881ل.
ـ فەرهەنگی مەردۆخ، ب2، تاران: چاپخانەی ئەرتەش، 1954، 694ل.

**ئۆمار و ئیج**

ـ فەرهەنگا عروسا ـ کرمانجی، ئۆمار و ئیج، فادیزوف ئیڤان ،مۆسکۆ: (ب،چ)، 1957، 782ل.

**ئۆگسەست ژابا**

ـ فەرهەنگی کوردی ـ فەرەنسی، پەترۆسبۆرگ: (ب،چ)، 1879، 463ل.

**ئیبراهیم حەمە ڕەش**

–فەرهەنگی کۆمپیوتەر (ئینگلیزی ـ کوردی)، پێداچوونەوەی ئازاد حەمە شەریف، هەولێر: چاپخانەی ماردین، 1999، 122ل.

**ئیسماعیل سەلام ئەسعەد**

– فەرهەنگی سپی ( کوردی– ئینگلیزی)، سلێمانی: چاپخانەی دیلان،2005،298ل،( لە بلاوکراوەکانی سەنتەری هەتاو، ز:7)

**ئیحسان جاف**

ـ فەرهەنگی جاف (ئینگلیزی ـ کوردی)، چ1، 2002، 654ل.
ــ فەرهــەنگی جــاف (ئینگلیــزی ـ کــوردی)، چ2، ( ب.ش)(ب.چ)، 2003، 654ل.
ــ فەرهــەنگی جــاف (ئینگلیــزی ـ کــوردی)، چ3، ( ب.ش)(ب.چ)، 2003، 654ل.
ـ فەرهەنگی جاف (ئینگلیزی ـ کوردی)، چ4، ( ب.ش)(ب.چ)، 2003،654ل.ـ فەرهەنگی جاف (ئینگلیزی ـ کوردی)، چ5، ب.ش)(ب.چ)، 2003 654ل.
ـ فەرهەنگی جاف (ئینگلیزی ـ کوردی)، چ6، ،(ب.ش)(ب.چ)، 2004، 654ل.
– فەرهەنگی جاف( تورکی– کوردی)،( ب.ش)(ب.چ)، 2003، 644ل.

**ئیحسان فوئاد (د)**

– فەرهەنگی قوتابی ( ئینگلیزی– کوردی)،د. ئیحسان فوئاد، جەمال عەبدول، عەبدوللا شالی، محەمەدئـەمین غـەفور هـەورەمانی، بەغـدا: چـاپخانەی دار افـاق العربیة، 1985، 272ل.

**ئێ. ئی. میترۆخینە**

– فەرهەنگێکی قوتابخانەیی (روسی ـ کوردی) مۆسکۆ: 1977،ل.

**ئێرنێست مەکاریۆس**

ـ فەرهــەنگی ( کــوردی ـ ئینگلــسی) بــە دیــالێکتی سـلێمانی، ئانـاربۆر: زانکـۆی مەشیگان، 1967، 194ل.

(ب)

**باران ڕزگار**

ـ فەرهەنگا کوردی ـ ئینگلیزی، ئینگلیزی ـ کـوردی، لەنـدەن: (ب.چ)، 1993، 400ل.

**بەختیار سەجادی**

ــ فەرهــەنگی زاراوەی ئـەدەبی (کـوردی ـ ئینگلیـزی)، (ئینگلیـزی ـ کـوردی)، بەختیار سـەجادی، محەمـەد مـەحموودی، سـلێمانی: دەزگـای چـاپ و پـەخـشی سەردەم، 2002، 123+98ل.

**بەدران ئەحمەد حەبیب**

ـ فەرهەنگی زاراوە، زاراوەگەلی ڕاگەیانـدن و گـارکێری و قوتابخانـەیی عـەرەبی ـ کوردی، هەولێر: لە بلاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، 2002، 142ل.

- فەرهەنگی زاراوەگەلی ڕاگەیاندن (ئینگلیزی - کوردی - عەرەبی)، هەولێر: لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، 2005، 165ل.

**بەهرۆز حەسەن**

– فەرهەنگی سۆفیا ، ئۆتمە بیوهمە، (و/ لە سویدییەوە) ، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم، 2003، 253ل( کتێبی گیرفان، ز: 40).

**برهان قانع**

- زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ، بەغدا: چاپخانەی الحوادث، 1984، 199ل.

– فەرهەنگی نوێ ،چ3،و/ لە فارسییەوە برهان قانع، سلێمانی: چاپخانەی قانیع، 2005، 193ل.

( پ)

**پرشنگ حەمە ئەمین ئەحمەد**

– فەرهەنگی یاد (ئینگلیزی - عەرەبی - کوردی)، چ2، سلێمانی: 2003، 877ل.

(ت)

**تالیب حوسێن عەلی (د)**

- فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی (ئینگلیزی - عەرەبی - کوردی)، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2005، 278ل.

**تاها فەیزی زادە**

- فەرهەنگی وشە دووانەکانی زمانی کوردی، ارومیە: مرکز فرهنگ و ادبیات کردی، 1363 (1984)، 223ل.

**تاهیر سادق**

- فەرهەنگی تاهیر سادق - فەرهەنگی هاوواتاکانی کوردی (کوردی - کوردی - عەرەبی )، سلێمانی: (ب.چ)، 1998، 446ل.

**تۆفیق وەهبی**

- فەرهەنگی کوردی - ئینگلیزی، تۆفیق وەهبی - ئەدمۆنس چ2، لەندەن: (ب،چ)، 1971، 183ل.

– فەرهەنگی کوردی - ئینگلیزی، تۆفیق وەهبی و سی. ئەدمۆنس لەندەن: (ب.چ)، 1966، 179ل.

(ج)

**ج ـ گینجو**

ـ خەبەرناما ژ فلەیی ـ کرمانجی، ئـەمینی ئەڤدالێ، حـاجی جنـدی، ج ـ گینجـو، ڕەوان: (ب ،چ)، 1933، 330ل.

**جەمال عەبدول**

ـ زێـوار ـ دەسـتە فەرهـەنگێکی زانـستی یـە، هەنـدێك زانـستە زاراوەی کیمیـا و زینــدەوەرزانی و بیرکـاری و فیزیـای پێویـستی قۆنـاغی زانکـۆی گرتۆتــە خـۆی (ئینگلیـزی ـ عـەرەبی ـ کـوردی)، هـەولێر: چـاپخانەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، 1995، 336ل.

– فەرهەنگی قوتابی ( ئینگلیزی– کوردی)،د. ئیحسان فوئاد، جـەمال عەبـدول، عەبدوللا شالی، محەمەدئـەمین غـەفور هـەورەمانی، بەغـدا: چـاپخانەی دار افـاق العربیة، 1985، 272ل.

ـ ئینـسکلۆپیدیای کیمیـا، ب1، (ئینگلیـزی ـ عـەرەبی ـ کـوردی)، سـلێمانی: چاپخانەی ڕوون، 1999، 410ل.

ـ شەوکار ـ فەرهەنگێکی تایبەمەندی کیمیایـە (ئینگلیـزی ـ عـەرەبی ـ کـوردی)، (15000) زاراوەی کیمیای گرتۆتە خۆی، سلێمانی: (ب،چ)1998، ل.

ـ فەرهـەنگی کیمیـا ـ سـووکە ڕونکردنـەوە و لێکدانەوەیـەکی نزیکـەی 1750 زانـستە زاراوەی پێویـستی کیمیـای گـشتییە (ئینگلیـزی ـ عـەرەبی ـ کـوردی)، سلێمانی: چاپخانەی ئۆفسێتی بێسارانی، 1988، 389ل.

ـ فەرهـەنگی کیمیـای شـیکاری (ئینگلیـزی ـ عـەرەبی ـ کـوردی) ،(عـەرەبی ـ ئینگلیزی ـ کوردی)، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم، 2002، 201+209ل.

ـ ئینـسایکلۆبیدیای کیمیـا، ب2، داسـتانی کانزاکـان، سـلێمانی: چـاپخانەی قەشەنگ، 2001، 367ل.

– فەرهــەنگی ڕاگەیانــدن(ئینگلیــزی– کــوردی– عــەرەبی)، جــەمال عەبــدول، سـلێمانی: چـاپخانەی شـڤان، 2007، 842ل، ( لـە زنجـیرە بڵاوکراوەکـانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
، ز: 14).

**جەمال نەبەز**

ـ هەندێك زاراوەی زانستی (کوردی ـ عـەرەبی)، سـلێمانی: چاپخانەی کامـەران، 1960، 17ل.

**جەمیل سەید مەحمەد**
– فەرهەنگی ئاماژە ( کوردی– عەرەبی– فارسی– ئینگلیزی)، سلێمانی: چاپخانەی چوار چرا،2006، 159ل.
**جەلال حوسێن**
– فەرهەنگی زارەوەگەلی کاروباری مین( کوردی – ئینگلیزی)(ئینگلیزی– کوردی )، ب1، ئامادەکردنی جەمال جەلال حوسێن و دلێر سابیر ئیبراهیم، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2006، 80ل.
**جەلال مەحمود عەلی**
ـ ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، ب2، سلێمانی: وەزارەتی رۆشنبیری ـ سلێمانی، 1997، 148ل.
– ئیدیوم لە زمانی کوردیدا ، بەغدا: چاپخانەی حسام،1982، ل.
**جەمال جەلال**
ـ فەرهەنگی گیرفانی خاك (فارسی ـ کوردی)، مەحمود عەبدوللاّ و جەمال جەلال، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2005، 369ل.
**جکەر خوێن**
ـ فەرهەنگ کوردی ( کوردی– کوردی)،ب1، بەغدا: چاپخانەی ئیرشاد،1962، 320ل. ــ فەرهەنگ کوردی ( کوردی– کوردی)،ب2، بەغدا: چاپخانەی ئیرشاد،1962، 252ل.
**جیهان عومەر**
ــ گیرفانە فەرهەنگی زاراوەی زانستی کارگێری ، ، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم، 2004، 108ل.
**جۆیس بلو**
ــ فەرهەنگی (کوردی ـ ترکی ـ فەرەنسی ـ ئینگلیزی)، ئەستەمبول: (ب،چ)، 1991، 341ل.
– فەرهەنگی کوردی– فەرەنسی – ئینگلیزی، فەرەنسا : (ب.چ)، 1965، 263ل.
**(چ)**
**چەرکەزی بە کۆ**
ـ خەبەرناما کورمانجی ـ روسی، مۆسکۆ: (ب، چ)، 1957، 618ل.

**(ح)**

**حاجی جندی**

ـ خەبەرناما ژ فلّەیی ـ کرمانجی، ئەمینی ئەڤدالّ، حاجی جندی، ج ـ گینجو ڕەوان: (ب ،چ)، 1933، 330ل.

**حافظ قاضی**

ـ فەرهەنگا قازی (کوردی ـ عەرەبی) (عەرەبی ـ کوردی) هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2005، 469ل.

**حەسەن سەلاح (سۆران)**

– فەرهەنگی کوردی ـ فارسی، لەندەن: 1976.

**حەسیب ڕۆژبەیانی**

– فەرهەنگی پزیشکی سوێدی– کوردی ، حەسیب ڕۆژبەیانی و عەلی لەبڕێز، سوید: چاپخانەی ئاپێك، 1999، 98ل.

**حەمە سالّح فەرهادی**

ـ خەرمان ـ فەرهەنگێکی کشتوکالّی تایبەتمەندە (کوردی ـ عەرەبی)، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 1997، 125ل.

– چەپکێك لە زاراوەگەلی کشتوکالّ( کوردی– عەرەبی– ئینگلیزی)، حەمەسالّح فەرهادی، هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس، 2007، 144 ل.

**حەمە کەریم عارف**

– فەرهەنگی گۆڤەند و زنار ( فارسی– کوردی)( أ– س) هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2005، 706ل.

**حەمەی ئەحمەد ڕەسووڵ**

ـ فەرهەنگی هەندەران (ئیسپانی ـ کوردی)، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم، 2004، 403ل.– فەرهەنگی هۆلّاند( هۆلّەندی– کوردی)، سلێمانی: چاپخانەی گەنج،2004، 568ل.

**حەمید ئەبوبەکر ئەحمەد**

ـ فەرهەنگی وێنەدار بۆ منداڵان بە هەر چوار زمانی (ئینگلیزی ـ کوردی ـ عەرەبی ـ فارسی)، ب3، هەولێر: (ب،چ)، 1996، 48ل.

**حەمید یەزدانپەناه**

– فەرهەنگی لری،تاران: چاپخانەی فارۆس، 1964، 159ل.

**حسین فلاح پوو(زیلان)،**

ـ فرهنگ کردی ـ زانیارییا کوردی زبان محاورەی کورمانجی (بادینی) ( فارسی– کوردی)، ارومیه: مؤسسەء فرهنگی و انتشارات مان طائب، 1382 (2003)، 394ل.

**حوسێن غازی**

– فەرهەنگی سوێدی – کوردی، حوسێن غازی و هیوا کاردۆیی، ستۆکهۆڵم، (ب.چ)،1992، 309+64ل.

**(خ)**

**خاڵد خاڵ**

ـ فەرهەنگی شیر و شیرەمەنی (ئینگلیزی ـ عەرەبی ـ کوردی)، (عەرەبی ـ کوردی ـ ئینگلیزی)، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم، 2003، 141 + 144.

**خەلیل حەمە زیاد**

– فەرهەنگ و پێناسی زاراوەکانی شەریعەت و یاسا (عەرەبی خەلیل حەمە زیاد کوردی ـ ئینگلیزی) لەگەڵ خشتەیەکی پاشکۆیی زاراوەکان بە زمانی (عەرەبی ـ کوردی ـ ئینگلیزی ـ فەرەنسی)، ب1، زاراوەکانی بنەماکانی یاسا، خەلیل حەمە زیاد، سەرکەوت سلێمان، هەولێر: چاپخانەی منارە، 2001، 60ل.

**(د)**

**دەلیلۆ ئیزۆلی**

ـ فەرهەنگ کوردی ـ ترکی، ترکی ـ کوردی، نێدرلاند، (ب.چ)، 1987، 413ل.

دلێر سابیر ئیبراهیم

– فەرهەنگی زارەوەگەلی کاروباری مین( کوردی – ئینگلیزی)(ئینگلیزی– کوردی )، ب1، ئامادەکردنی جەمال جەلال حوسێن و دلێر سابیر ئیبراهیم، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2006، 80ل.

**(ڕ)**

**رزگار کەریم**

ـ فەرهەنگی ئاسان بۆ لێکدانەی وشە و زاراوەکانی قورئان لەگەڵ بە دەرخستنی هۆکاری دابەزینی ئایەتەکان، رزگار کەریم و ناسیح فەتاح، قم: چاپخانە اسوە،2004، 610ل.

ـ شایان ـ فەرهەنگێكی (كوردی ـ عەرەبی)یە، سلێمانی: (ب،چ)، 2004، 388ل.
– فەرهەنگی دەریا ( عەرەبی– كوردی)، ب1، ڕزگار كەریم، سلێمانی: چاپخانەی سیما، 2005، 389ل.
– فەرهەنگی دەریا ( عەرەبی– كوردی)، ب2، ڕزگار كەریم، سلێمانی: چاپخانەی سیما، 2005، 480+1697ل.
– فەرهەنگی ژیر( عەرەبی–كوردی) چ2، ڕزگار كەریم، سلێمانی : لە بلاّوكراوەكانی ناوەندی ڕۆشنبیر،2007، 908ل.

**ڕۆژان نوری عەبدوڵلا**

– فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی كوردی، ڕۆژان نوری عەبدولّلا، سلێمانی: چاپخانەی چاپ و بلاّوكردنەوەی چوارچرا،2007، 373ل،( لە زنجیرەی بلاّوكراوەكانی خانەی چاپ و بلاّوكردنەوەی چوارچرا، ز:98).

**ڕێباز جەمال عەبدول(د)**

ـ فەرهەنگی نما، فەرهەنگیكی تایبەتمەندە نزیكەی (3000) زاراوەی سیاسی ئابووری كارگێڕی گرتۆتە خۆ، (ئینگلیزی ـ عەرەبی ـ كوردی)، سلێمانی: چاپەمەنی دیلان، 2001، 137ل.

**(ز)**

**زاریێ یوسف**

ـ فەرهەنگی كوردی ـ ڕوسی، ق. كوردۆ، زاریێ یوسف، مۆسكۆ: (ب،چ) 1983، 752ل.

**زاهیر محەمەدی**

– فەرهەنگی سیاسی ئارەش، زاهیر محەمەدی و یاسین حاجی زادە، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2006، 781ل، ( لە بلاّوكراوەكانی چاپخانەی ڕۆژهەلاّت).

**(س)**

**س. ئا. یەگیزاریۆف**

– فەرهەنگی كوردی – ڕوسی،ڕوسی – كوردی،س. ئا. یەگیزاریۆف،ل.ق. زاگۆڕێسكی،تەفلیس:(ب.چ)،1891، 122ل.

**سابر گرد عازبانی**

ـ فەرهەنگی ئاری (کردی ـ کردی ـ عربی)، ب1، بغـداد: مطبعـة اسـعد، 1984، 223ل.

**سادق بەهائەددین ئامێدی**

ـ فەرهەنگی ئیدیومی کوردی (کوردی ـ کوردی ـ عەرەبی)یە، 1973، 162ل.

– ئیدیەمێت کـوردی، چ2، هـەولێر: چـاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، 2005، 227ل.

– گیانیّ مرۆڤیّ ـ فەرهەنگێکی (عـەرەبی ـ کـوردی)، بەغـدا: (ب، چ)، 1978، 55ل.

**سالّح محەمەد گەلاّلی**

ــ فەرهــەنگی سـەرەتایی (ئینگلیـزی ـ کـوردی ـ عـەرەبی) فۆنـەتیك،( و/ لـە ئینگلیزییەوە)، سلێمانی: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، 1999، 62ل.

**سەعید عەبدوللەتیف عەبدولکەریم (د)**

– فەرهــەنگی پزیــشکی ددان(ئینگلیــزی– کــوردی– عــەرەبی)، د. ســەعید عەبدوللـەتیف عەبدولکـەریم، سـلێمانی: چـاپخانەی چـاپو پەخـشی سـەردەم، 2007، 605ل، ( لە زنجیرە بلاّوکراوەکانی گۆڤاری زانستی سەردەم، ز: 14).

**سەرتیپ محەمەد قادر**

– 900 ووشەی بەسوود( کوردی– عەرەبی ئینکلیزی)،سەرتیپ محەمەد قادر و د. سەلاّح خۆشناو،لەندەن: (ب.چ)، 1989، 39ل.

**سەرکەوت سلێمان**

– فەرهــەنگ و پێناســی زاراوەکــانی شــەریعەت و یاســا (عــەرەبی ســەرکەوت سلێمان، ـ کوردی ـ ئینگلیزی) لەگەڵ خشتەیەکی پاشکۆیی زاراوەکان بە زمـانی (عــەرەبی ـ کــوردی ـ ئینگلیــزی ـ فەرەنــسی)،ب1، زاراوەکــانی بنــەماکانی یاسا،خەلیل حەمە زیاد،سەرکەوت سلێمان، هـەولێر:چـاپخانەی منـارە، 2001، 60ل.

**سەلاّح خۆشناو ( د)**

– 900 ووشەی بەسوود( کوردی– عەرەبی ئینکلیزی)،سەرتیپ محەمەد قادر و د. سەلاّح خۆشناو،لەندەن: (ب.چ)، 1989، 39ل.

**سەلاح ڕێبوار**

ـ فەرهەنگی سوێدی ـ کوردی، چ2، بژارکراو، سوید: (ب.چ)، 1989، 289ل.

**سەلاح سەعدوڵڵا**
- قاموسا سەلاحەدین (ئینگلیزی - کوردی (لاتینی)، چ2، ئەستنبول: ئەنیستوتی کوردی لە پاریس، 2000، 1477ل.
- قاموسا سەلاحەدین (ئینگلیزی - کوردی ) ، بەغدا: دار الحرية للطباعة، 1998، 1183ل.

**سەلام ناوخۆش**
- فەرهەنگی ئۆکسفۆرد (ئینگلیزی - کوردی)، هەولێر: لە بلاۆکراوەکانی نووسینگەی تەفسیر، 2002، 416ل.
- فەرهەنگی ئۆکسفۆردی نویٚ - فەرهەنگێکی ئینگلیزی - کوردییە، چ2، هەولێر: چاپخانەی منارە، 2003، 407ل.
- فەرهەنگی ئۆکسفۆردی نویٚ (ئینگلیزی - کوردی - کوردی - ئینگلیزییە)، چ3، هەولێر: چاپخانەی منارە، 2003، 303+383ل.
– فەرهەنگی ئۆکسفۆردی نویٚ فەرهەنگێکی کوردی - ئینگلیزییە (سۆرانی - بادینی - ئینگلیزی)، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، 2003، 303ل.
- فەرهەنگی گیرفانی ئۆکسفۆرد (ئینگلیزی - کوردی) هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر، 2003، 540ل.
- فەرهەنگی گیرفانی سیدرا (کوردی - عەرەبی - ئینگلیزی)، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2005، 288ل.
– فەرهەنگی دوانەی ئۆکسفۆرد ( ئینگلیزی– کوردی، کوردی– ئینگلیزی)چ5،، سلێمانی: لە بلاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، 2006، 418ل.
- فەرهەنگی گیرفانی ئۆکسفۆرد (ئینگلیزی - کوردی)، سلێمانی: لە بلاۆکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، 2004، 536ل.

**سەید ڤیرۆژ**
– فەرهەنگی ( کورمانجی– دیمیلی– ترکی، ترکی– دیمیلی – کورمانجی)، ئەستەنبۆل: وەشانی وار، 2003، 512ل.( بە پیتی لاتینی).

**سدیق زادە بۆرەکەیی**
– فەرهەنگی بۆرەکەیی (کردی– فارسی)ج1، تاران: ئینتشاراتی پلیکان ، 1380 ( 2001)، 1280.

– فەرهەنگی بۆرەکەیی (کردی– فارسی)ج2 ( دایره المعارف الکردی) ، تاران: ئینتشاراتی پلیکان ، 1380 ( 2001)، 1216.
ـ فەرهەنگی پەهلەوی ـ کوردی، تاران: چاپخانەی چیهر، 1971، 92ل.
ـ فەرهنگ کردی ـ پارس (ئاری)، ب1، تاران: چاپخانەی چیهر، 1968، 348ل.ـ فرهنگ کردی ـ پارس (ئاری)، ب2، تاران: چاپخانەی چیهر، 1969، 413ل.
ـ فەرهەنگی ماد (کوردی ـ فارسی)، ب2 (ب.ش)، ب،چ)، 1990، 208ل.
ـ فرهنگ ماد ـ کردی بە فارسی، جلد اول، (ء) ، تهران: مؤسسة مطبوعاتی عطائی، 1361 (1982)، 208ل.

**سمکۆ ئەپرام (ئیسماعیل ئەیوبی)**

ـ فەرهەنگ ناو واتای ئاواییەکان لە کوردستان، تهران: انتشارات تابش فرهنگ)، 1381 (2002،، 131ل.

**(ش)**

**شاکر فەتاح**

ـ فەرهەنگۆك ـ قاموسچەیەکی ئینگلیزیی ـ کوردی و کوردیی ـ ئینگلیزییە، رەواندوز: چاپخانەی زاری کرمانجی، 1934، 53ل.

**شەفیق قەزاز(د)**

ـ فەرهەنگی شارەزوور (کوردی ـ ئینگلیزی) هەولێر: دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس، 2000، 601ل.

**شەوکەت شیسماعیل حەسەن**

ـ فەرهەنگی کوردی ـ ئینگلیزی، وشە و زاراوەی هاوواتا، ب1 (ئـ)، بەغدا: دار الجماهیر للصحافه، 1989، 374ل.
– فەرهەنگی شوانی( کوردی– کوردی)، شەوکەت ئیسماعیل حەسەن، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2007، 930 ل،( لە زنجیرە بلاّوکراوەکانی نووسینگەی تەفسیر).

**شوکروللاّی بابان**

ـ فرهنگ (فارسی ـ کوردی) تهران: (ب،چ)، 1361 (1982)، 872ل.
ـ فەرهەنگی فارسی ـ کوردی، ئێران: (ب،چ)، 1982، 882ل.

– فـرهنگ بابـان ( فارسـی – کـردی )، یننـدج: ئینتـشاراتی کردسـتان،1383 (2004)، 422ل.

**شیرین**
– فەرهەنگی (ئینگلیزی– کرمـانجی– کرمـانجی– ئینگلیـزی) دیـالێکتی بـادینی ،ب1،چ2، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2005، 361ل .( بە تیپی لاتینی)

**شێخ مارفی نۆدێ**
ـ ئەحمـەدی ـ فەرهـەنگێکی کـوردی عـەرەبی یـە بـە شـیعر، ، چ1، روانـدوز: چاپخانەی زاری کرمانجی، 1927، 18ل.
ـ ئەحمـەدی ـ فەرهـەنگێکی کـوردی عـەرەبی یـە بـە شـیعر، چ2، سـلێمانی: چاپخانەی ژیان، 1935، 38ل.
ـ ئەحمەدی ـ فەرهەنگێکی کوردی عەرەبی یە بە شیعر، چ3، بەغدا: چـاپخانەی مەعاریف، 1950، 30ل.
– ئەحمەدی، چ4، هەولێر: چاپخانەی کوردستان، 2573ك،(1960)، 33ل.
شێخ محەمەدی خاڵ، ـ فەرهەنگی خاڵ، سلێمانی:چاپخانەی کامـەرانی،1976، 511ل.

**شێخ محەمەدی خاڵ**
– فەرهەنگی خاڵ( کوردی– کوردی) هەولێر: چـاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، 2005، 549ل.
ـ فەرهەنگی خاڵ، سلێمانی:چاپخانەی کامەرانی،1960، 380ل.
ـ فەرهەنگی خاڵ، سلێمانی:چاپخانەی کامەرانی،1964، 388ل.
ـ جزمـی یەکـەم لـە فەرهـەنگی خـاڵ، چ2، سـقز: کتابفروشـی محمـدی سـقز، 1367(1987)، 380ل.
ـ جزمـی دووەم لـە فەرهـەنگی خـاڵ، چ2، سـقز: کتابفروشـی محمـدی سـقز، 1366(1987)، 392ل.

ـ جزمـی سـێهەم لـە فەرهـەنگی خـاڵ، چ2، سـقز: کتابفروشـی محمـدی سـقز، 1366(1987)، 511ل.
ـ فەرهەنگی خاڵ، جزمی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی کامەران، 380ل.
(ض)
**ضياءالدين الخالدي المقدسي**
ـ الهديـة الحميديـة في اللغـة الكرديـة، لێکۆڵینـەوەی د. محمـد مـوکری، بـەیروت: 1975، 296ل.
(ع)
**عاصی فاتح وەیس**
ـ فەرهـەنگی وەرزشـی (ئینگلیـزی ـ کـوردی ـ عـەرەبی)، (عـەرەبی ـ کـوردی ـ ئینگلیزی)، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم، 2004، 130+128ل.
**عبدالرحمن امین زەبیحی**
ـ قاموس زمانی کوردی، ب1، بەغدا: چاپخانەی کـۆڕی زانیـاری کـورد، 1977، 246ل.
**عەباسی جەلیلیان**
– فەرهــەنگی باشــوور( کــوردی– فارســی)، هــەولێر: چــاپخانەی وەزارەتــی پەروەردە، 2005، 270ل.
**عبدالرحمن شرفکندی (هەژار)**
ـ فرهنگ کـردی ـ فارسـی هەنبانـە بۆرینـە (یـك جلـدی)، چ2، تهـران: انتـشارات سروش، 1376 (1997)، 1035ل.
ـ فرهنگی هەنبانە بۆرینە (کردی ـ فارسی) (يك جلدی)، چ2، تهـران، انتـشارات سروش، 1369 (1990)، 1035ل.
ـ فرهنگی هەنبانە بۆرینە (کردی ـ فارسی)، ب1،ج1، تهران: انتشارات سـروش، 1368 (1989)، 459ل.
ـ فرهنگی هەنبانە بۆرینە (کردی ـ فارسی) (يك جلـدی)، چ3، تهـران، انتـشارات سروش، 1381 (2002)، 1035ل.
**عەبدولڕەحمان محمدامین زەبیحی**
ـ قاموسی زمانی کوردی، بەرگی دووەم، (ب)، بەغدا: چاپخانەی کـۆڕی زانیـاری کورد، 1979، 230ل.

ـ قاموسی زمانی کوردی، بەرگی دووەم، (ب)، بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، 1979، 230ل.
– قاموسی زبانی کوردی، چ2، اورمیە: ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییوبی، 1367 (1988)، ب1+ب2 (472)ل.
**عەبدولستار فەتاح حەسەن**
ـ فەرهەنگا مامۆستای بۆ قۆناغا سەرەتایی ( کوردی– عەرەبی)، دانانا عەبدولستار فەتاح حەسەن و ئەنوەر محەمەد تاهیر، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2000، 632ل.
– فەرهەنگا فەرمانبەرا(عەرەبی–کوردی)، عەبدولستار فەتاح حەسەن و ئەنوەر محەمەد تاهیر، تەهران: نەشری ئیحسان، 2007، 221ل، ( لە بلاۆکراوەکانی پەرتوکخانەی جزیری).
**عەبدولسەتار تاهیر شەریف**
ـ قاموسی دەروونناسی (ئینگلیزی ـ عەرەبی ـ کوردی)، بەغدا: چاپخانەی علاء، 1985، 250ل.
**عەبدولقادر بەرزنجی**
– فەرهەنگی زانیاری – ئینسایکلۆبیدیای کوردی، سلێمانی: چاپخانەی ڕاپەڕین، 1971، 271ل.
**عەبدولقادر سالح**
ـ فەرهەنگی سەبا، کوردی ـ کوردی، (ب، ش)، (ب ، چ)، 2001، 32ل.
**عەبدوللا شالی**
– فەرهەنگی قوتابی ( ئینگلیزی– کوردی)،د. ئیحسان فوئاد، جەمال عەبدول، عەبدوللا شالی، محەمەدئەمین غەفور هەورەمانی، بەغدا: چاپخانەی دار افاق العربیة، 1985، 272ل.
**عەبدوڵلا غەفور(د)**
– فەرهەنگی جوگرافیای دانیشتوان( کوردی– عارەبی،عارەبی–کوردی)، د.عەبدوڵلا غەفور، دهۆك: چاپخانەی خانی،2007، 152ل،( لە زنجیرە بلاۆکراوەکانی دەزگای توێژینەوەو بلاۆکردنەوەی موکریانی،ز: 258).
**عەبدولوەهاب شێخانی**

– فەرهەنگی کات لە کوردەواریدا، عەبدولوەهاب شێخانی، هەولێر: چاپخانەی دارا، 2007، 215ل.، ( لە بڵاوکراوەکانی موزیك و کەلەپوری کوردی، ز: 20).
**عەبدولوەهاب کانەبی شەریف**
– فەرهەنگی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، سلێمانی: چاپخانەی ڕوون، 2005، 420ل.
**عەزیز ئەمیندارۆڤ**
ـ فەرهەنگی (کوردی ـ ئینگلیزی ، ئینگلیزی– کوردی)، نیۆرك: 1994، 313ل.
**عەلی ئەشرەف دەروێشیان**
ـ فەرهەنگی کوردی کرمانشاهی، تهران: انتشارات سهند، 1996، 434ل.
**عەلی عەبدوڵلا**
ـ گەنجینە فەرهەنگێکی (عەرەبی ـ کوردی)، بەغدا: چاپخانەی الحوادث، 1988، 192ل.
**عەلی لەبرێز**
– فەرهەنگی پزیشکی سوێدی– کوردی ، حەسیب ڕۆژبەیانی و عەلی لەبرێز، سوید: چاپخانەی ئاپێك، 1999، 98ل.
**عەلی نانەوازادە**
– فەرهەنگی هەرمان (کوردی بە کوردی)،( ئا– ب)،ب1، ، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2005، 511ل.
– فەرهەنگی هەرمان (کوردی بە کوردی)، ( پ–ت)،ب2، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2005، 470ل.
ـ فەرهەنگی هەرمان (کوردی ـ کوردی)، تهران: انتشارات توکلی، 1379 (2000)، 495ل.
ـ فەرهەنگی هەرمان (کوردی بە کوردی)، تاران: چاپخانەی تەوەکەلی، (1380 (1981)، 495ل.
**عزیز رشید عقراوی**
ـ الدلیل اللغوي الثلاثي، (کردی ـ عربی ـ انگلیزی)، 1980، 376ص.
**علی اکبر وقایع نطار**

ـ بديع اللغه، فرهنگ (كردی ـ فارسی)، علی اكبر وقايع نگار به كوشش محمد رئوف توكلی، تهران: چاپخانەی ارژنگ، 1369 (1990)، 223ل.

**علی سيدو گورانی**

ـ القاموس الكردی الحديث (كردی ـ عربی)، عمان: شركة الشرق الأوسط للطباعة، 1985، 670ص.

**عوبێد خدر**

– فەرهەنگی كۆمەڵناسی (كوردی ـ عەرەبی ـ ئینگلیزی)، عوبێد خدر، هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس، 2007، 83ل.

**عوسمان سەعید**

– فەرهەنگی فەرەنسی – كوردی– خوێندنەوەی وەشەكان بە كوردی ،چ1،، سلێمانی: چاپخانەی چوار چرا،2005، 191ل.

– فەرهەنگی فەرەنسی – كوردی– خوێندنەوەی وەشەكان بە كوردی ،چ2، سلێمانی: چاپخانەی چوار چرا،2006، 191ل.

**(ف)**

**فادیزوف ئیڤان**

ـ فەرهەنگا عروسا ـ كرمانجی، ئومار و ئیج، فادیزوف ئیڤان ،مۆسكۆ: (ب،چ)، 1957، 782ل.

**فارس سەعدی**

ـ زاراوەی فۆتۆگرافی (ئینگلیزی ـ كوردی)، هەولێر: كۆمەڵەی هونەر و وێژەی كوردی ـ مەڵبەندی گشتی، 2001، 59ل.

**فازیل نیزامەدین**

ـ ئەستێرەگەشە ـ فەرهەنگێكی كوردی ـ عەرەبی یە، چ2، بغداد: مطبعة الفنون، 1990، 565ل.

ـ فەرهەنگی شیرین (عەرەبی ـ كوردی)، ب2، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2002، 398ل.

ـ ئەستێرەگەشە (كوردی ـ عەرەبی) ، بەغدا: 1977، 770ل.

– فەرهەنگی شیرین چ3، (عەرەبی – كوردی)، سلێمانی: چاپخانەی شڤان، 2003، 845ل.

– فەرهــەنگی ئەستێرەگەشــە (کــوردی – عــەرەبی)، چ2، هــەولێر: چــاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2003، 574ل.
ـ فەرهەنگی شیرین (عەرەبی ـ کوردی)، ب1، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2001، 429ل.
ـ فەرهــەنگی ئەستێرەگەشــە (کــوردی ـ عــەرەبی)، چ2، هــەولێر: چــاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2003، 574ل.
ـ فەرهـەنگی شـیرین ـ چ3، (عـەرەبی ـ کـوردی)، سـلێمانی: چـاپخانەی شـڤان، 2003، 845ل.
**فەرەیدوون عەبدولستار (د)**
ـ فەرهەنگی ڤێترینەری (ئینگلیـزی ـ عـەرەبی ـ کـوردی)، (عـەرەبی ـ کـوردی ـ ئینگلیزی)، سلێمانی :دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،2003 106+107ل.( زنجیرەی گۆڤاری زانستی سەردەم: 7).
**فەرشید شەریفی**
– فەرهــەنگی زاراوەکـانی فەلـسەفە و زانـستە کۆمەڵایەتییـەکان ( ئینگلیـزی– فارسی– کوردی)، فەرشید شەریفی، سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2007، 364ل.
**فەریاد فازیل عەمەر**
– کتێبی فێرکردنی ئەلمانی – کوردی ( سۆرانی) ،چ2، بەرلین: (ب.چ)، 2000، 600ل.
– فەرهەنگا کوردی – ئەلمانی، بەرلین: (ب.چ)، 1992، 721ل.
– فەرهەنگی کوردی – ئەلمانی ( سۆرانی)، بەرلین: (ی.چ)، 2005، 1186ل.
**فەیسەڵ دەباغ**
ـ ئینسکلۆپیدیای ئابووری ـ لێکدانەوی زیـاتر لـە (2000) زاراوەی ئـابووری بـە کـوردی، (عــەرەبی ـ ئینگلیــزی ـ کــوردی)، هــەولێر: چـاپخانەی وەزارەتــی پەروەردە، 2001، 571ل.
**فوئاد بەکر ڕەشید**
– فەرهــەنگی فوئــاد (ئینگلیــزی – کــوردی)، ، سـلێمانی: چـاپخانەی کـارۆ، 2005، 568ل.
**فوئاد ڕەشید**

ـ فەرهـەنگی فوئـاد (ئینگلیـزی ـ کـوردی)، سـلێمانی: چـاپخانەی وەزارەتـی ڕۆشنبیری ـ سلێمانی: 2002، 592ل.

**فوئاد تاهیر سادق**

– فەرهەنگی یاریدەدەر( عەرەبی– کوردی–ئینگلیزی) ب1، فوئاد تاهیر سادق، سلێمانی: بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاَوکردنەوە، 2007، ل.

– فەرهەنگی یاریدەدەر( عەرەبی– کوردی–ئینگلیزی) ب2، فوئاد تاهیر سادق، سلێمانی: بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاَوکردنەوە، 2007، ل.

– فەرهەنگی یاریدەدەر( عەرەبی– کوردی–ئینگلیزی) ب3، فوئاد تاهیر سادق، سلێمانی: بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاَوکردنەوە، 2007، ل.

– فەرهەنگی یاریدەدەر( عەرەبی– کوردی–ئینگلیزی) ب4، فوئاد تاهیر سادق، سلێمانی: بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاَوکردنەوە، 2007، ل.

**(ڤ)**

**ڤ. نیکتین**

ـ فەرهەنگی جەنگی ڕوسی ـ کوردی، ورمێ: (ب،چ) 1916، 72ل.

**(ق)**

**ق. کوردۆ**

ـ فەرهەنگی کوردی ـ ڕوسی، ق. کوردۆ، زارێ یوسف، مۆسـکۆ: (ب،چ) 1983، 752ل.

**قادر فەتاحی قازی**

– حاشیە بەر فەرهەنگی مەهاباد، تەورێز: چاپخانەی شەفەق،1982، 64ل.

**قەناتی کوردۆ**

ـ فێرهینگا کوردی ـ ڕوسی، مۆسکۆ: (ب،چ)، 1960، 891ل.

**(ک)**

**کاردۆ**

– فەرهـەنگی زاروەی شـانۆیی(ئینگلیـزی– عـەرەبی– کـوردی)، (وەرگێـڕان و ئامادەکردن)، کەرکوك: چاپخانەی ئارابخا، 168،2006ل، ( لە بلاَوکراوەکـانی تیپی شانۆی ئاشتی،ز: 1).

**کامەران سوبحان**

ـ فەرهەنگی شانۆیی(ئینگلیزی ـ کوردی) سلێمانی:چاپخانەی تیشك، 2004، 200ل.( زنجیرەی ئینستیوتی کەلەپوری کورد: 7).

**کامیران بۆتی**

– فەرهەنگا کامیران(کوردی – کوردی )، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2005، 775ل .( به تیپی لاتینی)

**کەمال جەلال غەریب**

ـ پرۆژەی زاراوەی زانستی کوردی، ستۆکهۆلم، 1991، 149ل.

ـ فەرهەنگی ئەستێرەزانی (ئینگلیزی ـ عەرەبی کوردی)، (عەرەبی ـ کوردی ـ ئینگلیزی)، ئەکرەم قەرەداغی، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2004، 174+179ل.

ـ فەرهەنگی زانیاری (عەرەبی ـ ئینگلیزی ـ کوردی)، ب3، بەغدا: چاپخانەی المیناء ، 1983، 384ل.

ـ کەلە فەرهەنگی ڕوەکە ئابورییەکان، (کوردی ـ عەرەبی ـ لاتینی)، ستۆکهۆلم، 1994، 436ل.ـ کەلە فەرهەنگی گیاندارەکان، ستۆکهۆلم، 1994.

ــ کەمالنامە ـ فەرهەنگی زانستی عەرەبی ـ ئینگلیزی ـ کوردی، سلێمانی: چاپخانەی ڕێنوین، 2002، 1640+48ل.

– فەرهەنگی زانیاری ( عەرەبی– کوردی)، ب1، سلێمانی: چاپخانەی کامەرانی، 1974، 438ل.ـ فەرهەنگی زانیاری وێنەدار، (عەرەبی ـ ئینگلیسی ـ کوردی)، بەغداد: چاپخانەی اجیال، 1975، 102ل.

ـ کەلە فەرهەنگی ڕووەکە ئابوورییەکان بەتایبەتی لە کوردستاندا (کوردی ـ عەرەبی ـ ئینگلیزی)، کەمال جەلال غەریب، سوید، کتێبخانەی هەرزان، 2002، 432ل.

**کەمال غەمبار**

– فەرهەنگی گەورەی من، ئامادەکردن وەگێرانی د. کوردستان موکریانی، هەولێر: – زاروەی ڕاگەیاندن ( عەرەبی کوردی)، (ئامادەکردن) ، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2006، 96ل.

**کەمال مەزهەر (د)**

ـ زاراوەی کارگێڕی، (عەرەبی ـ کوردی)، بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، 1974، 169ل.

ـ زاراوەی کارگێری، دانان و لێدوانی ئەنجومەنی کۆڕ، پێشەکی و ڕێکخستنی ،چ2، بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، 1977، 116ل.
**کەمال میراوەدەلی (د)**
– فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، د. کەمال میراوەدەلی ، سلێمانی: لە بلاۆکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، 2007، 161ل.
**کوردستان موکریانی (د)**
– فەرهەنگی ڕوسی – کوردی ، د. کوردستان موکریانی بە هاوکاری کیدایتینیە، مۆسکۆ: (ب.چ)، 1977،ل.
– فەرهەنگی گەورەی من، ئامادەکردن وەگێرانی د. کوردستان موکریانی، هەولێر: – زاروەی ڕاگەیاندن ( عەرەبی کوردی)، ئامادەکردنی کەمال غەمبار، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2006، 96ل.
– یەکەم فەرهەنگی تۆ، بیتیی ڕووت، وەرگێڕانی لە هۆلەندییەوە د. کوردستان موکریانی،هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس، 2007، 83 ل.
– فەرهەنگی هەراشان کوردی– کوردی، د. کوردستان موکریانی و ئەوانی تر، هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس، 2007، 336ل.
**کیدایتینیە**
– فەرهەنگی ڕوسی – کوردی ، د. کوردستان موکریانی بە هاوکاری کیدایتینیە، مۆسکۆ: (ب.چ)، 1977،ل.
**(گ)**
**گیو موکریانی**
ـ فەرهەنگی نۆبەرە، ب2، هەولێر: چاپخانەی التعلیم العالی، 1990، 396ل.
ـ الباکورة ـ قاموس مدرسي باللغتين العربية و الكردية، ج1، حرف (أ ـ ت)، بغداد: مطبعة الحوادث، 1986، 404ل.
ـ المرشد ـ قاموس مدرسی فی اللغتین الغربیە و الكردیە، ڕابەر ـ فەرهەنگێکی قوتابخانەیی عارەبی و کوردییە، هەولێر: چاپخانەی کوردستان، 1950، 400ل.
ـــ فەرهەنگی مەهاباد ـ فەرهەنگێکی قوتابخانەیی کوردی آرەوییە، هەولێر:چاپخانەی کوردستان، 2573ك(1961)، 795ل.

– فەرهەنگی نۆبەرە( عارەبی– کوردی) هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2005، 451ل.

ـ کۆڵکە زێرینە (کوردی ـ فارسی ـ عەرەبی ـ فەرەنسی ـ ئینگلیزی)، هەولێر: چاپخانەی کوردستان، 1966، 240ل.

ــ فەرهەنگی کوردستان (کوردی ـ کوردی)، هەولێر: دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، 1999، 940ل.

**(ل)**

**ل.ق. زاگۆڕێسکی**

– فەرهەنگی کوردی – ڕوسی ، ڕوسی – کوردی، س. ئا. یەگیزاریۆف، ل.ق. زاگۆڕێسکی، تەفلیس: (ب.چ)، 1891، 122ل.

**(م)**

**م. س. کارا**

ـ فەرهنگ فارسی ـ کوردی (وشەژێر ـ واژەگزاد) سنندج: چاپخانەی تعاونی 42 سنندج، 1341 (1982)، 348ل.

ــ ژورەزاری (کار) زازەکی زانەیی سەرهەمی زارین کوردی، تەلغی فارسی و ئیسپرانتو فراگویش (کار)، (کوردی ـ فارسی (فارسی ـ کوردی)، سنندج: چاپ تعاونی 2م سنندج، 1363، (1984)

**ماریزۆ گارزۆنی**

– ڕیزمان وشەی زمانی کوردی فەرهەنگێکی ئیتالیایی کوردییە، ڕۆما، 1787، 288ل.

**مایکل چایت**

– فەرهەنگا کورمانجی – ئینگلیزی، ئەمەریکا: زانکۆی یەیلی، 2003، 847ل.

**مەحمود زامدار**

